ڕۆگەی دوور و سەخت و قاقەی وەرگەران

وتووژی تایبەتی حەوتەنامەی سیروان لەگەڵ وەرگێڕی بووارە فەلسەفە، سەعید کاکی

کاوان محەمەدپوور|

هەر وەک خۆی هایەک لە دانیشتنەکدا باسی کرد، "وەختێ بە یەکەم جار چاوم بە (مۆژووی فەلسەفەی هاتلەج) کەوت، بەڕاست لەی تێقیم!!"، ئەم تێقان و ترسی سەعید کاکی ڕەنگە لە نەستی بەکەمەی(ناخودگاە جمعی) نووسەر و وەرگێڕی کوردەوە سەرچاوە بگرێت. واتە تێقان و دڵەڕاوکە لە ڕەگەیەکی "دوور و سەخت و قاقە" بەناوی وەرگێڕانی کوردی. ڕەنگە هیچکەس نکۆڵی لەوە نەکا کە وەرگێڕانی-ئەویش وەگەڕانی دەقی فەلسەفی بە کوردی- کارێکی لە هادەبەدەر دژوارە، نەبوونی بنکە و داموودەزگای شیاو، نەبوونی
پشتیوانی زانستی و پێگەیەک و پلەوپایەک بە وەرگێڕ کە پشتی پێوە ببەستێ تەنیا سووچێ لەم ڕەگە دژوارەیە.

سەعید کاکی ئەم ڕەگەیەی تا هادەیەک بڕیوە و بە وتەی خۆی وەک (مارکە پۆلۆ) ئەم سەراوسێری کەماری جیهانی فەلسەفەی بە چەندین ساڵ پێواوە، لە گەڕانەوەشدا گرینگترین سەرچاوەی مۆژووی فەلسەفەی بە دیاری هێناوە، یان باشترە بڵێن، ئەم سەفەرەی بەزمانی کوردی بە ئەمە گەڕاوەتەوە، بەڵام نە لە زمانی خۆیەوە بەکوو لە زمانی فەیلەسووفە جیهانییەکانەوە، واتە بە کوردی پێمان دەڵێت: فەیلەسووفە جیهانییەکان چۆن باس لە فەلسەفە و چەمکەکانی دەکەن. ئەم گەڕانەوە و وەرگێڕانی سەعید کاکی لانیکەم کەمە لە دەڵاوکەی دەخەکە کەم دەکاتەوە و ئەمە دەتوانین بڵێن سەرچاوەیەکی سەرەکیمان بە کوردی لە فەلسەفەی جیهانی هەیە و پێی دەخۆش بین و بیکەینە پێگەیەک بە نووسین و وەرگێڕانەکانیتر، پێوەرێک بە ئەندێشە و بەرنامەکانی دواتر و هەوە بدەین پرسیاریتر لە پێناو بەرسازکردنی جیهانێکی نوە لە کەمەگای کوردیدا بدەزینەوە.

سەعید کاکی خۆکی یەکە لە گوندە خۆشکانی شاری (سەقز)ە و ماستەری فەلسەفەی هەیە. چەند ساڵ وەک مامۆستای فەلسەفە لە زانکەکانی هەرەمی کوردستان بووە و جگە لە وەرگێڕانی دە بەرگی (مۆژووی

فەلسەفەی ڕاتلەج)، چەند وەرگێڕانێکی لەسەر ئەمانوێل کانت، فەلسەفەی ئەخلاق و هەروەها فەلسەفەی هاوچەرخ هەیە. یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی سەعید کاکی ماندوونەناسی و بەردەوام بوونییەتی، ئەوەندە "ماندوونەناس" کە ئەگەر لە نزیکەوە بیناسی یان بێت باس کا چەن کار دەکا، سەرت سووڕ دەمێنێت!، بەڵام هەرکەزانی تووشی سەرسووڕمان بوویت، خەڕا بە قسەیەکی نەستەق و بەدەم پێکەنینەوە، تێتدەگەیەنێ: "لە ڕاستیدا کار کردن وەهایە و ئەمە لەبیرمان چێتەوە کەواتە سەرسووڕمانی ناوێت". بە ئاشنایی زیاتر لەگەڵ دەخی گشتی وەرگێڕانی دەقی فەلسەفی بە کوردی و هەروەها وەرگێڕانەکانی بەرزیان، وتووێژکمان لە حەوتنامەی سیروان لەگەڵ ئەم وەرگێڕە ساز کردوە کە دەتوانن لە درێژدا بیخوێنەوە.

***مەژوو و ڕەوتی وەرگێڕان بە کوردی وەک زەربەی چەمکە ڕەشنبیرییەکانی کورد، لەسەر خان و سەقامگیکی تایبەت نەبووە، واتە خەی وەرگێڕ بە هەوە و تێکۆشانی تاکەکەسی و، بە پشت بەستن بە توانستەکانی تاکییەوە، کاری وەرگێڕانی کردووە. بەڵای بەڕزتان هەی نەبوونی وەها ڕەوتێکی سەقامگیر و بەردەوام لەناو کورد-دا دەگەڕێتەوە سەر چی؟**

کەمەڵێك هەکاری هەیە، نەبوونی زانکۆ و ناوەندی ئاکادیمیکی و بەگشتی نەبوونی زانستە مرۆییەکانە. هێندە بەهای پێنادرێت. وەرگێڕان بۆیە بووە بە ئیشێکی تاکەکەسی زەربەی لقەکانی زانستە مرۆییەکان بوونیان نییە تا خوێندکاری فەلسەفە یان بووارەکانی دیکە پەروەردە بکات. لە وڵاتانی ئەمە هێشتا زانستە مرۆییەکان لە دایك نەبووە، زانکۆش ناوەندێك نییە مەعریفە بەرهەم بهێنێت، سەیرکی زانکۆی کەمبریج و ئۆکسفۆرد و زانکۆکانی دیکە بکە جگە لەوەی زەربەی لقەکانی زانستە مرۆییەکانیان هەیە، بە خۆشیان داموەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەیان هەیە و بە بەردەوامی کاری لێکۆڵینەوە دەکرێت.
بۆیە زانکۆ و ناوەندی بڵاوکردنەوە و سیمینار و گۆڤاری زانستی بەهێزیان هەیە، تەمەنی هەندێك لە گۆڤارەکان سەدسالی تێپەڕاندووە! لایەنکی دیکەش ئازادییە، زانستە مرۆییەکان پێویستی بە کەمەگەیەکی کراوە هەیە، بە ئەوەی مرۆڤەکان سەربەستانە بیر بکەنەوە. بەنموونە سەدەی هەژدە بەم دروشمەوە دەستیپێکرد و ئێستەش وتەیەکی مەزنە کەسێکی وەکوو کانت وتبووی (بوێرە بیر بکەوە). هەر بۆیە لە نەبوونی ئەم گرفتانەیە وەرگێڕان دەبێ بە کاری تاکەکەسی و

هەوڵی تاکەکەسی. تەنانەت ناوەندی وەها بەهێزیش نییە وەرگێڕ پەروەردە بکات.

***ئێگەر ئاوەڕک لەم مۆژووە پچڕپچڕە بدەینەوە، یەکەم ئەزموونکانی وەرگێڕانی دەقی فەلسەفی بە کوردی دێگاتەوە کەی و زیاتر لەسەر چ پاژێکی فەلسەفە وەستاوە؟**

کورد لە بواری وەرگێڕانی دەقی فەلسەفی، ئەزموونێکی ئەوتۆی نەبووە، چل ساڵ تێناپەڕێنێت. لە حەفتاکانی زاینی د.حەمید عەزیز مۆژووی فەلسەفەی لە زمانی ئاڵمانییەوە کردبوو بە کوردی و چەند تێکستێکی فەلسەفی کانتی کردووەتەوە بە کوردی. لەم دواییاندا د.محەمەد کەماڵ دەستی دایە وەرگێڕانی زۆربەی دەقە فەلسەفییەکان بە زمانی کوردی. بەڵام کورد ئەزموونێکی کرچوکاڵی لە بواری وەرگێڕانی دەقە فەلسەفییەکان بە زمانی کوردی هەیە.

لە لایەکیتریشەوە کەمەڵك دەق کراوە بە کوردی وەکوو میتافیزیکی ئەرستۆ، کەماری ئەفلاتوون، یان کەبەرهەمەکانی ئەفلاتوون لە لایەن ئاوات ئەحمەد سوڵتان لە ئینگلیزییەوە کراوە. بوون و کاتی هایدیگەر، بوون و نەبووی سارتەر، فینۆمینۆلۆجی ڕۆحی هێگڵ، ڕەخنەی عەقڵی پەتی و کردەکی کانت لە ئاڵمانییەوە لە لایەن سەران حەمە. ڕەوشتی سپینۆزا لە ئاڵمانییەوە لە لایەن شاهۆ عوسمان..... جگە لەوانەش، حەمید عەزیز کەمەڵ کاری لە زمانی ئاڵمانییەوە کردوو بە کوردی. هەندێك کاریش لە زمانی یۆنانییەوە کراوە بە کوردی و جگە لەمانەش لەزمانی فەڕەنسییەوە کار کراوە، دەلێز و فێکە کاریان کراوە بە کوردی. لە زمانی عەرەبییەوە بە لێشاو مۆژووی فەلسەفە و سەرچاوەی عەرەبی لە بواری فەلسەفە لەم (١٥) ساڵەدا لە هەرێمی کوردستان کراون بە کوردی. لە بواری فیزیا و زیندەوەرناسی و ئاڵمانە گەورەکانی دونیا کاری نایاب زۆر کراون بە کوردی، بەهۆی ئاوەی لە هەرێمی کوردستان سانسۆڵە لەسەر کتێب نییە، وەرگێڕ و نووسەر ئازادن لە نووسین و وەرگێڕانەکانیان.

***ئێنگڵیزەکێك لە باس هەرێ سەرکییەکانی وەرگێڕانی فەلسەفە بە کوردی، باس لە توانا و توانستی زمانی کوردی بێت. هەر وەک دەزانن بە گشتی دوو بووچوونمان لەم بارەوە هەیە، دەستێیەک دەڵێن فەلسەفە- بە تایبەت لەپاژە مەدەنەکەی-ئەستەم و دژوارە بە کوردی بنووسرێت یان وەرگێڕدرێتەوە، (لەم دەستێیە هەمانە دەڵێت دژوار نییە بەڵکوو هەر ناکرێت)، دووەم دەستە، بە پاشتی زاراوگەل و بن زاراوەکانی کوردی بپێچوانەوە بیر دەکەنەوە و دەڵێن بکار کردنی**

بەردەوام لەسەر ئەم زمانە وەها کارێک دەرێت. ئەو خەتان ئەم باسە چۆن تاوتوێ دەکەن؟

لە وەڵامی ئەم پرسیارە باشتر وایە لە ئەزموونی گەلانی دیکە کەڵکوەربگرین. سەردەمانێك ئەوروپییەکان بە زمانی لاتینی و فەلەسەفییەکانی نییە، زیاتر خۆ دەربازکردن لە بەرپرسیارییە لە ئاستی زمانی کوردی. تەمەڵی و خۆ دزینەوە لە کاری وەرگێڕانی وەهای کردووە بڕۆن زمانی کوردی توانای نییە. زمان دەسکردی مرۆڤە، زمانی هەڵە و کامڵ بوونی نییە.
زمان بە بیرکردنەوەی بەردەوام گەشە دەکات. زمانێك کە جگە لە هەندێك شێعر و حەقایەت تەنەپەیوە و لە بازنەیەکی داخراو بە بڕ داهێنان دەسووڕتەوە، چۆن دەتوانێ خاوەنی داهێنان بێت. زمانی کوردی دەتوانێ لە پتانسیێلەکەی خۆی کەڵکوەربگرێت. زمانی کوردی بە هۆی ئەوەی کە بن زاراوەی زۆرە، گەر لە سەرانیدا کەمی بێنیت، دەتوانێ لە کرمانجی ژوور و خوارو کەڵک وەربگرێت. وەرگێڕان جگە لەوەی کە پێویستی بە باکگراوەندی زانستی هەیە، ئەزموونی بەردەوامیشە. هەندێك چەمك و دەستە وشە هەیە لە زمانەکانی دیکە، ئەزموونی ئەوانە و تایبەت بەوانە، زۆر جار وەرگێڕ ناتوانێ وشە بە وەشە بیگوازێتەوە، پێویستە بە بڕ دەسکاری بیگوازێنەوە ناو زمانی خۆمان و دواتر شەرحی بکەین، بەمە دەوترێت قەرزکردنی وشە لە زمانی یەکەم بڕ زمانی مەبەست. زۆر جاریش دەکرێ بە شێوەی تێگەیشتنی وەرگێڕان بکەین. لێرەدا وەرگێڕ زیاتر لە گەشتیارێك دەچێت کە دەیەوێ دوو کولتووری نامۆ لە یەکتر، پێکەوە بناسێنێت. هاوشێوەی مارکۆپۆلۆیە!.

***ئەو باسە بۆ ئەمە دەڵێت وەرگێڕان یەکێك لە گرینگترین باسکانێ بۆ تێکڕا بوون لەگەڵ پرسیارگەلی جیهانی، بەڵام بۆتنیا وەرگێڕان ناتوانێ شۆڕشگێڕی ئەمە (وەکوو کورد) لە ئەندێشەی جیهانیدا دیاری بکا. بەڵای ئەوە چۆن دەتوانین ئەم ئەندێشەیە لە لایەن وەرگێڕانەوە بۆ ئەمە دەت، لەگەڵ کەلتوور و فەرهەنگی جیاوازیمان لەگەڵ خۆین و لانیکەم لە هەوڵی دەرکەوتکی نوێ بۆ خۆمان بین؟ دەرکەوتێك کە گشت پاژکانی زانستێ مرۆییکان بگرێتەوە؟ واتە پێویستمان بچی هۆیە تا سیاست و فەلسەفە و ماف و زانست و پرسیاری نوێ بەرهەم بێنین؟**

پرسیارەکە بەڵك ئاماژە، من لە چەمکی ئەندێشەی جیهانی تێناگەم!

وەرگێڕان نووسەر پێویست بەوە ناکات بیر لە ئەندێشەی جیهانی بکاتەوە.
زۆربەی دەقە زانستییەکانی دونیا بە ئینگلیزی دەنووسرێت، باشتر وایە کورد هەوڵی ئەوە بدات سەد ساڵ کاری وەرگێڕان بکات، بۆ دووبارەمەندکردنی مەعریفەی خۆی بەزمانی ئینگلیزیش بنووسێت. بە هۆی فرەلایەنی پرسیارەکە، وەڵامدانەوەشی بۆ چوونێکی گەلێک زەحمەتە. بە لۆجیکی شیکاری پرسیارەکە لێک بدەینەوە پرسیاری یەکەم لەگەڵ پرسیاری کۆتایی یەکناگرێتەوە. ئێمە دەبێ تا ئەو جێگەی دەکرێت وەرگێڕان و نووسەرانێک پەروەردە بکەین، زۆربەی زمانە زیندووەکانی دونیا فێر بکرێن و بە نووسین و وەرگێڕان زمانەکەی خۆیان دووبارەمەند بکەن. ئەم کارە کاتبەرە. زۆربەی ئەم کارانە لە ڕێگەی ناوەندی ئاکادیمیکی زانستییەوە دەکرێت، بتوانێ لەگەڵ زانکۆ گەورەکانی دونیا پەیوەندی ساز بکات و بتوانێ لە ئەزموونی ئەوان کەڵکوەربگرێت. لە بواری زانست و سیاسەت و فەلسەفە و ئەدەبیات و..... ئەروپییەکان ئەزموونێکی (٢٥٠٠) ساڵەیان هەیە و زیاتر لە چەندین زمانی زانستییان هەیە. بەڵام ئێمە ئەو ئەزموونەمان نییە، سەدان ساڵی دەوێ! هەمووی ئەمانە بە سیستەم دەکرێت و بە هەوڵی تاکە کەسی ناکرێت!.

***با بینەرسەر ئەزموونەکانی بەڕێزتان لەسەر وەرگێڕان، ئەو جیا لەکاری بەرخی (مێژووی فەلسەفەی ئاتلانتج) و چەند کتێبی تر، لە هەوڵی تەرجەمەی (مێژووی فەلسەفە)ی کاپلستۆن بوون، ئەوەندەی بیرم بێت، چەند بەرگیشتان لە تەرجەمە کردووە. کاپلستۆن جیا لە فیلسووف، قەشەیەکی کاتلیک بووە و بە گوێرەی کارناسان ڕاستی ئاینی بەسەر ناوەڕۆکی کتێبەکەیەوە دیارە، بەڵام (مێژووی فەلسفەی ئاتلانتج) وەها نییە. ئایا بە وەرگێڕانی کوردی وەهای بەناچن کە کارەکەی کاپلستۆن سانا و ساکارتر بێت؟ ئەگەر دەکرێ جیاوازی وەرگێڕانی ئێم دووانەمان بە باس بکەن.**

ئەم پرسیارە ڕێک پەیوەندی بە کارەکەی منەوە هەیە و وەکوو پرسیاری پێشوو نییە، کاری تیمێکی شارەزایە وەڵامی ئەوەی پێشوو بدەنەوە!.
کاتێک بکالریۆس(لیسانس) بووم عاشقی مێژووی فەلسەفە بووم، لام وابوو مێژوو بۆ ئێمە و بەتایبەتی مێژووی فەلسەفە ڕێگەیەکە بۆ دەسپێکی بیرکردنەوە و ناساندنی مێشکە گەورەکانی مێژوو، ئەوەی کە بۆ چ شۆڕشێک بیریانکردووەتەوە و کولتوورسازبوون و کۆمەڵگایەکی عەقڵانییان ساز کردووە. مێژووی فەلسەفە چۆنیەتی پرسیارەکان و کێشەی فەیلەسووفەکانمان بۆ ڕوون دەکاتەوە و پرسیارمان بۆ ساز

دەکات. بۆچی ئەمە بیرمان نەکردۆتەوە؟ کێشەکانی ئەمە چییە؟. من بەم شێوەیە مێژووی فەلسەفەم خوێندووەتەوە. مێژووی فەلسەفەکان زۆر و زەوەندەن و هەرکامیان تایبەتمەندی خۆیان هەیە، لە بیرمان نەچێ مێژووی فەلسەفە لقێك لە فەلسەفەیە و زۆربەی وڵاتانی دونیا فەلسەفەکەیان بە هۆز دەخوێنرێت.
لە پێشدا (مێژووی فەلسەفە)ی ئاسل-م خوێندەوە، کتێبێکی زمانێکی سادە و خۆشی هەیە، بەڵام زۆر زانستی نییە، هۆکارەکەش ئەوەیە ئاسل زۆر کەسی بە فەیلەسووف نەزانیوە و داوەرییەکی باشی نەکردووە. چونکە ئاسل سەربە ئەتۆمیزمی لۆجیکییە، وەکوو لقێك لە فەلسەفەی شیکاری،ئەو کەسانی وەک شێپنهاوەر و هایدیگەری بە فەیلەسووف نەزانیوە! دواتر (مێژووی فەلسەفە)ی مستەفا مەلەکیان-م خوێندەوە، ئەویش زۆر زانستی نەبوو، تەنیا لاپەڕەیەکی لەسەر هیگڵ نووسیبوو!!، هەڵبەت بێ سەرچاوەناسی و شیکردنەوەی هەندێك فەیلەسووف باش بوو، بەڵام بە گشتی ئاستی نزمە. دواتر (مێژووی فەلسەفە)ی ئیمیل برەیە-م خوێندەوە، مێژووی فەلسەفەیەکی فەڕەنسەییە و زۆر بە باشی نووسراوە و بە پێی سەدە نووسراوە و دوو بەرگی فەلسەفەی یۆنانە، بەرگێکی سەدەی ناوەڕاستە و سەدەی ١٧ و ١٨ و ١٩ و ٢٠ لە لایەن کەسانی زۆر پسپۆر کراوە بە فارسی. خوێنەر دەتوانێ سوودی لێ وەربگرێت. برەییە(Émile Bréhier) بێ خێی فەیلەسووف بووە و مێژووی فەلسەفەیەکی زانستی نووسیوە. لە دونیای ئینگلیزی زمان مێژووی فەلسەفە بە شێوازی جۆربەجۆر نووسراون.

مێژووی فەلسەفەی سەدەی بیستەم یان مێژووی فەلسەفەی نوێ...، بەڵام لە ناو مێژوو فەلسەفەکان ئەوەی ناوبانگی دەرکردەوە (مێژووی فەلسەفە)ی فریدریك کاپلستۆنە لە (١١) بەرگدا کۆکراوەتەوە. کاپلستۆن لە لایەن کڵێساوە ئادەسپێردرێت مێژووێك بنووسێت بێ ئەوەی قشەکان ئاگایان لە زانست و مەعریفەی سەردەمی خۆیان بێت و لە مەعریفە دوور نەکەونەوە. ئەم مێژووە لە ئۆراندا، لە نێ بەرگدا بڵاو کراوەتەوە. بەرگی (١٠) زۆر دەمکەیە کراوە بە فارسی و لە بازاڕدا نەماوە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە وایان دەزانی هەر ئەم نێ بەرگەیە!.

من لە وەختی خۆیدا ئەو دەبەرگەم هەموو ساڵێك جارێك دەخوێندەوە هەندێك لە بەرگەکانم لەگەڵ ئینگلیزییەکەی بەراورد دەکرد. کەسانی شارەزا وەریانگێڕاوەتەوە. بیست ساڵی پێچوو کراوە بە فارسی!، تایبەتمەندی ئەوەیە، چڕوپڕتر لە برەییە و مێژووەکانی دیکە نووسراوە و دیارە کاپلستۆن زانیاری قووڵی لەسەر مێژووی فەلسەفە

بووە. گەر سەرنجی بدەیت دەزانی کاپلستۆن بەرگێکی بۆ یۆنان تەرخانکردووە! بەڵام دوو بەرگی لەسەر سەدەی ناوەڕاست نووسیوە، ئەمەی فەلسەفە نییە و لاهووتە[تیۆلۆجیە].
بەرگی (٤، ٥، ٦، ٨) زۆر بە باشی نووسراوە و قووڵ نووسیویەتی، بەشی (کانت)ەکەی تایبەت نووسیوە و سەرچاوە ناسییەکی بە پێزی هەیە و دیارە زۆری پێوەی ماندوو بووە. بەڵام بەرگەکانی دیکەی هێندە بە چێوپێی نەنووسیوە، فەلسەفەی ئاڵمان و یۆنان و فەلسەفەی هاوچەرخەکەی چێوپێ نین. لە بەرگی (٨) بڕتراند ڕاسڵی بە باشی لێکداوەتەوە و ڕاسۆخی دانیپێدا ناوە.

من دوای چەندین جار خوێندنەوەی ئەم مێژووانە سەرنجی تێبینییەکانم دەدا، ئەوانەی هەخنەگر بوون یان ئەوەی دواتر کاپلستۆن خۆی باسی دەکات. لە پێشەکی بەرگی یەک (فەلسەفەی یۆنان و ڕۆم) کاپلستۆن دەڵێ، "نووسەر دەبێت بە نووسینی فەلسەفە بیروبۆچوونی خۆشی دەربببڕێت"، بەیە پرسیارەکان لەم مێژووی فەلسەفانەدا، پرسیاری فەلسەفی نین، زیاتر پرسیاری کەسێکی ئایینییە!. زیاتر کەکەڵە و دەڕاوکێی خۆیەتی وەکوو قشەیەك نەك فەیلەسووفێك، بەیە پرسیارە ئایینەکانی ئەو سەبەر بەسەر پرسیارە فەلسەفییەکان دەکۆشێت و زۆرجار لە تەوەرە فەلسەفییەکان دەرباز دەبێت و دەق بە لاڕێدا دەبات. دواتر کاپلستۆن دان بەم هەڵەیەی خۆی دەنێت و دەڵێ "نووسەر نابێ بۆچوونی خۆی لە نووسراوەکاندا بەکار بێنێت".
جگە لەم مێژووانە، کەمەڵێك مێژووی فەلسەفەی دیکە هەیە کە بەشوازی بابەتی نووسراون، واتە لە بابەتەکانەوە دەچنە ناو مێژووی فەلسەفە، یەکێکیان (مێژووی فەلسەفە)ی کەمبریجە، کە زۆر تایبەتە. مەبەست لە بابەتی ئەوەیە، فەلسەفەی یۆنانیان بەم شێوەیە نووسراوە، ئاکار، لۆجیك، سیاسەت، هونەر، تیۆرییناسین، میتافیزیك لە یۆنان و بەم شێوەیە سەدەکانی دیکەیان لێکداوەتەوە و مێژووی فەلسەفە لە نووسینی ئانتۆنی کێنی بە شێوەی مێژووی فەلسەفەی کەمبریج نووسراوە، بابەت پێوەرە و فەیلەسووف پێوەر نییە.

بینەوە سەر مێژووی فەلسەفەی کاپلستۆن! کاتێك دەستم دایە مێژووی فەلسەفەکە بەیار بوو وەکوو گرێبەستێك لە لایەن زانکۆی سەلاحەدین(هەولێر) وەریبگرمەوە و بۆ ئەمەش ماماستا (ڕێبوار سیوەیلی) دەسپێشخەر بوو، لە ڕاستیدا پێشنیارەکە لە لایەن ئەوەوە بوو. بەڵام هەندێك لە مامستاکان پشتگیریان نەکرد!. لەو ماوەیەدا سەرقاڵی وانە وتنەوە بووم، سەرچاوەکانم زۆربەیان خوێندبوو و دەمزانی کامە سەرچاوە بۆ وەرگێڕان باشە. مێژووی

فەلسەفەی ئاتلانتیک لەو کاتەدا دوو بەرگی لە لایەن دەزگای چشمە کرابوو بە فارسی. دواتر دەزگای حکمەت دەستیانکرد بە وەرگێڕانی. من هەر دوو وەرگێڕانەکانم هەبوو و تەنانەت سەرچاوە ئینگلیزییەکەشی لەبەردەستدا بوو. کاتێک بەرگی (١٠)ی ئاتلانتیک کرا بە فارسی خوێندمەوە و بە باشم زانی بیکەمەوە بە کوردی.

تایبەتمەندی ئەم مۆزووانە بە بەراورد لەگەڵ مۆزووەکانی دیکە ئەوە بوو لە ساڵی (١٩٨٠) دەسکرابوو بە نووسینی و بە شێوەی تیمی کاری لەسەر کرابوو. دووبەرگی لەسەر فەلسەفەی یۆنان بوو و هەر بەرگێکی لانیکەم لایەن دە کەسایەتی شارەزا و و پسپۆڕی یۆنانی نووسراوە و نووسراوەکان لە لایەن دوو ئیدیتۆری سەرەکی زنجیرەکە هەڵچنی کراوە و هەرکامیان بە خۆیان فەیلەسووفن و خاوەن کەمەڵێک بەرهەمی فەلسەفی نایابن، ئەو دوو ئیدیتۆرە، (شانکەر) فەیلەسووفی زانست و (پارکینسۆن) پسپۆڕی فەلسەفەی سپینۆزا و نووسەری ئینسکلۆپیدیای فەلسەفەیە. ئەم نووسراوانە لە کۆتایدا لە لایەن هەڵچنی سەرەکی و بەناویی ئەو پێشەکی بۆ نووسراوە.

هەڵچنی سەرەکی بەرگی یەکەم (سی.سی تایلەر)، پڕۆفیسۆری خانەنشینی فەلسەفەی یۆنان لە ئۆکسفۆردە. جگە لەوەش پێشەکی بۆ هەموو بەرگەکان نووسراوە و بە پێچەوانەی مۆزووەکانی دیکە بۆ هەر بەرگێک کۆمەڵناڵجی دانراوە و هەموو ووداوەکانی ئەو سەدەیە بۆ کورتی تێمارکراوە!. جگە لەوەش بۆ هەموو بەرگەکان فەرهەنگێکی شیکارانەی فەلسەفی دانراوە. شێوازی نووسینەکانیش وەهایە هەر نووسەرێک لە ناو دەقەکانی یۆنان بە لێکدانەوە لە بڕچوونی فەیلەسووفەکان، بڕچوونە فەلسەفییەکانی لەگەڵ ئەم سەردەمە بەراورد کردووە. خۆنەر تێدەگەیەنێ فەلسەفەی ئەفلاتوون، ئەرستۆ، کانت، هیگەل، هایدیگەر. چی دەڵێن و پرسیارە فەلسەفییەکانینا چی بووە، کامە شێوەن لەم فەلسەفانە کۆن و کامە نوێیە و کامە پرسیاری فەلسەفی ماوەی بەسەرچووە. ئەم مۆزووانە لە چێشنی خۆیاندا بڕوانن و لە ماوەی چوار ساڵدا هێنامۆتە سەر زمانی کوردی.

مۆزووی فەلسەفەی کاپلستۆن بۆ خوێندکارێکی ساڵی یەکەمی فەلسەفە باشە، بەڵام ئاتلانتیک جگە لەوەی کە نوێیە، زۆربەی فۆرگە و ڕێبازەکانی سەدەی بستەمی بە چڕوپڕی لێکداوەتەوە کە لە سەردەمی کاپلستۆن ناو نەبوون. لە دوای کاپلستۆن فەلسەفە گۆڕانکاریەکی قووڵی بەسەردا هاتووە و بابەتەکانیش گۆڕاون و تەنانەت لێکدێنەوەی باشتریشی لەسەر کراوە. دووبەرگی ئاتلانتیک لەسەر یۆنانە، بەرگێکی سەدەی ناوەڕاستە، بەرگێکی عەقڵخوازی سەدەی

حەقدەیە، بەرگێکی فەلسەفەی ئەزموونی و ڕەشنگەرییە. بەرگی ئایدیالیزمیی ئامانییەکەی زۆر تایبەتە و زانستیتر لە بەرگی (٧) کاپلستۆن نووسراوە. بەرگی حەوتەمی ئاتلانج سەدەی نۆزدەی باشتر لێکداوەتەوە. لە نایابترین بەرگەکانی واتە بەرگی (٨) فەلسەفەی قاهیی، لە دونیای ئینگلیزی زماندا بوونەیە. بەرگی (٩) و (١٠) هەموو فەیلەسووف و ڕەبازەکانی سەدەی بیستەمی لێکداوەتەوە. لەم زنجیرەیەدا سێ بەرگ بۆ فەلسەفەی هاوچەرخ تەرخانکراوە، بەڵام کاپلستۆن بەرگێکە. تایبەتمەندی مێژووی فەلسەفەی ئاتلانج لەوەدایە، بۆ هەر بەرگێك بەشێك بۆ زانست تەرخانکراوە، وردتر و قووڵتر و زانستییانەتر لە مێژووەکانی دیکە نووسراوە.

- **بۆ ئاستی کارێکی قورس و بەهێز، دیارە وەرگێڕانی وەها کارێک بۆ کوردی دژواری و شۆنخوونی تایبەتی دەوێت!. لە وەرگێڕانی مێژووی فەلسەفەی ئاتلانج، خەتان وشەکانتان بۆ کوردی دادڕژت یان لە وەرگێڕانەکانیتریش کێکتان گرتوە؟ زیاتر مەبەستم چۆنییەتی پرسەی وەرگێڕان لای بەڕێزتانە.**

من لە کاردا بە تەواوەتی پابەند نەبووم و لە زۆر شوێنیشدا خەم وشەم داتاشیوە.

وەرگێڕ بەردوام وشەی نوێ دۆزیتەوە ناو زمان و ئاوێ شتێکی ئاسایە. وەرگێڕانی من بەم شێوازە بوو، جگە لە ئەزموونی مامۆستایەتی و هەروەها خوێندنەوەی بەردەوام لە بووارى فەلسەفەدا، بۆ وەرگێڕانی ئەم کارە، دەقی وەرگێڕدراوی فارسی دۆزگای (حکمت) و (چشمە)م لەبەردەستدا بوو و سەرچاوە ئینگلیزییەکەشم بەکارهێناوە. هەر بەرگێکم لە سێ مانگ و نیو کردووەتەوە بە کوردی و دراوە بە هەڵەچن و دواتر دیزاینەر کاری لەسەر کردووە. ڕێژە زیاتر لە دە سەعاتی بۆچان وەرگێڕانم کردووە. هیچ ئێش و کارێکم نەبووە جگە لە وەرگێڕانی ئەم دە بەرگە نەبێت. زۆر جار بۆ تێگەیشتن لە بابەتێك لە باوکگراوەندی خوێندی خەم و سەرچاوەکانی زانکۆکەم وەرگرتووە و جاری وەها هەبووە هەندێك لە چەمکەکان نامۆ بوون ناردوومە بۆ مامۆستاکان و بەکۆمەڵگرتن لە سەرچاوەکانی ئەوان چەمکەکانم داناوەتەوە.

لە ژیانەکەی وەهام نەدەناسی زۆر بە بەسەر زمانی کوردی و کاری جدی لە بواری فەلسەفە بە کوردی هەبێت! کەسانێکە پاڵپشتی کارەکە بوون، لە یەکەم هەنگاودا دەزگای جەماوەری عیرفان بە تایبەتی د.تەها هەسوو زۆر پشتگیری کردم، دواتر د. محەمەد کەماڵ لە تەواوەی ئەم بەرگانە یارمەتیدەرم بوو بۆ وەرگێڕانی دەستەوشە فەلسەفییەکان و وشە لاتینییەکان. لە بەرگی دە و فەلسەفەی زمان. د. بەختیار سەجادی زۆر یارمەتیدەر بوو. سپاسی هەموویان دەکەم. هەروەها ، کاك هاوار نەسرەدین هەڵەچنی بەرگەکان و باخان ئەحمەد بۆ ڕێنووسی کوردی یارمەتیدەرم بوون و سپاسی هەموویان دەکەم.

- **باسی ئۆتان کرد کە ئەزموونی وانە وتنەوەی فەلسەفە لە زانکۆ سەلاحەدینی هەولێرتان هەیە، ئایا بۆ شێوەی ئاکادیمی بەرنامە و پڕۆگرامێک بۆ وەرگێڕانی دەقی فەلسەفی بۆ کوردی لەم زانکۆیە یان بۆ گشتی زانکۆکانی هەرێم هەیە؟**

نە بەداخەوە زمانی کوردی ئەزموونێکی وەهای بۆ بووارى فەلسەفە نەخساوندۆ، بەداخەوە پلان و بەرنامەیان نییە! زۆربەشیان نازانن فەلسەفە بەری بە کوێوەیە!. دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەیان کەسانی دلسۆزی تێدایە، گرنگی بە کاری فەلسەفی دەدەن، لە زانکۆکانی ئانییە و هەوڵێر فەلسەفە هەیە، بەڵام مامۆستای پسپۆڕ کەمە کە هەم زۆر بۆ بەسەر فەلسەفەدا و هەم زمانی کوردی بۆباشی بزانێ! کێشەیەکی دیکەش ئەوەیە، فەلسەفە دەبێ لە ناوەندی و دوو ناوەندی[دەبیرستان] بخوێنرێت.

لە تەواوی خوێندنگەکانی دونیا جگە لەم وڵاتە دواکەوتووانەی دەورووبەر نەبێ فەلسەفە بە پلانداڕێژراو لە خوێندنگەکان دەخوێنرێت و کتێبی باش و گۆڤاری تایبەتیان هەیە. گەر سەیرێکی (ئایکۆن بوك) هەنگاوی یەکەم بۆ فەلسەفە[چاپی شیرازە هەندێکی وەرگێڕاوەتەوە]) بکەیت، زیاتر لە دووسەد سەرچاوەی فەلسەفی بۆ منداڵانی تەمەن (٨) ساڵ تاکوو مەرمنداڵی (١٥) ساڵان هەیە. نوسەرەکانیشیان مامۆستای ناوەندین کە ئەم کتێبانەیان نووسیووە. بە پێی هەر تەمەنێك دونیایەك کتێب و سەرچاوەیان هەیە. تەنانەت سەیری کۆتایەکانی سەدەی ناوەڕاست بکەیت هێندە کەکەکە بوومیمەعریفەیان هەیە، بۆ (٣٠٠) ساڵی دیکە ناتوانین بیکەینەوە بە کوردی!. ئەمە زۆر لە دواین!. بە هەندێك

حیکایەت و شەعری سەرەتایی زمان گەشە ناکات. دەبێت تەواوی بووارەکانی مەعریفە پێکەوە گەشە بکات. بە داخەوە جگە لە هەوڵی تاکەکەسی و کەسانی دەسز نەبێت کەس کار ناکات. ئەمە خۆتووین و زەمانی زۆری دەوێ لەم خەوە قورسە هاچەکین.

***وەکوو دواین پرسیار، پێشنیاری بەڕێزتان بۆ باشکردنی دۆخی وێگێڕان بۆ تایبەت وەرگێڕانی فەلسەفی چییە؟**

کرانەوەی بەشی فەلسەفە بە زمانی کوردی، بەکارهێنانی کەسانی شارەزا و پسپۆر لە بووارى فەلسەفە و زمانی کوردی، جگە لەوەش ناوەندێك بکرێتەوە بۆ کار لەسەر وەرگێڕانی دەقە فەلسەفییەکان بۆ زمانی کوردی، ئەمەش سەرمایەی گەورەی دەوێ. ئەمە ڕێگەیەکی بنەڕەتییە، ئەگینا هەوڵە تاکەکەسییەکان دەمێنێتەوە!.



مەرگی ئۆیتەر لە گۆشەنیگای خەمۆکییەوە … کاوان مەحمەدپوور

سرنجێک لەسەر ڕەمانی خۆزان، نووسینی سراج بناگەر

پێشەکی

هایدیگەر بۆ ئاماژە بە مەرگی (ئۆفێلیا) لە شانۆنامەی (هەملەت)ی شێکسپیر، «مەرگ لە ناو ئاو دا» بە جوانترین مەرگ دەزانێ. ئۆفێلیا لە پاش ئاوەی باوکی- بە هەڵە- لەلایەن هەملەتەوە ئێکوژرێت، شێت ئەبێ و بە دەسچنێک لە گوڵ خۆی لە ئاودا دەخنکێنێ. ئەم ئاماژەی هایدیگەر، لە ئاست ڕەخنەی ئەدەبییەوە-جێخت دەکەمەوە لە ئاست ڕەخنەی فەنی ئەدەبیاتدا!- بۆ تاوتوێی ڕەمان هیچ یارمەتییەکمان نادا، ئەوەی کە تەڕی هایدیگەر لە ئاست ڕەخنەی ئەدەبی ناتوانێ

یارمەتی دەرمان بێت دوو هەی زەر ئاسایی هەیە، یەکەم: هایدیگەر فەیلەسووفە و ڕەخنەگری ئەدەبی نییە، کەواتە تەڕییەکانی هایدیگەر لە ئاست فەلسەفەی نەزەری ئەدەبیات بەکەڵکن، یانی دەتوانین بە بووتیقای ئەدەبی کەڵکیان لەوەرگرین، نە وەک ڕەخنەیەکی فەنی ئەدەبیات. دووهەم: هایدیگەر سەری کەشە و ناکەکی لەگەڵ گشت هونەری مەدەڕن (بە شێعر وەڕمان و نیگارکێشی و...)وە هەیە، دیارە کە ڕەمانیش یەکە لە سەرچاوە هەر گرینگەکانی هونەری مەدەڕنە، کەواتە لەسەرتاوە ڕوانگەی هایدیگەر بە ئەم باسە ڕوونە .

بەڵام هەی ئاماژەی من لە سەرەتای ئەم وتارە بە ڕستەکەی هایدیگەر دگەڕێتەوە سەر پەیوەندی یەک وەنا و دوو چەمکی هاوبەش لە ڕەمانی (خەوزەان) و ڕستەکەی هایدیگەر. وەنای (مەرگ لە ناو ئاودا) و دوو چەمکی (مەرگ) و (پاشماوەکانی مەرگ). بابەتی (مەرگ)- کە وەک یەکە لە باسە سەرەکییەکانی ڕەمانی خەوزەان وایە- لەلایەن هایدیگەرەوە بە تەر و تەسەل قسەی لەسەر کراوە وهاتە ژەر نیگای فەلسەفیانەی ئەو، کەواتە بە شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ئەم باسە وەکوو پرسیارەکی گرینگی فەلسەفی هایدیگەر دەتوانە یاری دەرمان بێت(نە وەکوو ڕەخنەگرەکی ئەدەبی). من سەرەتا بە کورتی لە ڕوانگەی گەڕانەوەناسی، پەکهاتەی ڕەمانەکە تاوتوە دەکەم تا بە چەشنەک پەیوەندی پەکهاتەی ڕەمان و ناوەڕۆکی باسەکە لەیەک گرە دەین و هەگەل و پاساوی ڕەخنەی ئەدەبیشمان بە شیکردنەوەی ناوەڕۆکی باسەکە هەبە. دواتر دەچمە سەر شی کردنەوەی ناوەڕۆکی ڕەمانی خەوزەان و پەیوەندی مرەڤ بە چەمکی (مەرگ، ئەبژەی لە دەستچوو و خەمەکی) باس دەکەم. بە ئەم باسە کە دێتە خانەی کردەوە دەرووناسییەکانی مرەڤ، پەیستمان بە وتارەی (شینگەڕی و مالیخولیا)ی فرەیدەوە هەیە.

بەکورتی ئەم وتارە لە دوو بەش پەکهاتووە، یەکەم سرنجەکی کورت لەسەر گەڕانەوەناسیی ڕەمانی خەوزەان و دواتر تاوتوەی ناوەڕۆکی ڕەمان بە سازدانی مەنزوومەیەکی نەزەری لە دوو ڕوانگەی هایدیگەر لەسەر (مەرگ وەکوو چەمکەکی ئینتزاعی) و، خوێندنەوەی فرەید لە (ئاکاری مرەیی لە دوا مەرگ و لە دەستدان)، بە پەوسیتی هەر دوو بەشی وتار، هەوە دراوە لە دەستواژەی تایبەت بە باسەکە کەڵک وەربگرم، لە بەشی گەڕانەوەناسیدا باس لە نووسەر ناکرێت و (گەڕەوە)-راوی- و چەنیەتی گەڕانەوە شی دەکرێتەوە، بەڵام لە بەشی دووهەم بەپەی پەویست، باس لە ئەندێشەکانی نووسەر لە ڕووی هەماکانی دەقەوە دەکرە. نووسەری ئەم وتارە، لەسەر ئەو باوەڕیە شرەڤە و ڕاڤە کردنی دەق، هیچ ئەوەی کە نابەتە هەی (مەرگی

داهێنەر)-تەنها بارت-، بەڵکوو بەچەشنێکیتر نووسەر زیندوو دەکاتەوە و لە جەستەیەکیتردا بە خوێنەری شەمەندەکا. ئەم بەچوونە هیچ دژایەتی لەگەڵ شرۆڤە جیاوازکانی دڵ یان هەوڵی بە ئەنجام بە دەزینەوەی مانای نێکی ناوەشکی نووسەر نییە، چوون هەنگاو تەنانەت خودی نووسەریش ئاگادار نەبە لەو کاتەدا هێک بەچی بیریکردنەوە، یان ئەگەر لە دانیشتنکی خەمانشدا بەمان باس کا دیسانەکە بەشە لە ئاستیەکانی چیرۆک ونن و کەس دەستی پێناگەن. کەواتە مەبەستی بەشی دووهەمی ئەم وتار-کە هەر لە پەوەندی بەشی یەکم دایە- شەماند کردنی نووسەر لە جەستە و مانایەکیتر دایە، نە کوشتن و کەتایی پەهێنانی!.

مەوداکانی گەڕانەوە و بەرسازکردنی ڕووداو:

هەمانی خەوزان -کە بەسەرهاتی عەشق و لە دەستدانمان لە بیست و چوارکاتژمێردا بە دوگەڕانەوە- لە شەوازی(سبک) کلاسیک بە گەڕانەوەی ڕووداوەکان کەنکی گرتوە و (گەڕەوەی زانای گشتی سنووردار)(راوی دانای کل محدود)ی بە بەسەرهاتەکان هەبژاردوە، لەحنی گەڕەوە لەم ڕەمانەدا، خە لە قەڕەی حەقایەت بەژی دەدا و نزیک دەبەتەوە لە گەڕانەوەی ڕژەزاری کوردی. هەرلەسەرەتای هەمانەوە، گەڕەوە وەسفی دەخەکیمان بە دەکا کە قەرار ڕووداوەکانی چیرۆک لەوەدا ڕوو بدەن، ئەم وەسفانە لە سەرانسەری هەمان پاتە دەبنەوە، وسفی خەر و هەوای بەهار، وەسفی جەگە و کاتەکان، وەسفی کەوی ئاویەر و شونگەکانی (بەوانە لاپەڕەکانی (٥)و(١٠٠)و...) ئەم چەشنە لە وەسف کردنی فەزای چیرۆک، شەوازی هەمانی کلاسیکە کە بە مەبەستی هاندانی خوێنەر بە ناو کایەکانی هەمان و نزیک بوونەوەی لە ڕووداوی چیرۆک بەکار دەت.

هەر بەم پەیەش گەڕەوەی هەمان لە پلەیەکی نزیکەوە بەسەرهاتەکانی هەمان دوگەڕەتەوە، واتە بە ڕووداوەکان نزیکە و (مەودا)(Distance)ی گەڕەوە و بەسەرهاتەکان زەر نییە ، بەیەش خوێنەر لەگەڵ عەینیەتی ڕووداو بەڕەوڕوو دەبەتەوە، وەختە گەڕەوە بەاس لە ڕووداوەکانی چیرۆک دەکا لە زەربەی شوێن هەوە دەدا، لە شەوازی ناوەندی کردنەوەی(Focalization) سفر، کەنک وەرگرەت. مەبەست لە ناوەندی کردنەوە، چەقسازی یان تیشکخولقاندنە کە لە گەڕانەوەناسیدا بە مەبەست و کارکردی بەرچاوکردنەوە و لە ناوەند گرتن دەت. بە ڕوانگەی ژیرارد ژینێ، لە هەر چیرۆکێکدا دەتوانین سە شەوەی ناوەندی کردنەوەمان هەبە: ١) ناوەندی کردنەوەی ناوکی: مەبەست ئەوەیە کاتێک ڕووداوی چیرۆک، لە گۆشنیگای یەکێ لە کاراکتەرەکان دوگەڕەدرەتەوە و بەردەنگ دەرک و فامی کاراکتەر لە

رووداوەکە وەردەگرێت (وەکوو کاتێک ژنێک لە ئامانی مووحاکەمەی کافکادا، وسفی مامۆستای ئاسایی دەکا کە لە فامی ئەودا وەک دادگا دەنوێنێت). ٢) ناوەندی کردنەوەی دەرکی: کاتێک لە گۆشەنیگایەکی پەسیڤەوە چیرۆک دەگێڕدرێتەوە، واتە گێڕەوە وەکوو کامێرایەک تەنیا هەڵسووکەوتی کاراکتەرەکان پیشان دەدات و هیچ باسێک لە فام و دەرکی کەسایەتی لەمە رووداو ناکا، ٣) ناوەندی کردنەوەی سفر: کە مەبەست لەوەیە، کاتێک گێڕانەوە لە گۆشەنیگای هیچ کام لە کاراکتەرەکان ناگێڕدرێتەوە بەردەنگ تەنیا لەگەڵ شێوە ڕوانینی گێڕەوە بەرووەوەیە، وەکوو چیرۆکگەلێک کە گێڕەوەی زانای گشتی هەیە و گێڕەوە خەی قسە دەکا. هەر بەم شێوەی ئاماژەمدا، ئامانی خوێزان لە زۆربەی شوێنەکان لە شێوازی ناوەندی کردنەوەی سفر کڵاسیک وەردەگرێت، ئەم شێوازە لەگەڵ پێکهاتەی گشتی چیرۆکەکە و کڵاسیک وەرگرتن لە گێڕەوەی زانای گشتی یەکگرتووی هەیە و بەباشی لەگەڵ یەکدا دەگونجێن. بە نموونەی ئەم ناوەندی کردنەوە دەتوانین ئاماژە بە لاپەڕەکانی: (٣٣)و(١٠١)و...بکەین.

ئەگەر بەوانینە شێوازی ناوەندی کردنەوە لە ئاستی کاراکتەرکاندا ئەبینین کە گێڕەوە لەو ئاستەدا لە ناوەندی کردنەوەی ناوەکی سوود وەردەگرێت، واتە تەنیا وەکوو کامێرایەک هەڵسووکەوتی کاراکتەرکان ناگێڕێتەوە، بەڵکوو بە باشی فکر و خەیاڵیان لە قاڵبی لەحنەکی شیاوە بە هەر کام لە کارکتەرکان نمایش ئەدا. هەر ئەم تەکنیکە- کە بەباشی لە ناو ڕۆماندا گونجاوە- ئاستی پێکهاتەی کاراکتەرکانی بەردەتە سەر و خوێنەر لەگەڵ کاراکتەرسازی فەنی و ڕێک و پێک بەڕووەویە. بەیەش ئەتوانین ئاماژەکەین ڕۆمانی خوێزان نموونەیەکی باشی (ڕۆمانی کاراکتەر) لە ئەدەبیاتی کوردستانی ڕۆژهەڵاتە. بە شیاوی، لەحنی یەک بە یەکی کاراکتەرکان پارێزراوە و بە ئەوەی ناوی کاراکتەرکانمان لەبەر دەست بێت ئەزانین کام کاراکتەر قسە دەکا یان فکان هەڵسووکەوت لەخەی ئەنوێنێت. تەنانەت ڕوانگە و بەرسازەی باز (سەگی فەریدوون) و بەختیار (هاوڕێ فەریدوون) و خودی فەریدوون بە (تەنیایی و مەرگ) بە باشترین شێوە لە ناو ڕۆماندا گونجاوە.

ئەم شێوە لە کاراکتەرسازی ئاگاداری و لەزانیەکی تایبەتی لە چۆشنی ناوەندی کردنەوە و لەحندا پێویستە، واتە دەبێت سێ چۆشنی ناوەندیکردنەوە و لەحن بە باشی لە لەژیکی چیرۆکدا جێ بگرێت و بەپێ پێویست ئەم ئاستانە ئاڕاستەیان بەسەر بە- کە (خوێزان) توانیویەتی لەم ئاستەدا بە باشی سەرکەوێت-. مەوادی کەمی گێڕەوە

لەگەڵ ڕووداوی چیرۆکەکە و پێوەندی نێوان پێکهاتەی هەڵمان و گێڕانەوەکان(Flash Back)-کە تەنیا لە ڕووی بیرەوەرییەکانی کاراکتەر و گرێوە بە خوێنەر ڕوون دەبنەوە-، هەڵی چیرۆک بەباشی دەباتە پێش. کۆک وەرگرتن لە لێحنەکی نزیک بە حەقایەت بژی، سەمیمییەتی نێوان خوێنەر و هەڵمانەکە شەماند دەکا و دەبێتە هۆی ئەوە خوێنەر بە ئەدەبیاتی گێڕانەوە نزیکتر بێتەوە.

گێڕانەوە بەردەوام لە وشەی (جا) بە گێڕانەوە کۆک دەگرێت:«جا بە ئەوەی تەمار ئەم بمێنێ»،«جا بکەنینەو درژەی دا»، «جا ئەوەنە هەڵاورد و ئەوەنە درێژەی دا»، «جا وەک ئەوە لە قسەکەی خۆی ترسیاوە»و...«. ئەم شێوە لە لێحنی گێڕانەوە، بیرخەرەوەی گێڕانەوەی ئاسایی و بەتایبەت حەقایەت بژی کوردییە. پێوەندی ئەم لێحنەی گێڕانەوە و ناوەڕۆکی هەڵمانەکە-مەرگ و لە دەستدانی خۆشەویست- دەتوانێ پاساوێکی زانستی هەبێ کە لە درێژدا باسی لێوەدەکەم.

گێڕانەوە لە زەمەنی(tense/ Tempus) ئاسایی و هەڵی بە گێڕانەوە کۆک دەگرێت و بە هیچ شێوە خەی لەقەڕە شێواندی زەمەن نادا. تەنانەت خوێنەر بە ئاگاداری لە ڕابردووی ڕووداوەکان لە ڕووی بیرەوەری کاراکتەر و گێڕانەوە زانیاری پەیدا دەکا، ئەم شێوە لە (گێڕانەوە بە ڕابردوو) (Flash back) شێوازی ئاسایی کایە بە زەمەن، لە هیچ شوێنک لەم چیرۆکدا(گێڕانەوە بە داهاتوو)مان (Flash Forward) نییە و گێڕانەوەکان لەگەڵ زەمەنی چیرۆکی یەکتر دەگرنەوە، هەر بەیە (زەمەنی چیرۆکی) لەگەڵ (زەمەنی دەق) یەکگرتوویان هەیە و تەنیا واقیعێک کە پێکهاتەی هەڵی چیرۆک دەوەستێنێت، بیرەوەرییەکانی گێڕانەوە وکاراکتەرەکانە کە بەم شێوەی باسم کرد شێوازی ئاسایی بەکار هێنانی (گێڕانەوە بە ڕابردوو)(Flash back) لە چیرۆکی کلاسیک دایە، هەڵبژاردنی گێڕانەوە بە ئەم چەشنە زەمەنەش گونجاوی لەگەڵ پێکهاتەی گشتی هەڵمانەکە هەیە. گێڕانەوە بەی هەیە (زەمەنی چیرۆکی) و (زەمەنی دەقی) ڕووداوەکان تێک بدا و بە پەی پێوسیت ئاڵۆگۆیان بەسەر بێنێت، بەڵام بە ئەم کارە یەکم، دەبە لەگەڵ لێژیک و پێکهاتەی چیرۆکەکەی هاوتەریب بێت و دووهەم: ئەم شێوە کایە بە زەمەن لە هەمانی مەدەنیستی و پێست مەدێن دا دەبینرێتەوە نە هەمانێک بە پێکهاتەی کلاسیکەوە.

هەمانی نووسەرە کلاسیکەکان(مەبەست ئەو نووسەرانەیە کە بە شێوازی کلاسیک هەمان ئێنووسن)، بە نموونە تۆلستۆی، باڵزاک، داستایەفسکی، مارک تواین و... کەمتر کایەی فەرمی و هەر بەم پێیش کایەی زەمەنی لێناو کارەکانیاندا هەیە، ئەم شێوە لە هەمان زیاتر گرینی بە

ناوەڕۆکی ڕۆمان و کاراکتەرسازی ئەدات تا ئەزموونی فەرمی. هەبەت ئەمە بە هیچ ڕوو بەو مانایە نییە ڕۆمانی مەدڕنیستی گرینگی بە ناوەڕۆک نادا، بەڵکوو بە پێچەوانەوە ئەم دەستە لە نووسەران بە کایەی فەرمی ئەیانهەوێت ناوەڕۆک بە جۆرێکی زیاتر و چڕشنکەی‌تر بە زەینی خوێنەر هەنارد بکەن.(بە ئەم باسە بەوانە جیاوازییەکانی شێوازناسیی ڕۆمان).

ئەبژێی لە دەستچوو و پاشماوەکانی مەرگ:

هەر بەم پێیەی لەسەرەوە باسم کرد ڕۆمانی خۆزئان بە شێوازی کلاسیکەوە دارژراوە و ناوەڕۆکی ڕۆمان شێوەکی دەستوپێخە لەگەڵ دوو بیرکە و پرسیاری هەر گرینگ و کلاسیکی ژیانی مرۆیین، واتە (لە دەستدان و مەرگی خۆشەویست و، ژیانی مرۆڤ دوا ئەم کارەساتە). فەریدوون، (کاراکتەری سەرەکی ڕۆمان) لە پاش مەرگی خۆشەویستەکەی (سەیران) لە ناو دەریادا، تەرکی ئاشنا و ڕۆشنا دەکا و چێتر ئەم کوڵە شەخ و شەنگەی جاران نامێنێت. لە ناو ڕۆماندا ئەمە بەردەوام لەگەڵ فکر و خەیاڵاتی فەریدوون لە پاش ئەم کارەساتە بەڕووین و هەڵسووکەتی فەریدوون لەمێ نەسیحەت و پەندەکانی دەوروبەریەکانی ئەبینین.

هایدیگەر مەرگ بە ڕاستەقینەترین ڕووداوی مرۆیی ئەژمار دەکا و بە چڕشنک لە (ئەگزیستانس)(Existence)ی مرۆڤی دەزانێت و دەڵێت: «مەرگ تەنیا بە مرۆڤ بوونی هەیە». ئەم ڕستەیەی هایدیگەر بەو مانایەیە کە تەنیا مرۆڤ کە ئاگاداری بەسەر مردنی خۆیدا هەیە و ئەزانێت ڕۆژە ئەمرێت-حەیوانەکانی‌تر چوون ئەم ئاگادارییان نییە نازانن کە دەمرن-.مەرگ بە مرۆڤ هەمیشە چەمکەکی پڕ لە پرسیار و مەترسییە، پڕ لە پرسیارە چوون –چ لە گریمانەی: زیندوو بوونەوەدا و چ لە گریمانەی: مەرگ کۆتاییە-، مرۆڤ نازانێ دوا مەرگ، ڕەک چی بەسەر دێت. لە لایەکی‌ترەوە مەرگ (هەڵکەوتە)کانی ژیان بە کۆتایی دەنێت و ئیتر مرۆڤ دەرفەتێکی بە هەڵبژاردن لە ناو ژیانیدا نامێنێت، مەرگ ئیمکاناتی وجوودی ژیان بەکۆتایی دەنێت و پێش بە گەڕانکاری لە مرۆڤدا دەگرێت، نەبوونی زانیاری بەسەر: پاش مەرگدا و سەینەوە و دامایینی هەڵکەوتەکان و دەرفەتەکانی ژیان، خەی لە خۆیدا ترسناک و مەترسی دارە. ئەم ترسە لە مەرگ دەبێتە هەی ئەوەی هەر وەخت باس لە مەرگ دەکەین، مردن پاڵ دەینە باوەشی «ئەویتر»ەوە. (من نووسەری ئەم ڕستانە لەبارەی ڕۆمانی خۆزئان و ئەوەی خوێنەرانیش، ڕۆژە دەمرین!)، تەنانێت ئەم ڕستەی منیش ترسی پەوە دیارە.

بە بەچووونی هایدیگەر مەرگ شەخسیترین و تاکانەترین ڕووداوی مرۆییە، بەڵام ترس لە مردن هەمیشە وەها دەکا ئەمە مەرگە کە ئەزموونی تاکەکەسییە-هەبەت ئەگەر بتوانین وەکوو ئەزموون ناوی لە بنەن- بەشێوەی خەیاڵی و جەماوەری باسی لێوەدەکەین و خەمان بە تەنیا لەمە مەرگ ناهەینەوە. بە نموونە لەم هستیەمدا: (من نووسەری ئەم هستانە لە بارەی هەمانی خۆزان و ئێوەی خوێنەرانیش، هەژە دەمرین!)، لەڕدا ترسی من لە مەرگ وەهای کرد کە لەسەرتادا خەم لە ئەزموونی تەنیایی مەرگ بپارەزم و ئێوەی خوێنەریش لەگەڵ خەم دەم. دووهەم مەرگ (فەرافکەنی) بکەم بە سەر ئێوەش! واتە مەرگی ئێوانیتر لەمە مەرگی خەمدا بەرجەستە کەموە. (هەموومان هەژە ئەمرین) بە هایدیگەر هستیەکە کە مرۆڤ لە ترسی ئەزموونی تاکەکەسی مەرگەوە، بەکاری دەنین. کە واتە بیرکردنەوە لە مەرگ ترسناکە.

بەڵای هایدیگەرەوە تەنانەت ئێوانەی ئەژن مەرگ بە من ترسناک نییە لە ترسی مەرگەوە وەدەهێن، چوون ئەم هستە هەمای هەوە بە دوور خستنەوەی (بیرکردنەوە لە مەرگ)ە، بەڵام ئەم چەشنە هستیە، وەها دەنوێنن کە «من پرسیارم لە مەرگ نییە»، ئێوە لە حاڵێکدایە کە چەمکی مەرگ، چەمکێکی پڕ پرسیارە و هیچ کات مرۆڤ بە هەی خستی ئیگزیستانسییەوە ناتوانێ لەم پرسیارە خۆ بپارێزێت. لە بەرەوووبوونەوە لەگەڵ مەرگ دایە کە ئەدەبیات و فەلسەفە کارەکی دژوارە، چوون ئەم دوو ساحەتە توانستی ئێویان هەیە لەگەڵ یەکە لە مەترسیدارترین و بەجوابترین پرسیارەکانی مرۆیی بەرەووومان کەنەوە،
لە هەمانی خۆزاندا نووسەر بەردەوام لەدەمی کاراکتەرەکانەوە-بەتایبەت بەختیار و دوکتەر کەلام- ئاماژە بەوە دەکا کە گشتمان هەژە ئەمرین و مەرگ شتە نییە تەنیا بە (سەیران) هاتبێتە پێش. لەڕدا ترس لە مەرگ، نووسەری خۆزان بەرەو ئاقارێک دەبا کە دەسداتە نووسینی بەرهەمە کە لەسەرتاوە بەهیچ ڕوو ناتوانە وەکوو ئەندێشە خەی لە بپارێزێت، کەواتە ناچارە دەری ببڕە، دووهەم ترسی ئەم ئەندێشە و نزیک بوونەوەی ساتەوەختیانەی مەرگ، ناچاری دەکا لە دەمی کاراکتەرەکان ئەم پاساوە بە مەرگی ئێوانیتر بنێتەوە: «هەموومان هەژە ئەمرین». بازە(سەگی فەریدوون) نازنە مەرگ چییە و نابووونی سەیران بە مەرگ تەعبیر ناکا، بەڵکوو تەنیا دەزانە ماوەیەکە سەیران دیار نییە، بەڵێ شرۆڤە و ڕاڤەیەکی تایبەتی لەسەر مەرگ نییە. هەر وەک باسمان کردن ئاگامەندی بەسەر مەرگدا، ئاگامەندی تایبەتی مرۆییە، نە حەیوانەکانیتر. ترسی مەرگ لەم هەمانەدا ئێوەندە بە هەز دەبێتەوە کە نووسەر گشت ڕووداوەکانی

ەمان لە چواچۆی مەرگی ئۆیتردا بە خۆنەر باس دەکا، (مەرگی سەیران) لە ەماندا بە پەراوێز دەکەوێت و هەر لەسەرتادا، نووسەر هەوڵ دەدا باسی ئاکاری مرۆڤ لە پاش (ئەبژەی لەدەسچوو) بکا.

گشتی ئەم ئەندێشانەی نووسەر دەکەوێتە بەر لە نووسینی ەمان. واتە ترس لە مەرگ وەها دەکا یەکەم مەرگ (فەرافکەنی) بکا بە سەر ئۆیتر، دووهەم لە پەناو مەرگی ئۆیتردا و بیرکەی مەرگی ئۆیتر، لەگەڵ دەخەکی –ەنگ تەنانەت ناخەشتر لە مەرگی خەمان- بەرەوومان دەکاتەوە، ئۆیش ژیان و کردەوەی کەسەکان، لە پاش مەرگ و لە دەستدانی خەشۆیستەکانیانە. بە گەانۆیەکیتر کاتە من، مەرگی خەم بە پاساوی ەستەی (هەموومان دەمرین) لەخەم دوور دەکەمۆە، لە مانای ەاستەقینەدا ئەم مەرگە ئەنەرمە باوەشی ئاشنا و خەشۆیستەکانم. ەەک لەڕدایە کە ەمانی (خۆزان) دەسپەدەکا، واتە پاش کەتایی بیرکەیەک سەبارەت بەمەرگ (دوور کردنەوەی مەرگ لە خەم) و دەسپەکی بیرکەیەکیتر سەبارەت بە مردن (مەرگی ئازیزانم)، لەڕەوێە کە نووسەر بە پۆوسیت دەزانێ لەگەڵ کەسانیتر بە ئەقڕە گرتنی دەرووونی قسە بکا!، کەواتە ەمان دەنووسەت.

فەریدوون لەگەڵ مەرگی خەشۆیستەکەی دەستۆیەخەیە دەبەتەوە، ئەبژەیەک لە خەشۆیستی هەبوو کە ئەلان بوونی نەماوە. تازەودا دەلاقەیەکی هاوبەش بە دیتنی دونیا و بەسەرهاتەکانی بە فەریدوون بوونی نییە. پەنجەی مەرگ خەشۆیستەکەی لەگەڵ خەی برد- تەنانەت ئەگر بەشی شی بەتەوە هەی مەلەکردنی سەیران لە ناو دەریادا و دوور ەشتنی و دواتر خنکانی چی بووە، دیسانەکە ئەم ەنجەی پاش مەرگی سەیران بە فەریدوون (کە دەتوانێ هەر یەک لە ئەمە بین) بەردەوامە- . لەڕدا بە باشی بەمان دەردەکەوێت چەمکی مەرگ، بە دوو سەرەوە، چ مەرگی خەمان، چ مەرگی ئۆیتر دووبارە ترسناکە.
ەمانی خۆزان بەرەو ئەم پرسیارەمان دەبا کە کردەوە دەرووونیەکانی مرۆڤ پاش مەرگ و لە دەستدانی خەشۆیستەکانیان (یان ئەبژەی لە دەستچوو) چۆنە؟ ئەمە پرسیاری فرێد لە وتاری (شینگەی و مالیخولیا)یە. فرێد لە وتاری (شینگەی و مالیخولیا)دا دوو چەمکی شینگەی و مالیخولیا- وەکوو کردەوەیەکی دەرووناسانەی مرۆڤ لەمە ئەبژەی لە دەستچوو-لە یەک جیا دەکاتەوە. لای ئەو دوو کردەوەی بەرچاوی مرۆیەمان بە «ئەبژەی لە دەستچوو» هەیە. «ئەبژەی لە دەستچوو»، ئەو چەمکەیە کە ئیتر بوونی نییە و بە هەگەلی جیاواز لە دەستی ئەمە دەرچووە، وەکوو (زەد و نیشتمان، ئازادی، مەرگ و نەمانی خەشۆیستەک)، یەکە لەم دوو کردەوانە،

«شینگێی» یە(سوگواری) کە بەمانای قبووڵکردنی لە دەسدانە و دان بە نەمانی ئەبژەی تایبەتە، واتە بە فرێد کردووەی شینگێی (بە نموونە بە مردوو) وەکوو قبووڵ کردنی سایکۆلۆژیکی مەرگ و نەمانی ئەوو هاوەڵکی دەروونی مرۆڤ بە گێشتن بە ئاسوودەی و ئارامشی دوا ئەم کارساتە. بەڵام «مالیخولیا»(شیدایی)، نائەمدی و مەیلی زۆر بە دووبارە تێکەڵبوونەوە لەگێ ئەبژەی لە دەستچوویە، بەو مانایە لە مالیخولیادا مرۆڤ ناتوانێت قبووڵی ئەو ڕاستییە بکات کە فانە چەمک یان کەسایەتی، ئیتر لە ژیانیدا نەماوە و هیچ بوونێکی نییە. مالیخولیا خەمێکییە، بەتابشتی لەمێ«فرامشی»و «بیرەوەرییە».

لە مالیخولیادا ئەبژەی لەدەسچوو هیچ کات، نەبوون و نەمانی لەلایەن ئەمەوە قبووڵ ناکرێت تا وەک بیرەوەری ناوی لەبەنین و لە ئاکامدا بە فرامشی بگا. من باسە دەروونشیکارییەکەی فرێد بە پشگیری لە مالیخولیا و بەئەنجامدانی شینگێی لەڕە زیاتر درێژە نادەم (ئەتوانن ئەم باسە لە وتارەی فرێد بە ناوی (شینگێی و مالیخولیا)(بەفارسی: سوگواری و مالیخولیا)، وە هەروەها وتاری (بیرهێنانەوە، پاتەکردنەوە ودەکارکردن)(بە فارسی: بەیادآوردن، تکرارکردن و بەکارآوردن) بخوێنەوە).

بەڵام ئەوەی کە لەڕدا پەوەندی بە ڕەمانی خۆزانەوە هەیە، کردەوەکانی فرێدوون لەمێ لە دەستدانی خۆشویستەکەیەتی. بە زمانێکی فرێدی کردەوەی فرێدوون ئایا مالیخولیایە؟ یان شینگێی؟. فرێدوون لە پاش مەرگی سێیران کردەوەیەکی خەمێکییانە دەنوێنێ کە هانی ئەدا بەرەو تەنیایی. ئەو هەموو شەو دەچێتە لەسەر گۆڕەکی سێیران و لە پاڵ گۆڕەکە ئەکەوێت و قسەی لەگێ دەکا، خەی لە هەموو کەس دەپارێز و مەیلی بە هیچ پەیوەندییەک ناچێ. ئەم کردەوە مالیخولیا نییە، بەڵکوو شینگێی لە ئادەبەدەرە. فرێدوون قبووڵی ئەوەی کردەوە ئیتر سێیران بوونی نییە و مردەوە، بەڵام لە نەبوونی بە ئازار!. ئەم ئازارە شەوەیەکی تایبەت لە شینگێی (سوگواری) بە فرێدوون بەدی دێنێت، ئەم شەوە لە شینگێی ئەتوانێت مرۆڤ بەرەو خەمێکی هان بدات بەڵام چەشنی خەمێکییەکەی لەگێ خەمێکی مالیخولیادا جیاوازە. لەم چەشنەدا، بەم هەیەی کە مرۆڤ ئیتر ناتوانێ دەلاقەی هاوبەش بە خەی بدەزێتەوە، هەر کەس و هەر ڕوانگەیەکیتر بە بایەخ دەبینێت، واتە جیهان لە پەدا لە مانا دەکەوێت. (لە کن من با وجوودی ناس و ئەجناس/ کەسی تەدا نییە ئەم شارە بە تە-نالی). شینگێی فرێدوون لەگێ شینگێی (بنەماڵەی

سەیران) ئەو جیاوازییەی هەیە، کە فریدوون بەردەوام بە هوانگەیەکی تەخنەگرانە چاو لە مەرگ دەکا و بە چەشنێک بەم کردارەی بەرهەستی جیهانی دوا سەیران دەبەتەوە. تەنگە ئەم شەوە لە تەخنەی فریدوون، لە دیالەگ و مەنالەگی تەماناکەدا زەر هوون نەبەت بەتام لە ئاست ئاکار و کردەوە بە باشی خە ئەنوەنەت و هەما و دەلالەتەکانی بەرەو ئەم چەمکە ئەچەتەوە.

نووسەر لە دەمی گەڕەوەی تەمان بە باشی ئاگاداری ئەوە هەیە، کرداری فریدوون نابە و ناکرە تاسەر درێژەی هەبە و دەبە لە جەگەیەک کەتایی پە بەت. ئەم جەگەیە دووپات بوونەوەی عەشقە. لە لاپەڕەی (۱۵۳)دا لە زمانی (دکتەر کەلام)ەوە-کە خەی ئەزموونی لەو چەشنە، بەکوو خەمبارتریشی هەیە- بە فریدوون دەەت:«...تەنیا چتەک بتوانە نەجاتە بات و لەم سەرگەردانی و ئاشەوە دەربەرەت، ئشقە. تەلاش کە بەشکم دووبارە دەبەستەی کەسە بیت. تە بەسەر ئەم گشتە ناهەموا ریا بازهەم ئەوەە دەمتە و ئەم کارە، ئاسانە بەت. تە ئەشە هەممەت بەخەرج بەیت و زەخم ئشق بە مەرهەم ئشق تیمار کەیت تا خوەشەو بەت...» ، سەیران چوون هەمای خەشەویستی و عەشقە بەیە مەرگەکەی بە فریدوون وەها گرانە، تەنانەت مەرگی سەیران وەک کەنیشک و منالی بنەماەکەی بەم شەوەی کە بە فریدوون گران و دژوارە بە ئەوان وەها نییە. فریدوون لە داخی لەدەسدانی مرۆڤەک، چەشنەک لە شینگەڕەی تایبەتی هەنەبژاردەوە، بەکوو لە داخی نەمانی عەشقە کە وەها ئاکارەک دەنوەنە. کەواتە دووبارە دەزینەوەی عەشق ئەگەری ئەوەی هەیە کە چارەی بکا. واتە پاتەکردنەوەی ئەزموونی پەشووی لە ژیان و دەزینەوەی دووبارەی دەلاقەی هاوبەش بە هوانین بە جیهان. (زنجیرە پەایەکان تەنیا بە شمشەری پەاین ئەپسەن).

لە کەتاییدا بە پەی ئاماژەی گەانەوەناسی و شیکردنەوەی ناوەکی تەمانی (خەوزەان) بەم ئەنجامە دەگەین، نووسەر بە باس کردنی چەمکەکی بنەەتی وەک مەرگ و ژیانی کەسەکان لە پاش لە دەستدانی ئازیزانیان، لە شەوازی نووسینی رەمانی کلاسیک و بە مەودایەکی نزیکی گەەوە بە هوەداوی چیرەک کەکی وەرگرتەو. هەبژاردنی ئەم تەکنیکە-واتە مەودای کەمی گەەوە لەگەە هوەداوەکانی تەمان- ئەمە شەماند دەکا کە نووسەری تەمان خەی بە تەواوی لەگەە ئەم ئەندەشەیە دەستەویەخەیە و بیرکردنەوە لەم چەمکە وەک کردەوەیەکی حاشا هەنەگر دەزانە. مەودای کەمی گەەوە لە گەانەوەی تەماندا بە تەواوی خەنەر لە عەینییەتی هوەداوەکان نزیک دەکاتەوە و تا ئاستەکی بەرچاو پرسیار و داغەی سەرکی تەمان دەنەتە بەرباسی

خوێنەر. ئەم پرسیار و لێکۆڵینەوە تەنانەت لە دوو کاری کوردی پێشووی سراج بناگەر(کەمەنگە چیرۆکی چاوشارێکە و ڕەمانی قولولولوو) بە چڕشنێک پاتە دەبێتەوە و وەدەچێت هەزارن ڕەمان و ملوێنان دەق قەڕبووی باسکی وەها ناکەن.

پەراوێزەکان:

. بڕوانە: (سرآغاز کار هنری.مارتین هایدگر، ترجمەی ضیا شهبازی) و (انکار حضور دیگری. سیاوش جمادی).
. بە هەی مەودای کورتی وتارەکە، تەنیا ئاماژە بە لاپەڕەکان کراوە و خەم لە نووسینی ستەکانی ڕەمان پاراستوە.
. (مەودا)، بەو مانایەی، کە گەڕانەوەی لە کاتی گەڕانەوەی چیرۆکدا چەندە بە واقیعی ڕووداوەکە نزیکە؟ ئایا ڕێک گشت ڕووداوەکە دەتوانە بە عەینییەتەوە بگەڕێتەوە و مەوداییکی کەمی لە گەڵ چیرۆک هەیە؟، یان نا تەنیا توانستی گەڕانەوەی بەشێک لەو ڕووداوی هەیە؟. هەتا مەودای نێوان گەڕانەوە و ڕووداو کەمتر بێت، ئەوە بەردەنگ لە گەڵ عەینییەتێکی زیاتر لە چیرۆک دا بەڕووڕوە و لە بەسەرهاتکانی چیرۆک بە باشی ئاگادارە، بەڵام کە مەودای نێوان چیرۆک و گەڕانەوە زیاد بوو، لە عەینییەت کەم دەبێتەوە و زیاتر لە شێوەی زەینی نیزیک دەبێتەوە، لەوێدا بەردەنگ لە گەڵ دەروونناسیی کاراکتەر و هەلومەرجکانی زەینی-گەڕانەوە/کاراکتەر –بەڕووڕوە.
.لەردا مەبەست لە زەمەن، زەمەنی تەقوویمی(time) نییە و مەبەست زەمەنی دەستووری چیرۆک و دەقە.
. گشت ئاماژەکان بە ڕەمان لەم چاپە وەرگیڕاون: بناگەر، سراج.(۱۳۸۹).خەوزان.سەقز. بەاوگەی خانی.

سەرچاوە: مالی کتێبی کوردی (http://kurdishbookhouse.com)

مەژووی قوربانی کارەسات، بیرەوەری، گەڕانەوە … کاوان

محەمەد پوور

کورتە باسێک لەسەر کتێبی (کارەساتێکی مێژوویی)، نووسین و کۆکردنەوەی عەزیز وەلیانی

کاوان محەمەدپوور

پێل ێیکەر لە وتاری (بیرەوەری و فرامۆشی)دا گۆڕانەوەی سەرچاوەکانی (بیرەوەری) وەکوو کردەوەیەکی ئەخلاقی لەمێژووی بەفەرمی کراوی دەسەڵات دەزانێت،«ئەو شتەی فەلسەفەی مێژوو (بەتایبەت فەلسەفەی هێگل) هەمیشە هێگری بووە، کە کردنەوەی ئیمتیاز، گۆشە و سەرکەوتنە»(ریکور: خاطره و فراموشی) . واتە مێژوو هەمیشە مێژووی سەرکەوتووان و دەسەڵاتدارانە. بە وتەی ێیکەر "گۆڕانەوەی بیرەوەری" لە بەرانبەر ئەو زهنییەتە دەوەستێت کە مێژوو بە فەرمی دەسەڵاتدارانەی خەی ئەنووسێتەوە، "گۆڕانەوەی بیرەوەری" مێژووی لەقەوماوان و قوربانییانە:« ئەمە پێویستمان بە گۆڕانەوەیەکیتریش لە مێژوو هەیە...ئەم گۆڕانەوەیە، گۆڕانەوەی قوربانییەکان، زایەکراوان و بێجەماوانە کە دەستوێخەی مێژووی سەرکەوتن وموفەقییەت دەبەتەوە»(سەرچاوەی پێشوو).

بەم بەچوونە ئاگامەندی بەسەر ابردوو و بیرهێنانەوەی لە قاڵبی گۆڕانەوەدا، چەشنێک لە وەستان لەمێژووی بەدەسەڵات کراو) شەماند دەکا و وەکوو گۆڕانەوەیەکی نوێ لە سەنگەکیترەوە بە مێژوو خۆئەنوێنێت.
ێیکەر هەر لەم وتارەدا بە ئاماژە بە دوو وتاری فرێید (بیرهێنانەوە، پاتەکردنەوە و گۆڕان) و (شینگۆی و مالیخولیا) لە هەوەی ئەوە دایە ڕەهەندی (نەخۆشی-دەرمانی)ی "بیرەوەری کارەسات" لە چواچێوەکی گۆڕانەوەناسانە و دەروونشیکارانەدا چارە بکات. فرێید لە وتاری (شینگۆی و مالیخولیا) دوو چەمکی شینگۆی و مالیخولیا- وەکوو کردەوەیەکی دەروونناسانەی مرۆف لەمێژ ئەبژێی لە دەستچوو-لە یەک جیا دەکاتەوە. لای ئەو دوو کردەوەی بەرچاوی مرۆقیمان بە "ئەبژێی لە دەستچوو" هەیە. "ئەبژێی لە دەستچوو" ئەو چەمکەیە کە ئیتر بوونی نییە و بە هێگڵی جیاواز لە دەستی ئەمە دەرچووە، وەکوو (زهد و نیشتمان،
ئازادی، مەرگ و نەمانی خۆشەویستێک)، یەکە لەم دوو کردەوانە، "شینگۆی"یە کە بەمانای قەبووکردنی چەمکی (لە دەستدان) و نەمانی ئەبژێی تایبەتە، واتە بە فرێید کردەوەی شێنگۆی (بە نموونە بە

مردوو) وەکوو قەبووڵ کردنی مەرگ و نەمانی ئەو هەوڵەکی دەروونی مرۆڤ بە گەیشتن بە ئاسوودەی و ئارامشی دوا ئەم کارەساتە. بەڵام مالیخولیا ئائەمەدی و مەیلی زیدە بە دووبارە تەکنەبوونەوە لەگەڵ ئەبژەی لە دەستچوویە، بەو مانایە لە مالیخولیادا(شیدایی) مرۆڤ ناتوانێت قەبووڵی ئەو ڕاستییە بکات کە فەرمانڕەوایەتی ئیتر لە ژیانیدا نەماوە و هیچ بوونەکی نییە. مالیخولیا، خزینە لەناو خەمەکییەوە، بەتابشتی لەمەڕ "فەرامۆشی" و"بیرەوەرییە". واتە لە مالیخولیادا ئەبژەی لەدەستچوو هیچ کات، نەبوون و نەمانی لەلایەن ئەمەوە قەبووڵ ناکرێت تا وەکوو بیرەوەری ناوی لەبەنین و لە ئاکامدا بە فەرامۆشی بگات.

یەکەر لە وتاری فرۆید دا بەم ئەنجامە دەگا کە (گەڕانەوەی بیرەوەرییەکانی کارەسات)، وەکوو شینگێڕی لەمەڕ کارەسات دەنوێنێت و بە چێشنێک قەبووڵ کردنی ئەبژەی لە دەستچوویە، کەواتە جیا لەوەی بە گەڕانەوە ئەمە هەوانگیەکیتر لە مژوو -کە گەڕانەوەی قوربانییە لە کارەسات پێناسە دەکەین-، لە هەوڵی ئەوەش داین کە هەڵەندی (نەخۆشی) بیرەوەری بڕەو هەڵەندی (دەرمان) بگوازنەوە. هەکەر جیا لەم هەڵەندە دوو هەڵەندیتر بە بیرەوەری پێناسە دەکا: (هەڵەندی کردەوەیی) و (هەڵەندی ئەخلاقی-سیاسی) کە بەتایبەت لە هەڵەندی ئەخلاقی-سیاسیدا بیرەوەری وەکوو کردەوەیەکی سیاسی بە زیدەکردنی عداڵەت و پاراستنی مافی قوربانییەکان خەیی وێنا دەکا. بیرەوەری وەکوو کردەوە لە هەوڵی پارستن و بوونەکشانی ئەو هەنجێە کە مژوو باڵی بەسەردا کێشاوە و لە ژێر مژووی فەرمی دەسەات بزر بووە.

ئەگەر هوانگەی یەکەر لەمەڕ بیرەوەری و فەرامۆشیدا پەسەند کەین و لەو سەنگەوە لە مژووی کوردەواری بڕوانین، هەنگە لە ئاکامدا دەستکەوتەکی جیاواز لە دەستکەوتی هەنووکەییمان هەبێت. ئەم مژوویە کە لانیکەم سێ دانە کارەساتی گەورەی مرۆڤ گوژی و ئاوارەیی لەبەتەوە تا ئەمەکە کەمتەر لەلایەن خەمانەوە-واتە لە لایەن قوربانییەکان و پاشماوەکانی کارەسات- گەڕدراوەتەوە . لەم سێ کارەساتە یەکیان دەگەڕێتەوە (٢٠ی ژانویەی ١٩١٦ی.ز) لە ناوچەی موکریان و شاری سابڵاغ کە هەزدار عەزیز وەلیانی لە دوو تۆی کتێبەکدا سرنجی داوەتە. ئەم کتێبە کە پەکهاتوو لە یەک پێشەکی و سەزدە وتار لە نووسەرانی جیاواز و دوازدە بیرەوەرییە لە لایەن بڵاوگەی (گوتار) بە ناوی : (کارەساتەکی مژوویی، کوشتاری خەکی کورد بە دەست سپای هووسی تزاری ١٩١٦) بڵاوکراوەتەوە.

بەداخەوە ئەم کارساتە کە یەکە لە گەورەترین گوشتارەکانی سەدەی بیستەم و شەڕی یەکەمی جیهانییە تا ئەمڕۆکە ئاوەکی شایانی لێندراوتەوە، واتە جیا لەم بەرهەمی بەڕێز وەلیانی دەقەکیتر لە ناو کورددا نادەزینەوە کە ئەم کارساتەی تاوتوێ کردبێت و وەکوو کردەوەیەکی دژە مرۆیی باسی لێوەبکات.
بە پێی ئەم بەرهەمە لە (٢٠ی ژانویەی ١٩١٦ی.ز)دا سپای ئیمپراتۆری ڕووس بە بیانووی تێکدنەوە لە سپای ئیمپراتۆری عوسمانی خۆ دەکا بە شاری مەهابادەوە و لە چەند ڕۆژدا نزیکەی دە هەزار کەس لە شار و گوندی ئەم ناوچەیە دەکووژێت. شەڕی یەکەمی جیهانی کە هیچ فەی نە تێنیا بۆ ناوچەوە نەبوو بەڵکوو حکوومەتی ئۆکاتی ئێران (قاجار) بە لایەنی خۆی لەم شەڕە ڕاگەیاند بوو و لانیکەم بەشێوەی فەرمی پشتگیری هیچ یەک لەم لایەنانەی نەدەکرد، بەڵام بە خاوەنی و بە دەسەڵاتی حکوومەتی قاجار، هیچ ئاوەی کە لە توانستیدا نەبوو پێش بە هاتنی دوژمنەتان بە ناو سنووری ئێران بگرێت، هەرگیزش نەیتوانی داوای مافی ئەم خەڵکەش بکاتەوە. کەسانێکی زۆر بە بە ئاوەی فەیان بەسەر شەڕی یەکەمی جیهانی هەبە بە بزەیانە تێداچوون و هیچ دامودەزگا و -مافێکی مرۆیش!!- قەرەبووی ئەم کووشتارەی بە نەکرایەوە. « ئاکامی چوار ساڵ شەڕی جیهانی بە خەڵافەتی عوسمانی کوشتاری زیاتر لە یەک میلیۆن ئەرمەنی و (٧٠٠) هەزار کورد بوو».
(وەلیانی بە گێڕانەوە لە درک کەندا، ل: ٣١)
بە پێی گێڕانەوەی کتێبی (کارساتێکی مێژوویی) یەکە لە پاساوەکانی سپای ڕووس بۆ هێرش بردنی سەر مەهاباد، کۆژرانی سەر کەنسوولی ڕووس، (ئەلکساندر ئیاس) بوو : «ئەلکساندر ئیاس، کەنسوولی ڕووسی تزاری لە شاری سابڵاغ، لە ١٩ی نوامبری ١٩١٤ بە هەی مەترسیەک کە هێشڕی لە شاری سابڵاغ دەکرد، کەنسوولگەری داخست و بەرەو مەراغە ڕۆ کەوت. بەڵام ئیاس جارێکیتر گەڕاوە جێی ژیانی پێشوو (سابڵاغ) تا بڕێک لەو کەڵو پەلانەی لێی بەجێمابوون هەڵیانگرێ. لە نزیک میاندواو دەکەوژرێ و سەری بەاوی بەڕێ دەکرێتەوە سابڵاغ. بە سەلماندنی ئەوە کە پیلانی کوشتنی ئیاس، عوسمانییەکان ڕاستەوخۆ دەستیان هەبووە،
پشت دەبەستین بە بەڵگی ئەو شینگەییەی کە مینەرسکی بە ئیاسی دەنووسێ: "لە ٢ی فیوریەی ١٩١٥ ڕووسەکان ئەو شارەیان (تەورێز) گرتەوە و لە شەڕی سەفیان بەڕێک لەو کەڵو پەلانەی ئیاسیان لە لای ئەفسەرێکی کوژراوی تورک دەزیەوە. لە نەو ئەو کەول وپەلانە، مەر و میدالێ و چەند نیگاتیوی وێنەی ئیاسی تێدا بوو".

مەبەست ئەوەیە کە کاربەدەستانی ڕووسی تزاری، سەرەڕای زانیاری و

ئاگاداریان لێ ڕاستی ووداوەکە، بە بیانووی تۆڵەی گیانی یەک کەس، لە ٢٠ی ژانویەی ١٩١٦ ژانە شار و ئاوایەکانی موکریان...».(ل: ٣٥).
« ئیلکساندر ئیاس، سەرکەنسوولی دەستڕێشتووی ووس بە گوتەی جان چالنکە بە پێی پیلانێکی دارێژراو لە نزیک میاندواو دەکوژرێ و ماوەیەک سەری بڕاوی لە بەر دەرکی مەحکەمەی سابڵاغ هەڵدەواسن و پاشان فڕێی دەدەن بە کایەی منداڵانی شار. ووداوی کوژارنی ئیاس دەبێتە هۆی پەلامار هێنانی لشکری خوێن و لە ٢٠ی ژانویەی ١٩١٦دا ژانە نێو شار و بە ماوەی ٤٣ ڕۆژ سابڵاغ ئابڵۆقە دەدرێ و بەوپەڕی بەربەرەکانێوە بەردەبنە گیانی خەڵک».(ل:١٥٢-١٥١)
لەو سەردەمانە و بە پاساوی مزهەبی حاکمی مەهاباد (قازی فەتاح) پشتگیری خۆی لە سپای عوسمانی لە بەرامبەری سپای ووس ڕادەگەیەنێت و ڕۆگە دەدات سپای عوسمانی لە ناو شاری مەهاباد جۆلان بدەن.« قازی فەتاح، پیاوی ژمارە یەک و دەستڕێشتووی ئەو کاتی دەڤەری سابڵاغ، بە ئەوەی وەک بنەماڵەی مریدی تەریقەتێکی مزهەبی یان گەردەی یەکە لە بنەماڵەکانی شێخکان بە، بوو بە مەقاشی دەستی عوسمانییەکان و بە دنەی ئەوان فیتوای "جیهاد"ی قەستەوە بە تەوگلان لە شەڕێک کە قەت و بێ نیزیک (١٠٠٠٠) کەسی لێکەوتەوە، بێ ئەوەی هیچ فێی بە چارنووسی خەڵکی کوردەوە هەبە!» (ل:١٢). هەر چەند لە گەڵانەوەی بیرەوەرییەکانی ئەم کتێبە قازی فەتاح وەکوو پیاوێکی شەڕشگێر لە بەرامبەری سپای ووس شەڕ دەکا و لە ئاکامدا دەکووژرێت (بەوانە بەشی بیرەوەرییەکان ل:١٥٥)، بەڵام هەڵەی ئیستراتێژیکی ئەو و پشتگیری لە سپای عوسمانی بەڵایەکی ماڵوێرانکاری بە خەڵکی ئەو ناوچەیە لە بەوە.

ئەوەی لەم کتێبەدا (کە پشت ئەستوورە بە چەندین بەڵگەی میسانەر و قشە مەسیحییەکانی ئەو سەردەمە) زیاتر جێگەی سەرنجە، بەشی بیرەوەرییەکانی ئەم کارساتەیە. بیرەوەرییەکان بە شێوەی زارەکی لە ئەو پیرەپیاوانە گێڕاونەتەوە کە باوک یان باپیرە گەورەیان ئەو وەخت لە مەهاباد و دەوروبەری ژیانیان کردوە. لەسەرتاری ئەم وتارەدا کورتە ئاماژەیەکم بە تەڕی پێل ئیکەر، فایلەسووفی فەڕانسی لە بارەی گێڕانەوەی بیرەوەری وەکوو فۆرمی نۆرمنی بە مێژووی فۆرمی کراوی دەستپێات کرد. ئەگەر ئەم تێڕییە بە بنەمای خۆماندنەومان بگرین لە ئاکامدا بەو ئەنجامە دەگەین کە بیرەوەرییەکانی کتێب بە زمانێکی ساکار چەند بەشی ئەم کارساتە شەمەندەکەن و لە هەوڵی بەرسازکردنی شەما و پێکەڕەک لە ئابردوون:
یەکەم: کوشتاری دەندانی خەڵی سابڵاغ و ئاکاری دوور لە مرۆیەتی

ڕووسەکان.« دە هەزار کەس لە حەشیمەتی ١٤ هەزار کەسی ئەم شارە لە ژن و پیاو و زارۆک و پەککەوتوو کەوتنە بەر زەبری شیری و تیری سەربازانی قین لە دە و لە خوا بەخەبەری ڕووس».(ل:١٥٨-١٥٧).وە بەوانە بیرەوەرییەکانی : حاجی عەبدوڵا قازی بە گێڕانەوە لە باوکی، میرزا خەلیل فەتاحی قازی، حاجی مستەفا تەیموورزادە، شێخ ئووف زیایی).

دووهەم: بەرگری حاکمی مەهاباد(قازی فەتاح) لە بەرامبەری سپای ڕووس و گوژرانی دڵڕانەی ئەو. بە نموونە لە بیرەوەرییەکاندا هاتوو قازی فەتاح لە وەڵامی ئەفسەرێکی ڕووسدا دەڵێت:«...هەتا ئەمن زیندوو بم نایەڵم عرووس [ڕووس] بێتە نێو شاری مەهاباد. ئەوان بۆن خەڵکی قەتڵی ئام کەن و ئەمنیش لە ماڵە خەم دانیشم؟»(ل:١٧٢). یان لە وەڵامی کوڵکانیدا دەڵێت: «چۆن دەتوانم زیندوو بمێنم لەشکری ڕووسان شاریان داگیر کردبێ» (ل:١٨٢). بەپێی بیرەوەرییەکان، قازی فەتاح لە شێوە لەگەڵ سپای ڕووس دەکووژرێت و لە پاش چەند ڕۆژ تەرمەکەی لە مزگەوتی شادرەوش تەسلیم دەکەن.
سێهەم: قات و قێی دوا ئەم کارەساتە. «هەزاران مرۆڤی چارەڕەش پاش گوشتاری قەزاقەکانی خوانەناس و غەددار کە لە برسان پەڕا دەهاتن، ئەوانیان بە تکەایی لە قەبری گشتی دەناشتن، ئەو شوێنە بە گۆستانی برسییەکان نەودەر کرابوو!».(ل:١٦٩). «گەنم و دانەوێڵە، بنەی هاتبوو، وەرزێڕەکان چ توانستی کاری کێڵان و زەوی‌وزاریان نەبوو. لە هەڵو مەرجی ئەوتەدا نەدار وبرسی و ڕووت و ڕەجاڵ کە بە تەنیا بە ڕواڵەت زیندوو بوون و بەس بە دەنگی نووساو و دەی پێ حەسرەت و بە ناڵینی پێ سەز دەکووزانەوە».(ل: ١٩٠-١٨٩). «... دوای ئەو گوشتارە، گرانی و قات و قێیەکی بە ڕادە گشت ناوچەی موکریان لە خۆ دەگرێ. بە وتەی بەساڵاچووان، تەنانەت خەڵک مەجبوور بوون گەشتی سەگ و پشیلە بخۆن». (ل:٢١٢).

لە مێژووی فەرمی ڕووسکاندا ئەم کوشتارە وەکوو سەرکەوتنکی گەورە لەمێژ سپای عوسمانی دایە (سپای عوسمانی لە ناوی شاری مەهاباد بوو و بەنام توانستی بەرگری لەخۆ و شاری نەما، بۆیە هەر زوو پاشکشەی کرد و شار بەجێ دەهێشت). بە ڕوانگەی (بێکەر)ەوە مێژووی فەرمی لایەن دەسەڵاتدارانەوە بە چەشنی پێویست چەواشە دەکرێت و ئەوەی بزر دەبێت مێژووی لەقەوماوانە. لەڕدایە کە بیرەوەری پاشماوەکانی کارەسات ئەتوانێت ڕۆچکەیەی تر لە مێژوو بدزێتەوە. لە بیرەوەریەکانی کارەساتی ١٩١٦ی سابڵاغ نە تەنیا هیچ ڕەشادێت و سەربەیندییەکی ڕووسکان شەماند ناکرێت، بەڵکوو دەبێتە قی و بەروحمی

ئەوان بەرجەستە دەبێتەوە، لە لایەکی‌تر پاش کارەسات، کە بە مژووی فەرمی دەسەڵات بە کۆتایی هاتن و سەرکەوتن بەسەر دوژمن پێناسە دەکرێت لە لایەن (بیرەوەری)یەوە وەکوو قۆناغێکی‌تر لە کارەسات دەنوێنێت، قات و قۆی و گرانییەک کە بەسەر شاردا دێت ووێکی‌تری ئەم شەڕە نیشان ئەدات. لەم بیرەوەریانە کەسایەتی (قازی فەتاح) وەکوو نوێنەری گشت جەماوەری مەهاباد بە سیمبۆڵ دەکرێت و نەترسی و بەهێزی ئەو هەمایەک لە ڕۆحی پارستنی زێد و نیشتمانە، واتە لە گشت بیرەوەرییەکاندا قازی فەتاح هەمای گشت خەڵکی شارە، ئەم هەمایە لە هەوڵی شەمەندەفەر کردنی چەمکی (خۆشەویستی لە ئادەمیزاد) بە نیشتمانە، کەواتە کەسەکان لەبەر ئەوەی خۆشەویستی و داخی خەیان بە شار نیشان بدەن، لە بیرەوەرییەکانیاندا، سەرچەشنێک (لەبەرداقازی فەتاح) بەرجەستە دەکەنەوە و دەیهێنە ناو قاڵبی (گۆڕانەوەی) خەیانەوە. هیچ یەک لەو هەمایانەی کە لە بیرەوەرییەکان دەوترێتەوە لای مژووی فەرمی دەسەڵات مانای نییە و بەکوو ئینکار و نەرێنی لێدەکرێت.

ئەگەر دیسانەوە بە ڕوانگەیەکی ڕیکاری سەرنجی ئەم بیرەوەریانە بدەینەوە بەم دەرئەنجامە دەگەین کە کەسەکان بە ئەوەی بتوانن ئەم ڕووداوە تەنانەت بە شێوەی زارەکیش بێت بە جیلی داهاتوو هەنارد بکەن و لایەکی‌تریەوە –وەکوو فرەید دەڵێت- قەبووڵی نەمانی (ئەبژەی لە دەستچوو) بکەن، لە هەوڵی ئەوەدان سەرچەشنی ڕووداوەکە بگۆڕنەوە. گۆڕانەوەی سەرچەشنی ڕووداوەکان (هەر بەم جۆرەی ڕیکار لە (تێزەتان تەدەرەف)ەوە دەیێتەوە) ڕێگەیەکە بە ئەهوەن کردنەوەی دەروونی مرۆڤ و هەوە بە گەیشتن بە ئاقارێکی نوێیە کە دەبێتە (داهاتوو). گۆڕانەوەی سەرچەرشنی ڕووداوەکان، گۆڕانەوەیەکە کە ڕووداوەکان بە جیلی نوێ دەستبەر دەکا. هەر بەو شێوەی ڕیکار دەڵێت:«ئەو گۆڕانەوەیە کە شۆڕەیکی تایبەت لە دەستەمکردنی بیرەوەری ساز دەکا». بیرەوەرییەکانی کارساتی ۱۹۱٦ی مەهاباد پێکهێنان و دەستەمکردنی بیرەوەرییەکە کە دژ بە گۆڕانەوەی مژووی دەسەڵات دەوەستێت و جاریکی‌تر ئەمە بەرووەویی پرسیاری چۆنییەتی گۆڕانەوە و بەرەوو بوونەوە لەگەڵ مژوو دەکاتەوە.

سەرچاوە و پەراوێزەکان:

. خاطره و فراموشی. پل ریکور. ترجمه: ویکتوریا طهماسبی
. کووشتاری خەڵکی سابڵاغ بە دەست سپای ڕووس (۱۹۱٦). کارساتی

دەرسیم (۳۸-۱۹۳۷). ژینەسایدی ئەنفال (۱۹۸۸)
. ئەوە بۆ مانایە نییە ئەمە بۆ ئەم کارەساتانە هیچ دەقێکی مێژوویی یان شیکارانەمان نەنووسیوە، بەڵکوو مەبەست ئەوەیە نەمانتوانیوە چەشنێک لە تیۆریی یان لانیکەم دەلاقەیەکی تر بۆ مێژوو بکەینەوە.
. گشت سەرچاوەکان لە کتێبی: کارەساتێکی مێژوویی، کوشتاری خەڵکی کورد بە دەست سپای ڕووسی تزاری ١٩١٦، عەزیز وەلیانی. چاپی دووهەم. سەقز، نەشری گوتار (١٣٩٧)، وەرگیراون.

ئینسایکلۆپیدیا، پووختەی عەقڵانییەتی مەدەن... کاوان محەمەد پوور

سەبارەت بە زەرووراتی نووسینی ئینسایکلۆپیدیا بە کورد

ئاگەر
ئاوەڵکی خەرایی لە سەردەمی ڕووناکبیری ئەروپا بدەینەوە، یەکە لەو بەرهەمانەی –کە دەنگە
زیاتر لەوانی تر- دەتە بەر چاومان و بەهیچ ڕوو ناتوانین کاریگەری ئەو بەرهەمە
لەسەر هۆشنگەری چ وەک هەوت و چ وەکوو ئاگایێکەرەوەی کەمدەگا پشت گوێ بخەین، (**ئینسایکلۆپیدیای**
زانست، هونەر و پیشەکان)ی فەیلەسووفی فەرانسی (دەنی دیدرۆ)یە. ئەم بەرهەمە وەکوو
یەکەم ئینسایکلۆپیدیا(Encyclopedia) گشتی لە زانستدا ناودەر دەکرێت. دەنی دیدرۆ بیست و
شەش ساڵ لەتەمەنی خۆی بۆ ئەم بەرهەمە بیست و هەشت بەرگییە تەرخان کرد. کۆبەندێک لە
زانست و دەستکردەکانی مرۆڤ کە ئاست و پلەی هۆشیاری و هەڵخەڵەی مرۆڤ لەمە ئەتەریتە(هەڵز)ی
کلیسا و ناعەقڵانی مرۆڤ دەباتە سەر.

ئەوەی کە لە سەرەتای ئەم یادداشتەدا ئاماژەم بە
سەردەمی ووناکبیری و نووسین و سەرهەڵدانی دەنی دیدرێ بە
ئینسایکلۆپیدیا کرد
تەنیا یەک مەبەستی تەدایە، ئەویش کاریگەری ئینسایکلۆپیدیا لەسەر
زانستی گشتی
کەمەگا و تەکشکاندنی ئەتەریتەی زاڵی، جیا لە عەقڵانییەت مرۆڤ.
ئەم بەشە هەک
پەوەندی بە هەوتی هەشنبیری و ووناکبیری کوردی ئەمەو هەیە و
زەرورەتی نووسینی ئینسایکلۆپیدیا
لە مەژووی کورددا دیاری دەکات. هەبەت بە هیچ ووە نە لە توانایی
زانستی من دایە و
نە ئەم کورتە یادداشتە دەیهەوێت شەوە و مەتەدی نووسینی
ئینسایکلۆپیدیا نیشان بدات.
ئەم یادداشتە تەنیا دەیهەوێت بە ئاوەدانەوەیەکی
مەژووی لە هەوتی ووناکبیری ئەروپا، گرنگی نووسینی
ئینسایکلۆپیدیا بە کەمەگا
باس بکات. بە ئەو مەبەستە ئاوەکی خەرایی لە مەژووی ووناکبیری
ئەروپی دەدەمەوە
و پاشان پەداویستییەکانی نووسینی ئینسایکلۆپیدیا بە پێی مەژووی
ئەزموون کرا و هاو
مژاری هەوتی زانستی کوردی باس دەکەم. دیارە مەژووی زانستی و
مەعریفی ئەروپا
هەگری نووسین و باسکردنی زەرە و من لەردا بە پێی پێوسیت و
مەودای ئەم وتارە،
تەنیا بەشکی زەر کورت، کە بە واتایەک بە ناسینی هەی نووسینی
یەکەم ئینسایکلۆپیدیا
زەرورەتی هەیە باس دەکەم.

سەردەمی
ووناکبیری و نووسینی یەکەمین ئینسایکلۆپیدیا

هیچ
بەرهەم و زانستکی جیهانی بە پاشخان بەدی نایەت. تەنانەت ئەگەر
وکوو واتەر بنیامین
فەلسەفەی مەژووی خەمان لەسەر چەمکی (دابان)یش بوەستنین و پەمان
وابەت بە
پێچەوانەی هەگەلەوە مەژوو هەمیشە بەرەو پێشکەوتن ناچەت و

ناتوانین پشکەوتن وەکوو
بەرجەستە بوونەوەی مادییانەی عەقڵ پێناسەبکەین، بەکوو دروست
بوونی سەرتا نوێکانی
مێژوو لە دابڕان لە ڕابوردوو پشینەی مێژوو دایە، دابڕان وەکوو
ساتەوەختێک وایە کە
مێژوو چیتر ناتوانێت خەی دووپات بکاتەوە. بە وتەی بنیامین ئەم
دابڕانە شتێکی سانا
و ئاسایی نییە و هەمیشە لەگەڵ خەی وێرانکاری و تووندوتیژ و
تێشکانی پێیە. واتە بە چەشنێک
تێکشکان و وێرانی مێژووی پێشوویە. ئەمە بەو مانایەیە کە تێنانێت
لە چەمکی
دابڕانیشدا پاشخانی مێژوو و کەبندێک لە پێش مەرج بە دابڕانی
مێژوویی هەیە. واتە ڕاوت
و مێژوویی تایبەت، دوخێکی تایبەت بەرهەم دێنن کە ساتەوەختی
دابڕان لەودا بقەومێت.

یەکێ لە گرنگترین ساتەوەختەکانی دابڕان لە
مێژوویی ئەروپا، تێکشکان و وێران کردنی ئێتەریتی(هەز)ی کلیسا لە
لایەن
عەقڵانییەتی مرۆڤ. لە سەدەکانی ناویندا(Middle Ages) گشت زانست
و زانیاری لە ژێر
چاودێری کلیسای کاتۆلیکدا پەروەردە دەبوو، گوتاری زانستی کلیسا بوو.
بە دەستواژەی میشێل فۆکۆیی، لەو سەردەمدا حەقیقەت یان زانست و
مەعریفە، ئەو
چەمکە بوو کە کلیسا پێناسەی دەکرد، ئێتەریتی کلیسا لە گشت لق و
پۆ فەرهەنگییەکانی
کەڵەگادا گەریانی هەبوو و تێنانێت کەشە لەگەڵ ئەم ئێتەریتییە
ئۆگەری گیان لە دەست
دانی لەدەکەوتەوە. بەڵام ئۆگەر لە خوێندنەوەیەکی مێژووییدا (ڕێنێ
دێکارت) وەکوو
باوکی سەردەمی عەقڵانییەت و یەکێ لە باوکانی سەردەمی ڕووناکبیری
ئەروپا بزانین کە
لەمێ ئێتەریتی کلیسا ڕادەوەستێت و بە جۆگەی وتەکانی پاپ و
کلیسا عەقڵی پێتی
دەکاتە تێنیا سەرچاوەی زانستی بەشەری، بەمان دەردەکەوێت کە پێش
ئەو، نووسەرانی تر

وەکوو (دانتە ئەلیگیەری) و (جووانی بوکاچیە) بە نووسینی چیرۆک-
هەبەت نە بەمانا
مەدەنەکی-ەگ خشکەری گوتاری نوێ، واتە عەقڵانییەتی مەدەنن
بە دەکارت. لەم
تاقمە نووسەرانە بە وتەی کەندرا بە هیچ ڕوو ناکرێت سەروانتس
(نووسەری دەنکیشت)
بسەنەوە. بەڵام دانتە وەکوو پێشەنگی بەرهەم هێنانی یەکەمین
بەرهەمی داستانی کە
خۆقەنەری (خودی نووسەر)ە، نە داستان و وتە ئەستووریی و
مەزهەبییەکان، خەی وەکوو
(دابەان)ەکی مەژووی پێناسە دەکا. (کۆمەدیای یەزدانی) بەرهەمی
جیهانی زهنی
نووسەرەکەی، واتە دانتە ئەلیگیەریی. لەردا دانتە و لە پاشان
بوکاچیە (نووسەری
دەکامەرن) و سەروانتس (نووسەری دەنکیشت)، بە یەکەمین ەا لە
مەژووی ئەروپا نووسەر
یان (ئەرتەر) بەدیدەنن. بەر لەم نووسەرانە هەرچی بەناوی چیرۆک و
ەەمانسەوە لە
ئەروپا نووسراوە، گەانەویی پاتەکراوی کتەبی پیەز و
ئەستووریکان بووە.

ئەگەر
جیهانی واقیع خۆقاوی خواوەندە، جیهانی چیرۆک نووس، خۆقاوی
نووسەرە. بە چەشنی
ئیستعاری نووسەر لەمەڕ بەرهەمەکەی وەکوو خوایەک وایە کە جیهان
پێکدەنێت و سەرو سامانی
دەدات، واتە ئەتەریتەی نووسەر بە دەقی بەرهەم هاتوو بەدی دێت.
لەردایە کە وردە
وردە ئەتەریتەی کلیسا و شرۆڤەی کلیسا لە کتەبی پیەز و ئاکاری
مرۆڤ و جیهان
دەکەوێت ژەر تیشکی ەەخنەوە. بەدی هاتنی نووسەر وەکوو کەسایەتییەک
کە بە پێکهێنانی
جیهانی نوێ لە ژەر ئەتەریتەی کلیسا و پاپ دا نییە و خەی بە
خەیاڵی خەی بەرهەم
هێنەری جیهانێکی نوێیە. بەگشتی لەم سەردەمدا
خولقاوەکان/بەرهەمکان-ئەوانەی
ئاوێنەی ئەتەریتەی نووسەرن-، بە چیرۆک دێنە ئەژمار، واتە بەرهەم

یان دەستکردەکی زانستی
بە چەشنەکی شیاو بوونی نییە. لە سەدەکانی دواییدایە شرۆڤەی نوێی
(مارتین لوتەر) و(جان
کالڤین) لە کتێبی پیرۆز و هاتنەکایەیی چاکسازیی پرۆتیستانتی،
ڕێگەیەکی بەربڵاوتر
بە بەدی هاتنی عەقڵانییەتی دەکارتی دەکاتەوە. دەکارت وەکوو
نوێنەری عەقڵانییەتی
مەدێرن، تەنیا ئەو دەستکەوتە بە شیاوی زانست و مەعریفە دەزانێت
کە بەرهەم هاتوویی
عەقڵی پاتی مرۆڤ بێت و لە ژێر سێبەری گومانەوە پێناسە کرابێت. بە
وانگەیەک
عەقڵانییەتی مەدێرن هەنگاوەک ئۆتۆریتەی خولقێنەر دەباتە پێش.
ئۆگەر سارتای
تێکشکانی ئۆتۆریتەی کلیسا بە نووسینی چیرەک بزانین، بە
عەقڵانییەتی دەکارتەوە،
فەلسەفە و ماتماتیک(بیرکاری) و زانستی سروشتیش دەگرێتەوە. ئەم
پاشخان و دابەانە
مۆژووییە لە دەیەکانی دووایدا سەردەمەک لە ئەروپا پێکدێنێت کە
بە ناوی سەردەمی
ڕووناکبیری یان سەردەمی ڕۆشنگەری (Age of Enlightenment)
دەناسرێت. سەردەمی ڕوشنگەری پەروەردەی پاشخانی
مۆژووییی تایبەتی ئەروپا و کەیەک لە نووسەر و فەیلەسووفی وەکوو
دێنی دیدرۆ، ئەمانیل
کانت، ڕۆسۆ، مارکی دەساد، مۆنتسکیۆ، فرانسیس بەیکن و …هتد. گشت
ئەم
فەیلەسووفانە بە چەشنەک درێژدەری عەقڵانییەتی مەدێرنن کە بە
شێوەی فەلسەفی لەلایەن
دەکارتەوە دەستە پانتای مەعریفی جیهانەوە. دیارە هەر کام لەم
فەیلەسووفانە، ئەم
عەقڵانییەتە بە چەشنەکی تایبەت پێناسە دەکەن و زەربەیان لەگەڵ
دەسکەوتە
فەلسەفییەکانی دەکارت کۆشیان هەیە، بەڵام لە چەمکی بنەڕەتیدا
لەگەڵ ئەو هاوڕان،
ئامێش بەکار هێنانی عەقڵی مرۆڤ لەمەڕ پێناسەکردنی جیهان و
دژایەتی لەگەڵ ئۆتۆریتەی
کلیسایە، ڕۆشنگەری لە بەچوونەکانی کلیسا و پێناسەکردنی
مرۆڤ وەکوو وێنایەک

لە گشت و پست و خوێن، مرۆڤ لە بازنەی یەزدانیدا دەکشێتە دەرێ و وێنایەکی زەوینی
پێ دەبەخشێت. مرۆڤی ئەم سەردەمە، مرۆڤی تەنیا و وەک لە پانتای بەربڵاوی بوون دایە،
لەبەردا هیچ ئەستوورە و قارەمان و خودایەک بە مرۆڤ بووونی نییە کە لە تاریکستانی ژیاندا
فریای بکەوێت و ڕزگاری بکا، هەر بۆیە تەنیا خۆی دەبێت بە فریایی خۆی بکەوێت. کە
واتە بە وتەی سەردەمی هۆشگەری، هیچ دەرەتانێک بۆ ڕزگاری مرۆڤ جگە لە بەکار هێنانی
عەقڵ نییە.

عەقڵانییەتی هۆشگەری بە دابڕانی مرۆڤ بە سەر زەوی بوو بە هۆی بەدی هاتنی زانستگەلی نوێ.
مرۆڤێکی وەک و تەنیا لە پانتای ژیاندا بگومان بە ناسین و تێحەمول کردنی ژیان،
پێویستی بە ناسینی جیهان هەیە. ئەم مرۆڤە خاوەن دەروون و مێشکە، خاوەن شار و کۆمەڵگایە،
بەرهەوویی نەخشی دەبەستەوە، دژواری لە ژیانی کۆمەڵایەتی بە دەتە پێش. بیرکردنەوە
لەم چەشنە مرۆڤە و بەکەسی ئەو لە پانتای بووندا، بوو بە هۆی بەدی هاتنی زانستگەلی
جیاوازی مرۆڤ. دەروونناسیی و کۆمەڵناسیی پێکدێت، شارسازی و ئەندازیاری بەشەوەی
زانستی بەرهەم دێت، پزشکی پێش دەکەوێت و دەستووری پەروەردەیی مناڵ و کۆمەڵگا دێت
ئاراوە، شێوەی سیاسەتی مەدەن و جیاکردنەوەی هێزە دەسەڵاتدارەکان بە نەزم و هاسایی
کۆمەڵایەتی دروست دەبن. دەیان دەستکەوت و دەستکردی هونەر و زانستی لە ژێر سێبەر
بەکار هێنانی عەقڵی بەشەر و تێکشکانی ئەتۆریتەی کلیسا بەرهەم دێت. هەر لەم
گەریانەدایە کە (دەنی دیدرۆ) و هاوکارەکانی پرۆژەیەکی زانستی بە ناوی (ئینسایکلۆپیدیای
زانست، هونەر و پیشەکان) دەست پێدەکەن، هەی نووسینی ئەم پرۆژەیە پڕەن کردنی

زانستەکانی مرۆڤ بوو. ئەوەی کە هەم کۆمەڵگا و هەم بیرمەندەکان ئاگاداری
دەستکەوتەکانی مرۆڤ ببنیەوە. بە چەشنێک پەناسەی ئەوەی بکرێت عەقڵانییەتی مرۆڤ چ
دەستکەوتێکی هەبووە کە کلیسا و دەستووراتی کلیسا لە پاش چەندین سەدە نەیانتوانیوە
بڕەوەمی بدەن. ئینسایکلۆپیدیا، ناسین و پاڵەنکردنی زانستی مرۆڤ، بە پشکەوتنی
زیاترو ناسینی ئەو چەمک و ئاستەی کە بیرمەندەکان دەبێت کاری تێدا بکەن و بیناسن.
بە نووسینی ئینسایکلۆپیدیای زانست، هونەر و پیشەکان، هۆشنگەری هەنگاوێکی تر دەچێتە
پێش. ئەم هەنگاوە هۆک لەوە کۆمەڵگادا مانا دەبەخشێ. مرۆڤی کۆمەڵگا لەگەڵ بەشێکی
زۆر لە زانستەکانی جیهانی ئاشنا دەبێت و شەوەی بیر و بۆچوونیان تا ڕادەیەک فەر
دەبێت، ئەو جار خەیی خۆ، بە زانستی نوێ پەروەردە دەکات. لەردایە کە ئینسایکلۆپیدیا،
هۆشی بەخشینی زانست بە کۆمەڵگا کایە دەکات و ئیتر عەقڵانییەتی هۆشنگەری پێی وانییە
کە زانست چەمکێکی قەتیس ماو لە ناو بیرمەندان و فەیلەسووفان دایە، بەڵکوو زانست و
هونەر، بە گشت چەمک و لق وپۆپەکانی دەبێت بەتە ناو پانتای بیری کۆمەڵایەتی و
مرۆڤکانی کۆمەڵگا لە زانیاری و زانست بەهرەمەند بن. ئەم بەهرەمەندییە خێی پەروەردە
کردنی کۆمەڵگا و هۆگەخشکەری پرس و هووناکبیری نوێ بە دەستکەوتی نوێیە. بەم پێیە
یەکێ لە گرنگترین دەستکەوتکانی عەقڵانییەتی مەدەن کە لە جەستەی ئینسایکلۆپیدیای
سەردەمی هۆشنگەریدا خۆ دەنوێنێت، "بەخشینی زانیاری و پەروەردەکردن و هاودەنگ
کردنی کۆمەڵگا بە زانستی مەدەن"ە.

زەرووڕەتی
نووسینی ئینسایکلۆپیدیا بە زمانی کوردی

بە پێی
دەرئەنجامی سەرەوە، نووسینی ئینسایکلۆپیدیا لە زمانی کوردی دا بە چەند هەوڵ پێویست
دەنووسنرێت. ئەگەر بە پێی پێناسەی ئەمڕۆیی ئینسایکلۆپیدیا (زانیاریناما)، کەمێک
نووسراوێکی بەربڵاو و گشتگیر بزانین کە لە هەموو زانستەکان یان زانستێکی تایبەتی
بەشێوەی پوخت و هەڵبژاردە تێدایە و پێکهاتوویە لە کەمێک وتاری زانستی تایبەت،
ئەو دەبێت ئەم چەشنە بەرهەمە بەجۆرێک سەرچاوەی زانستی دابنرێین کە بگشتی توانستی
ئەوەمان پێدەدات هەم هەنگاوی زانستیتر هەبهێنینەوە و هەمیش خەمان زیاتر بە نەتەوەکانی
تر بناسێنین.

بەگومان
مەژووی ئەمەی کورد، دەستکەوتێکی وەها شیاوی زانستی تێدانییە کە بتوانین پێی بەشداری
گەشەی زانستی جیهانی بین.-هەی نەبوونی ئەم دەستکەوتەش لق و پۆیی زۆری لێدەبڕتەوە
کە ئەم وتارە بە هیچ ڕوو مەبەستی تاوتوێ کردنی نییە-. بەڵام ئەوەی دیارە بەشە هەر
گرنگی زانستی جیهانی بە زمانەکانی (ئینگلیسی و ئاڵمانی و فەڕانسی و چینی) نووسراوە.
پێویستی ئەمەیە ئەم زانستە لە هەگەی
وەرگێڕان بە کەمێگای خەمان هەنارد بکەین، جیا لە وەرگێڕانی کتێب و وتاری زانستی
بەشێک لە وەرگێڕانی ئینسایکلۆپیدیاکانی زانستی جیهان وەکوو پێویستی پێوەردێ کردنی
زمانی زانستی کوردی زۆرووری دەنوێنێت. هەبێت نەتەنیا وەرگێڕان بەکوو خێی نووسینی
ئینسایکلۆپیدیای کوردی کە لێوەدا باس لە کەمێگای کوردی و کەمێناسیی کورد و
دەستکردەکانی کورد دەکا وەکوو پێویست دەبێت هەبێ. بەڵام باسەکەی من زیاتر دێتە ئەو
چەشنە لە زانست کە بە کورد و زۆربەی گەلەکانی جیهان بوونی نییە و ناچارن لە هەگەی

وەرگێڕان ئەم زانستانە فێر بن. خۆی وەرگێڕانی ئینسایکلۆپیدیاکانی زانستی جیهان بۆ
چەشنێک پەروەردەکردنی زمانی کوردی لەمڕۆ زانستێ نوێیکانە. ڕەنگە ئەو ڕستەی کە "ئەمەی
کورد دەستەواژەی زۆر شیاومان بۆ زانستگەلی وەکوو شیمی و فیزیک و زمانناسی و
فەلسەفی مەدەن و...هتد نییە"، پاتەکردنەوەی دەیان جار بێت. بەڵام بەگومان ئەم
(بۆ زمانییە!)، چ هەنووکە و چ لە داهاتوودا وەکوو خسارێکی زانستی گەورە خۆ
دەنوێنێت کە ئەمەکە بۆتەواوی هەستی پێدەکرێت. تەواو لەگەڵ ئەمە هاوڕام کە بۆپەی
دەستکەوتەکانی زمانناسیی کەس بەی نییە بڕێت فەرمانە زمان لە زات و سروشتی خۆیدا لاوازە،
تەنیا ئەگەر زمانێک-بە نموونە کوردی- توانستی نووسینەوەی زانستێک وەکوو فیزیک یان
شیمی بۆ شێوەی شیاو نییە و ناچارە لە زمانەکانی تر کەڵک بگرێت، هەیەکەی ئەوەیە کە
لەم پانتاییدا گەمەی زانستی پێنەکراوە، دیارە کاتێکیش زمان لە شێوەی دەربڕین و
وشەسازیی تایبەتەوە دور دەکەوێتەوە هیچ کات شتێکی شیاوەی تێنانێت بۆ شێوەی لاسایی
کردنەوەش بۆ جیهان پەی نییە.

بەرهەم هێنانی ئەم زمانە بەگومان ڕێگەی زانستی
زۆری هەیە کە یەکێکیان نووسینی ئینسایکلۆپیدیای زانستییە، جا چ بۆ شێوەی وەرگێڕان
چ بۆشێوەی نووسین بێت-هەڵبەت نووسین لەو بڕەی کە توانستمان هەیە-. بەگومان
بەخشینی زانیاری نوێ لە جێستەی کەبەندێک وەکوو ئینسایکلۆپیدیا چ بۆ بیرمەندان و چ
بۆ جیلی نوێ شێوەیکی ساناترە، چوون لە تووڕی چەند بڕگەدا بڕشکی زۆر لە پڕشکی
زانستی ئەتوانین هێناردە بکەین. ئینسایکلۆپیدیا دەتوانێت سەرچاوەیکی زانستی چ لە
بواری وشە و ڕستەسازی بێت، چ لە بواری بەرهەم هێنانی عەقڵانییەتی نوێ. ئەمەکە

بەدەخشیەوە پرسی نوێ – بە گشت کەم و کەیەکانی مەتەد و گریمانەوە- لە ناو
کەمەگادا بوونی هەیە، ئەم پرسە خەریکی ئامادەکردنی خەیاتی بە زانست و
مەعریفەی نوێ، کەواتە نووسینەوە و بەرهەم هێنانی ئینسایکلۆپیدیا لە چەشنی زانستی
ئەتوانێت ببێگە خەشکەر و مژدەدەری جیلی زاناتر بە پرسیاری شیاوتر بێتەوە. وەدەچێت
هەنووکە لە کوردستاندا تەنیا یەک ئینسایکلۆپیدیا هەبێت کە خەریکی نووسینەوەی بین،
ئەویش (ئینسایکلۆپیدیای کوردستانیکا) یەکێ بە پێی پێناسەی دەستەی نووسەرانی : "پوختەی هەموو زانیارییەکان لەبارەی کورد و کوردستانەوە بە پێی
بابەت، ناونیشان، ڕووداو، دیاردە و ئاوگێی کەمایەتی، ئابووری، سیاسی و ڕۆشنبیری
لە خێدا کەدەکاتەوە". ئەم چەشنە لە ئینسایکلۆپیدیا بگومان زەروورەتی زەری هەیە،
بەڵام بە هیچ ڕوو نە تەواوکەری پێژەی نووسین ئینسایکلۆپیدیایە و نە ئەو بەشە کە
لەم وتارە مەبەستمانە دەگرێتەوە. بگومانی نووسینی وەها بەرهەمێک پێویستە، بەڵام
ئەوەی کە دەبێت هاوتەریب لەگێ ئەم بەرهەمە بنووسرێت/وەرگێڕێتەوە، ئینسایکلۆپیدیای
لە چەشنی هونەر، مێژوو و زانستە. وەها دەنوێنێت دورکەوتنەوە لە شێوە نوێیەکانی
بەرهەمی جیهانی-کە هەبێت بە کورد نوێیە- جگە لە دواکەوتن هیچی تری بە نەتەوەکان
لەنەبەتەوە. ئەم دوا کەوتنە نە تەنیا لە ئاستی جیهانیدا خەی وەکوو خەسارێکی گەورە
وایە، بەڵکوو شێوە و ئاکاری تایبەتیشی لەدەبەتەوە، ئەم ئاکارە تایبەتە کە بە ئەمەی
کورد پاساوەکەی بێتە (بە مل داکردنی ئەویتر)، تەنیا دەبێتە گلەیی و گازەند و چاو
لە دەستی نەتەوەکانیتر بین کە بزانین چ بە کورد دەکرێن کە ئەوکات لە چەشنی
قارەمانێکی زانستی بین وەامیان بدینەوە، دیارە وەها وەامێک نە زانستی پێویە نە

بە سەر مەژووی خۆیدا دەڕوات. بە وتەی بیرمەندانی دژە پۆست کۆلۆنیالیزم ئەم ئاکارە
بەچەشنکی‌تر کەوتنە ژێر گوتار و هەژمۆنیایی ئۆیترە، چوون ئەم وێنە و پاساوە، هەی
پرسیاری زانستی نییە بەڵکوو هەیکەی دەگرێتەوە سەر ڕوانگەی چۆسێنەرانی ئۆیتر،
کە واتە تە خەت دووبارە پرسیاری خەت هەڵنابژێری.

زمانی گەلانەوە، ترازان لە وەهم و هەژمۆنی... کاوان محەمەد پوور

زمانی گەلانەوە، ترازان لە وەهم و هەژمۆنی

"کورتەیەک لەسەر شانامەنووسیی کوردی"

هەرتا مولەر لە چیرکی (بەڵێنی دیدەنییەکە)(1997) دەڵێت: "هەندە شت کەشیان نییە، تاکوو تە دەست دەکەی بە ئاخافتن لەبارەیانەوە". هەنگە هەر کات ئەمە بیر لە هونەری کوردی بە عام و بە تایبەت - شانەی کوردی- دەکەیەوە زیاتر مانای ئەم ڕستەی مولەرمان بە ڕوون دەبێتەوە. بیرکردنەوە لە چییەتی شانەی کوردی بە هەگەلی جیاواز هەمیشە وەکوو گرفتکی سەرکی بەمان دەردەکەوێت. ئەم گرفتە هەر لە سەرەتای پرسیارکە زۆق دەبێتەوە. نەبوونی هیچ بنەمایەکی فەلسەفی و پاشتەکی زانستی لە ئارگیومنتەکانی کورد و لە سەرکیشەوە، نەبوونی ئارشیوگەلەک لە شانەگەری کوردی، کە توژەر و هەخنەگر، لانیکەم بە خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی، بتوانێت ئیماژی ئەم هونەرە لای کورد بە جیهانەوە بدەزێتەوە، تەنیا لە کەشە سەرکییەکانی وەامدانەوە بەو پرسیارەیە. لە درێژەی دەستوپەخەبوون لەگەڵ ئەم پرسیارە، ئەمجا خودی گرفتی (زمان) زۆق دەبێتەوە، ئایا تەنیا نووسینی شانامە بە کوردی، شانەی کوردییە؟ تەنانەت ئەگەر هیچ چەمک و ئایدیایەکی کوردیشی تێدا نەبێت؟

بەڵام بەم هەموو کێشە و گرفتە کە ڕووبەرووی ئەم پرسیارە دەبێتەوە، کاتێک پرسیارەکەی وەگەڕخەین، ناچار دەبین چەمکێک وەکوو بنەما بگرین و لە تاوتوێی ئەم چەمکە، مەودا و دەرفەتانێک بۆ وەڵامدانەی ئەم پرسیارە بدۆزینەوە، ئەنگۆ خودی پرسەی تاوتوێ کردن لە ئاکامدا ئۆپشمان بێ دەربخات کە تاکوو ئێستا ئەمە چەندە بە هەڵداچوونین و خودی پرسیار لە شانە بەم شێوە نابێت و ئەمەش کێشەکەلی زانستی و مێتۆدۆلۆژیکمان لەگەڵ شێوەی پرسیار لە شانەهەیە. لە هەر ڕووەوە دەستنیشان کردنی چەمکێک بۆ بیرکردنەوە یەکەم هەنگاو بۆ دۆزینەوەکانە؛ چ دۆزینەوەی وەامێک بۆ دیاری کردنی چوارچێوەی شانەی کوردی و چ دەرخستنی هەڵە تیۆریکانی خەمان.

من لەو وتارە کورتەدا (زمان) وەکوو چەمکی بنەڕەتیی گرانەوە ڕەچاو دەگرم و لە پێناو زماندا هەوڵ دەدەم دەلاقەیەک بۆ بیرکردنەوە لە مانای شانەی کوردی یان بۆ گشتی هونەری گرانەوەی کوردی بدۆزمەوە. جەختی ئەم وتارە لەسەر (زمانی گرانەوە)یە و مەبەست لە زمان لەڕەدا (زمانی ئاخافتنی ڕۆژانە) نییە، زمانی گرانەوە، زمانێکە کە ئەمە لە سیستەمی گرانەوەدا بە کاری دەنین. ئەم زمانە بە پێی سیستەمی زاڵی گرانەوە خەی هەگری چەندین چەمک و لق و پۆپە کە لە زاتیاندا تەکنیک و فۆرمی بەکار هێنانی زمان دیاری دەکەن. دیارە لە کاتی گرانەوەدا، نووسەر یان بڕەر بە بیانی چیرۆکی خەی کەک لە کەرستەگەلێکی تایبەت دەگرێت، چۆنیەتی بە کارهێنانی ئەم کەرستەیە خەی لە خۆیدا فۆرمایەکی تایبەت لە چیرۆک و زمان دەخولقێنێت کە ئەنگۆ تۆنیا لای ئەم نووسەر/بڕەرە دەست کەوێت. زمانی ڕۆژهەڵات، هەمیشە تەکەڵاوی سیستەمی سپێندراوی بیری -هزرییە کە پشت ئەستوور بە ئایدیۆلۆژیەکی تایبەتە، لە لایەکی ترەوە زارەکی بوونی ناخافتنی ڕۆژانە بە هەی نەبوونی (دەق) و کارکردی نەستی بەکەمەڵ لە مەشکی هەر مرۆڤێکدا، باشترین شوێنە بە کارتێکەری ئایدیۆلۆژی و هەژمەنی زاڵ. هەر بۆیە ئەم زمانە (واتە زمانی ڕۆژهەڵات) بە بە پاپشتی زمانی بەدەڤکراو (جێستەمەند)، کە وێنای زیاتر لە (زمانی گرانەوە)دا دەبینێتەوە ناتوانێت گوشار و هەژمەنی زاڵ تاوتوێ بکات و دەرفەتانێکی هزری بە بدۆزێتەوە،

کێستیکا برادەتان، پسپۆری فەلسەفەی ئاکسفەرد، لە وتارێکدا لەسەر بەرهەمەکانی هەرتا مولەر، دەڵێت: "زمان وەك هەوا وایە؛ تۆنیا کاتێ پیس ببێ، تێ تێدەگەی چەندە گرنگە". مەبەست لە (پیسی زمان) لە بەچوونی برادەتان، ئالوودەبوونی زمان بە دژە حەقیقەتەکانە،

واتە زمان جیا لەوەی دەتوانێت دژ بە سیستەمی تەتالیتار بوەستێت، لە هەمان کاتیشدا توانستی ئەوەی هەیە بە پێچەوانە بتەوێ و لە خزمەت بەرژەوەندیی سیستەمی دژە حەقیقەتدا بێت. ئەمان بارت لەم بارەوە دەڵێت: "زمان هەواڵێتکی فاشیستی هەیە، شکاندنی ئەم هەواڵێتە و دەزینەوەی مەودایەک بە دەربازبوونی زمان لە فاشیزم، تەنیا بە گێڕانەوە دەکرێت". لەردا گێڕانەوە (Narration) هەمان - بەپێچەوانە کردنی زمانە-، واتە سیستەمی سەپێندراو خۆی زمانەکی تایبەت بە مانایەکی تایبەت، بەرهەم دێنت کە لە پرسەی ئاخافتن و بەکار هێنان وەکوو هێژمەنیای زاڵ گشت مانا و چەمکەکان دەباتە ژێر کۆنفی خۆیەوە، لەردا گێڕانەوە- کە هەمیشە گێڕانەوەی شتێکە- لە هەوڵی ختەکەدانی هێژمەنیای زاڵە. شەری دەستەویەخەی -گێڕانەوە و هێژمەنی زاڵ- لانیکەم یەک چەمک بە ئەمە ووون دەکاتەوە: ئەویش جیاوازی بیرکردنەوەی (من گەورە) و سیستەمی بە هێژمەنیکەری زمانە. کەواتە -پیسی زمان- تەم و ژاڵ بوونی حەقیقەتە، بە زمانێکیتر، پیسی زمان، پێشگری لە وەدەرخستن و وەگەخستنی منی گەورەر. زمانی گێڕانەوە بە شێوەی ناراستەوخۆ -هەندە جاریش ڕاستەوخۆ- فەزای بیر و هەست و ئارگیومنت تا ڕادەیەکی بەرچاو زەق دەکاتەوە، تەنانەت ئەگەر بەو زمانە لە چەمکێک بدوێت کە هیچ پەیوەندی بە ژین ــ جیهانەوە نەبێت. بە نموونە کاتێک زمانی کوردی بە گێڕانەوە- لەردا جەخت لەسەر گێڕانەوەیە، نە زمانی ئاسایی ئاخافتن- بەکار دێنین بە شێوەی نەستەکی دەکەوینە ناو بازنەیەکی بیری و هزری لە فامستی ئەمەی کورد بە (جیهان، مرۆڤ و بوون). تەنانەت ئەگەرچی منی کورد ئەزموونێک کە کامڵ و سامۆدێل بکەیت، پاش چەند سەد ساڵ فەلسەفە و ئەندێشە هەیانبووە، نیمە، بەڵام کاتێک منی کورد بە فەزای زمانی گێڕانەوەی کوردی لەگەڵ ئەم نووسەرانە بەروروو دەبەوە، ئەوە دیسانەکە دەرکی منی کورد-تەنیا منی کورد- لەو نووسەرانە و کەشکانیان بەرجەستە دەکاتەوە. کەواتە لەردا بە کارهێنانی زمانی گێڕانەوەی کوردی نە تەنیا جیاوازی دەرک و فامی من لە جیهان بە عام و لە هونەر بە تایبەتی زەق دەکاتەوە، بەڵکوو دەرەتانێکی تەکنیکیش بە من دەخولقێنێت. چەنیەتی بە کارهێنانی ئەم تەکنیکە لە کاتی گێڕانەوەی بەردەوامدا بە باشترین شێوە خۆی وەدەردەخات، بە نموونە لە شانەدا جەخت کردن لەسەر مانایەکی تایبەت و نیشاندانی ئەم مانایە بە بەردەنگ پەیوەستی بە داشتنێکی تایبەتیش هەیە و ئەم داشتنە پەیوەستی بە کەرەستەی تایبەتەوە هەیە. بەم پێیە پرسیار لە زمانی گێڕانەوە دەکەوێتە پێش پرسیار لە هونەر/شانەی کوردی. واتە زمانی گێڕانەوەی ئەمە چییە؟ کاتێک مرۆڤێکی کورد دەست بە گێڕانەوە دەکات، فەزای

چیرەکی چۆن دادەڕێژێت؟ و لە کارەستەکانی گێڕانەوە چۆن سوود وەردەگرێت؟ بەگومان بە وەامدانەوەی ئەو پرسیارە دەبێت گشت دڵقگڵ و دڵنگبەژیی کوردی کە شەوێک لە گێڕانەوەی پەوە دیارە، تاوتوێ بکرێن تا بتوانین ئارگیومنتەکانی کورد بە جیهان و مرۆڤ و بوون بدەزینەوە.

هەمیشە یەکێک لە گرفتەکانی شانۆنامەنووسی و شانۆگەری کوردی، کەوتنە ژێر کەفی جیهانبینیی غەیری کورد بووە. هەبێت مەبەستی من لەردا نەک هەوانینەکی ناسیونالیستی بە ئەو پرسە، بەڵکوو ئاوردانەوە لە ژین ــ جیهانەکانە کە بە ئەوەی هیچ بریارێکی فەلسەفی لەسەر بێت، لەسەر جیهانی تاک بە تاکی مرۆڤکان کاریگەری هەیە. یان بە واتایەکیتر لە ژێر کەفبوونی جیهانی کوردی، بیر و هەستەنگاندی جیهان لە لایەن مرۆڤی کورد بە سیستەم و هەژمەنیای زاڵە. بەگومان یەکێک لە هۆیەکانی ئەم ژێر کەف کەوتنە، دەگەڕێتەوە سەر نەناسینی زمانی گێڕانەوەی کوردی. بە وەنە کاتێک لەگەڵ شانۆنامەیەک کە بەکوردی نووسراوە بەرووو دەبینەوە، لایەنەکانی ئەم باسەمان زیاتر بە لاوە هوون دەبێتەوە؛ تەنیا بە سەرنجدانی هاوڕێکان بەمان دەردەکەوێت ئەم زمانە زمانی گێڕانەوە نییە و زیاتر وەکوو زمانی وتارنووسین و وتاربێژی دەچێت تا زمانێک کە خەریکە بە ئەمە چیرۆکێک دەگێڕێتەوە، ئەم گرفتە لە دەقی وەرگێڕدراو بە کوردی زیاتر بەرچاوە. نەبوونی دەرک و تاوتوێ لە چییەتی زمانی گێڕانەوە شانۆنووس بەرەو زمانێک دەبا کە نموونەکەی بە هیچ هوو لە گێڕانەوەدا هوو نادات و نایەتە هیچ خانەیەکی گێڕانەوەیی. هەنگە لە هواڵتدا هاوڕێ کاراکتەر وەکوو زمانی هەژارە، بە پەی بەچوونی گێڕانەوەناسی ئەمەوکەی بە هیچ چەشنێک بە هاوڕێ چیرۆک ناگرێتەوە، بەڵکوو بەرزی ئاستی گێڕانەوەش دەگەینێت، زمانی گێڕانەوە شێوەیەک لە بەکارهێنانی هاوڕێ و چەمک و نموونەی دەست نیشانکراو نییە، بەڵکوو لەردا، مەبەست سیستەمی گێڕانەوەیە کە لە کەی گشتی چیرۆکدا پێک دێت، ئەم سیستەمە هوانگەی منی نووسەر بە جیهان و ماناکانی هوون دەکاتەوە. هەنگە هەر بە هەی نەناسینی زمانی گێڕانەوەیە کە ئەمە کاتێک شانۆیەک بە زمانی کوردیش دەخوێنینەوە، دیسانەکە ناتوانین ئارگیومنت و ئیماژەکانی مرۆڤی کوردی تەدا ببینینەوە، هەر بۆیە هەر کات باس لە شانۆی کوردی دەکرێت بە یەک و دوو بیر لە شانۆیەک دەکەینەوە کە یان خەریکی گێڕانەوەی بێت و حەقایەتەکانی فۆلکلۆری کوردییە یان سەرقاڵی گێڕانەوەی کارساتەکانی کورد. واتە زیاتر خودی ناوەرۆک و بابەتی شانۆ بەمان دەردەکەوێت تا چۆنییەتی بە

کارهێنانی کەرەستەی گۆڕانەوە و تەکنیک و فۆرمی نوێ کە لە ئاکامدا بیرو هزر بە نسبەتی جیهان و مرۆڤ و بوون ووون دەکاتەوە. بەم پێیە شانووسی کورد حوکمی لەسەر دەکرێت کە (تە کاتێک شانۆی کوردیت نووسیوە کە تەنیا یەکێک لەم جیهانانەی کورد باس بکەی)!، کەواتە بەم دەرکە، باس کردن لە گرفت و کێشەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵگا یان وروژاندنی باسکی فیکری نایەتە خانەی شانۆی کوردی. ئەم بۆچوونە بە پێی گۆڕانەوەناسی و زانستگەلی مرۆیی تا سەرئەسقان هەڵەیە، چونکە هەر کات من وەکوو کورد یان هەر نەتەوەیەکیتر بە زمانی گۆڕانەوە – هەبەت بەو مەرجە کە من زانستم بە سەر زمانی گۆڕانەوەدا هەبێت- بە شێوەی نەستەکی ئەو ڕوانینەم بە سەر جیهاندا زاڵ دەکەم؛ ڕوانگەیەک کە لە ژیانی ژیندراومدا سەرچاوەی گرتووە. تەنانەت بە ڕوانگەیەکی پەست کەڵەنیالەوە، ئەگەر نووسەرێک لە زمانی چیرۆک و نووسینەوە خەریکی وێناکردنی جیهانی ئۆیتریش بێت، دیسانەکە شێوەیەک کە جیهانی خۆی وێنا دەکا، ئۆیش جیهانی کەڵەنیال کراوی خۆیەتی، کەواتە بەردەوامبوون لە گۆڕانەوەدایە کە توانستی ئەوەی پێدەدات لەم جیهانە کەڵەنیالە بێتە دەر.

بە پێی بۆچوونەکانی سەرەوە، پێویستە ئەمە ئارشیوەک لە دەقگەل و دەنگبێژی/بایت بژێیی کوردیمان هەبێت کە لە تاوتوێی ئەم دەقانە شێوە گۆڕانەوەی کوردی تا ئادیەک دیاری کەین. ئەنگە ئەم کارە کارەکی ئەستەم بێت، بەڵام بە مانای نەکران نییە. نموونەگەلی بەرچاومان لە چیرۆکی جیهانی و تەنانەت شانۆی جیهانی هەیە کە بە ئەوەی ناوی نووسەرەکەی بزانین تەنیا بە خوێندنەوە بەمان دەردەکەوێت ئەم چیرۆکە هی فڵانە شوێنە. ڕیالیزمی سیحراویی ئەمریکای لاتین بە ساکاری لە ڕیالیزمی سیحراویی ئەمانیا جیا دەکرێتەوە. یان شانۆی ژاپۆن تەواو لە شانۆی بریتانیا جیاوازە. ئەم جیاوازییە لە تەواوی شێوەکانی گۆڕانەوەدایە، لە سینەماوە بگرە تا ئەمان و نیگارکێشی.

(کاوان محەمەدپوور)

سەرچاوە: حەوتنامەی سیروان

لە بەردەم جنۆکەدا... کۆرتەیەک لەسەر چیرۆکی (ژنە جنۆکەکانی شەمحموو) لە نووسینی لەتیف هەمەت...کاوان محەمەدپوور

کاوان محەمەدپوور

هەنگۆ هیچ نووسەر و شاعیرێکی کورد بەئادەی (لەتیف هەمەت) لە بواری کۆسایەتییەوە، دوو دەستەواژەی (ناسراو) و (نەناسراو)ی لای خەیی کۆنکردبەتەوە. (ناسراو) لەو سەنگەوە کە هەر کەس تەنانەت بە ماوەیەکی کوردتیش خوێندنەوەی لەسەر ئەدەبی کوردی هەبووبێت ئەوە ناوی هەمەتی بیستووە و لانی کەم بەشێک لە شەعرەکانی خوێندەتەوە. (نەناسراو)یش لەو سووچەوە کە لەتیف هەمەت لەو نووسەرانەیە کە هەمیشە شتی نوێیی هەیە و کەمتر ئەم نوێگەرییەی بە بەراوردی نووسەرێتر هاتۆتە بەرباس. هەنگۆ یەکە لەم هەیانەی کەم باسکردنە بگەتەوە سەر گەشەگیری هەمەت کە خەی بەردەوام لە وتووێژکان ئاماژەی پێداوە. ئەزموونەکانی لەتیف هەمەت هێک وەکوو سەمای دەروەشانە جیا لە مەعریفەتی نهێنی، جەزمەیەکی شاعیرانەی تێدایە. ئەم جەزمەیە بۆتە هەی ئەوەی نوێگەرایی هەمەت جارێک لە جەستەی شەعر دەرکەوێت و جارێکیتر لە ئەدەبی مناڵان و لە کاتێکیشدا خەی لە قەڕەی چیرۆک بدات. لە هەر سێکی ئەم بابەتانەدا هەمەت قسەی بە وتن هەیە. لە شەعردا ساڵی (1971) گرووپی کفری لەگەڵ فەرهاد و ئەحمەد شاکەلی دادەمزرێنێت و بەچەشنێک یەکەم کتێبی شەعری (پەساگەران) بەناوی (خوا و شارێ بچکۆلەکەمان) دەنووسێت. لە ئەدەبی مناڵاندا خەاتێکی (Apic)لە وەاتی سووید وەردەگرێت و لە چیرۆکدا لە یەکەم کەسکانەوە کە بە شێوازی مێتاەمان/مێتاداستان (Metanarrative /Metafiction) دەنووسێت، جیا لەوانە لەسەر سەفیگەری کتێبی نووسیوە و چەند کاری لەسەر ەخنەی ئەدەبی و گریمانەی ئەدەبیش هەیە. لەم وتاردا دەمهەوێت باسی یەکە لەم لایەنە نوێگەریانەی هەمەت بە ناوی چیرۆکی(ژنە جنۆکەکانی شەمحموو) بکەم.

ئەم چیرۆکە- کە خەیی نووسەریش گومانی لەوە هەیە پێی بێت ەمان- لە دەگەمەن چیرۆکگەلێکی کوردییە کە بە شێوازی (مێتافیکشین)

نووسراوە. ئەم چەشنە لە گێڕانەوە ئاگامەندی نووسەر بەسەر چیرۆکی باسکراوە و بە شێوەیەک لە حەولی ئەوە دایە خوێنەر بەم قەناعەتە بکەیەنێت کە هەر چیرۆکێک لە بنەڕەتدا خەیاڵی نووسەرە، تەنانەت ئەگەر لە ڕووداوێکی ڕاستەقینەش وەرگیرابێت.

مەتاچیرۆک یان مەتاگێڕانەوە -(لەودیو چیرۆکەوە)(لەسەروی گێڕانەوە)- .شێوەیەک لە نووسینی چیرۆکە کە خەسڵەتی (خۆگێڕانەوە)ی هەیە. واتە بەجۆگەی گێڕانەوەی چیرۆکێکی دەرەکی سەرقاڵی گێڕانەوەی ئەو چیرۆکەیە کە نووسەر ئەینووسێتەوە. چیرۆکێک لەبارەی ئەو هەوڵانەی کە نووسەر خەریکی نووسینیەتی. خەسڵەتی مەتاهەمان/مەتاچیرۆک، سیستەمێک لە گێڕانەوەیە کە بە شێوەی ئاگامەندانە خودی گێڕانەوە دەکاتە بابەتی چیرۆک. بە وتەی جان بارت(John Barth)-نووسەری ئەمریکی-(مەتاهەمان ئەو چیرۆکەیە کە چیرۆکێکیتر بە جۆگەی جیهانی ڕاستەقینە لاسایی دەکاتەوە). هەرکات نووسەر بە جۆگەی ئەوەی باس لە چیرۆکێکی دەرەکی بکا لە ناو هەماندا، باسی ئەو چیرۆکە بکا کە لە هەماندا دەینووسێتەوە ئەوە لە شێوەی نووسینی مەتافیکشین کەڵکی گرتوە. نووسەرانی وەکوو (کورت ونەگات) و (ئیتالیکالوینۆ) و (جان بارت) لە نووسەرە هەرە بەناوبانگەکانی ئەم شێوە لە نووسینن.

تەکنیکی نووسینی (مەتافیکشن) وەکوو تەکنیکی نووسینی (فیکشن)(چیرۆک) نییە. (چیرۆک) لایەنی گێڕانەوەی تایبەتی هەیە کە لە نیزامێکی دابینکراودا مانا دەبەخشێ. بە نموونە چۆنیەتی سازکردنی کاراکتەر و دەستوپێخەکردنی کاراکتەر لەگەڵ نیزامی ڕیوایی چیرۆک و پارستنی پلەت(Plot) و هەڵی مەنتیقی چیرۆک، لە پەداویستیەکانی هەر چیرۆکێکە. بەڵام مەتافیکشن تەکنیکەکانی زیاتر لە ئەزموونی خودی نووسەرەوە سەرچاوە دەگرێت، واتە خودی نووسەر دیاری دەکات بە چ شێوە تەکنیکێک بەکار بهێنێت کە چیرۆکەی چیرۆکی مەتافیکشن بێت، بەڵام لە پاڵ ئەوانە چەندانە خەسڵەتی دیار هەیە کە فیکشن و مەتافیکشن لە یەک جیا دەکاتەوە. خەسڵەتی سەرەکی مەتافیکشین هەر (خۆگێڕانەوە)ی چیرۆکە، واتە بەم شێوەی باسمان کرد چیرۆکێک کە لەبارەی خودی چیرۆکی باسکراودایە دایە. بە نموونە کاتێک نووسەر لە دەقی هەمانکەیدا ڕاستەوخۆ قسە لەگەڵ خوێنەرکانی دەکا و ئاماژە ئەدا کە منی نووسەر چیم کردوە و چی دەکەم و بە شێوەیەک خەی لە دەڕەی چیرۆک وەکوو کەسایەتی ڕاستەقینە پێناسە دەکا ئەوە لە شێوەی میتافیکشین کەڵکی وەرگرتوە. گێڕانەوەناسەکان، (نووسەر) و (گێڕاوە)ی چیرۆک لەیەک جیا

دەکەنەوە. نووسەر کۆمەڵایەتی ئاستەقینەیە و لە دەرەوەی چیرۆک ژیان دەکا، وەکوو گشت مرۆڤەکانیتر، بەڵام گۆشەو تەنیا و تەنیا بوونی لە چیرۆک وەردەگرێت. ئەوش بەو مانایەیە کە لە شیکاری گۆڕانەوەناسانەدا ڕەخنەگر هیچکات ژیان و کۆمەڵایەتی نووسەر لەگەڵ گۆشەو تیکەڵ ناکات و ئەم دووانە لە یەک جیا دەبینەوە. بەڵام لە مێتافیکشێندا هەوڵی خودی نووسەر بۆ ئەوەیە کە گۆشەو و نووسەر هەر بە یەک کەسایەتی بزانین. واتە کاتێک دەڵێن نووسەری ئەم چیرۆکە مێتافیکشێنە، ئەوە هەر وەکوو ئەوەیە بڵێن: گۆشەو-یان یەکە لە گۆشەوەکانی چیرۆک-ە. ئەنگەڵەم چەشنە ڕیوایەتەدا(مێتافیکشێن) لەگەڵ چیرۆکێک بەروەوو نەبینەوە کە توانستی گۆڕانەوەی دووبارەیی بە بەردەنگ پێک بهێنێت. واتە بەردەنگ کاتی خوێندنەوەی ئەم چەشنە چیرۆکانە بۆ شەویەکی شیاو نەتوانێت چیرۆکەکە بە کۆسکیتر بگۆڕێتەوە- مەبەست هەر بەو جۆرەیە کە داستانەکانی تەلەستەی یان مارکز دەگۆڕێتەوە-، چوون لەڕەدا زیاتر لەوەی «گوڵ بیسی چیرۆک» بین «گوڵ بیسی چەنیەتی نووسینی چیرۆک»ین. هەر بۆیە چیرۆکی مێتافیکشێن زیاتر وەکوو ئەو ئۆتۆبیوگرافییە دەچێت کە بەسەرهاتی نووسەر لە کاتی نووسینی چیرۆک دا دەگێڕێتەوە. واتە لەو بارەدا کە منی نووسەر کاتی نووسینی ئەم چیرۆکە چ بارودۆخێکم هەبووە.

چەشنی جۆراوجۆر لە بەکار هێنانی تەکنیکەکانی مێتافیکشێن هەیە کە ئەنگەڵ جۆگەی ئەوە نەبێت گشتیان لەڕە باس بکەین بەڵام بە پێی پێوسیت بە خوێندەوەی چیرۆکی (ژنە جنۆکەکانی شەمحموو) باس لە چەند خسڵەت و تەکنیک دەکەین.

ا دەربەینی نووسەر

لە ڕەمانەکەی هەڵمەتدا، بەچەشنێک لەگەڵ ادەربەینی نووسەر بەرەوویین، نووسەر لە گشت لایەنەکانی چیرۆکدا بوونی هەیە. هەر لەسەرتای ڕەمانەوە نووسەر خۆی ئاوقای کاراکتەرێک دەکاتەوە کە بەت و یارمەتی بدات کە چیرۆکەکەی بگۆڕێتەوە، بەیە لە قارەمانێک بە ڕەمانەکەی دەگۆڕێت و باسی چەنیەتی کاراکتەری پێویست دەکا. نووسەر لەسەرتاوە بە خوێنەر دەڵێت: تە لەگەڵ ڕەمانێک بەروەوویی. ئەم دخاڵەتی نووسەرە شتێکە کە لە قوتابخانەکانی تری ڕەماندا نایبینین. گۆشەوەی ڕەمانی (ژنە جنۆکەکانی شەمحموو) باس لەوە دەکا بە گۆڕانەوەی ڕەمانەکەی پێویستی بە قارەمانێک هەیە. بۆیە لە حەولی دیتنەوەی ئەوە قارەمانەیە. لەسەرەتا چاوی بە ژنە جنۆکەیەک دەکەوێت کە خەریکی قژ شانەکردنە تا شوو بە شێخ مەحموود بکات.

نووسەر بە شیکردنەوەی بەشێک لە تیپ/کۆمەڵایەتییەکانی چیرۆک-هەڵبەت ئۆگەر مەجالی ئەوەمان هەبێت بڕوانینە کۆمەڵایەتی- لە پڕاوێزی دەقیدا شیکاری دەکا و ئەی تایبەتی خۆی دەردەبڕێت. هەڵبەت شیکاری پاواوێزیش خۆی هەر وەکوو چیرۆکێک دەنوێنێت. دواتر بەردەوامی نووسەر لە چیرۆکی (ژنە جنۆکەکانی شەمحموو) تا کۆتایی گێڕانەوەکەی بەردەوامە.

دەق ئاوێزان (Intertextuality)

کۆنک وەرگرتین لە دەق ئاوێزان(بینامتنیت) یەکێ تر لە خسڕەتەکانی مەتافیکشێنە کە لەم چیرۆکەشدا پاتە دەبێتەوە. بەکارهێنانی شێعر و زکری دەروێشانەنی کفری، کۆنک وەرگرتن لە حەقایەت و ئەفسانە کوردیەکان، بەکارهێنانی ناوی نووسەر و کتێب و، ئاماژەی بە کۆمەڵایەتییە دەرکیەکانی کۆمەڵایەتی چێشنێک لە کارکردی دەق ئاوێزان لەم چیرۆکەدایە. هەڵمەت هەروەها لە پێکهاتەی چیرۆکە کلاسیکەکان-وەکوو (حەقایەتەکانی هەزار و یەک شەو)- کۆنک وەردەگرێت. لەو جۆگەیانەی کە چیرۆک لە ناو چیرۆکدا دەهێنتەوە و کۆمەڵایەتی ڕەمانکەی گوڕ بیسی چیرۆکی گێڕەوە دەبن دەق ئاوێزانی پێکهاتەیە بە ڕەمانی (ژنە جنۆکەکانی شەمحموو) کە دەتە خانەی پێکهاتەی حەقایەتی کلاسیکە.

سازکردنی پێکهاتەیەکی ئەفسانەیی

هەڵمەت لە پاڵ کۆنک وەرگرتن لە پێکهاتەی گشتی حەقایەت، خۆی پێکهاتەیەکی تایبەتی ئەفسانەیی لە چیرۆکەدا ساز دەکا. پێکهاتەیەک کە لە لایەنی مەتافیزیک بوونی کۆمەڵایەتییەکان وەکوو ئەفسانەکان دەچێت و لە لایەن پێکهاتەی بووتیقاییەوە خسڕەتی مەتافیکشێنی هەیە. لەرەدا نووسەر پێکهاتەیەکی ئەفسانەیی بە گێڕانەوە پێک دێنێت کە دوو کۆمەڵایەتی (ڕاستەقینە/ خەیاڵی)، دوو پێکهاتەی (کلاسیک /پێست مەدێن) و دوو گێڕانەوەی (دەرەکی /ناوەکی) تێدایە. فەزاسازی نووسەر لەم دەستکردییەدا گەمەیەکی بەردەوامی (وێستانی ڕیوایی) و (بازدانی ڕیوایی)تێدایە. واتە لە زەر جۆگە گێڕانەوەی چیرۆکەکە ڕادەگرێت و دەست دەکا بە شرۆڤە و خوێندنەوەیەکی بە ڕواڵەت فەلسەفی وعاریفانە. بە نموونە ئەو کات کە کچە جنۆکەکە لە دووا بیستنی چیرۆکێک لە گێڕەوەی ڕەمان و چێز برنی دەڵێت: ئۆگەر هەموو شەو چیرۆکێکی ئاوا چێژدارم بە بگێڕەوە ئەو شووت پێدەکەم، گێڕەوە دوا نووسینی ئەم ڕستە باسی بێدەنگی نەوان خۆیی و جنۆکەکە دەکات و دواتر لە پاڕاگرافی کۆتایدا، چیرۆکەکە دەوستێنێت و شرۆڤەی

بەدەنگی دەکا.

ئایرەنی لەسەر زانیاریەکانی خوێنەر

گشت ژەدەر و شرۆڤەکانی گووگڵ (ژنە جنۆکەکای شەحموو) زانیاری هەڵە دەدەن بەخوێنەر، بە چەشنێک زانستی خوێنەر لە بازنەیەکی (ئایرەنیک) داوەت بە ئاوەی هەم پلارێکی تەنزی لە دەڤەکانی پشوو بگرێت و هەمیش بەم گەمەیەکی مەعریفی جارێکی تر بە خوێنەر بڵێت: تە لەگەڵ جیهانی دەستکردەی چیرۆک بڕووویی و واقیعییەتی نییە. بە نموونە لە لاپەڕەی یەکەم دا (ئالبەر کامۆ) وەکوو کوردێکی ئاوارەی سووری! پێناسە دەکا کە ڕەمانێکی بە ناوی (الغریب یان بێگانە) بە زمانی عەرەبی! نووسیوە، یان بە (هێنری باربوس) دەڵێت کە یەکە لە جنۆکەکانی باوگووڕم بوو کە ساڵی (۱۹۳۰) بە دووکەڵی سیگار ڕەمانێکی بە ناوی (دەزخ) نووسیوە، لە لاپەڕەکانی تر کتێبی (حەقایەتەکانی هەزار و یەک شەو) لە نووسینی هاوبەشی (مارکس و هێگل) دەزانێت. ئەم شێوە زانیاریە کە بە ئەنقەست لەلایەن نووسەرەوە دەتە پانتای ڕەمانەوە بە ئاوەی جارێکیتر بە خوێنەری چیرۆک ڕاگەیەنێت ئەم چیرۆکە ڕاستەقینە نییە و تە لە گەڵ گەمەیەکی خیاڵی نووسەر بڕووووویی.

شکاندنی هەڵی لەژیکی چیرۆک

جیهانی ئەفسانەکان پێکهاتەی جیهانی واقیعی نییە، واتە لەژیکی ئەم جیهانەی بەسەردا زاڵ نییە و (هێ و بڕهێ)یەکانی وەکوو جیهانی واقیعی نییە، لە کاتی خوێندەوەی چیرۆکی لەتیف هەمەتدا، لەگەڵ دەستوور و هەڵەکی دیاری کراوی ڕیوایی بڕووو نین و دەیان چیرۆکی نەو ڕەمانەکە هیچیان بە کۆتایی ناگەن. نووسەر بڕدەوام لە (بازدانی ڕیوایی) بە گەڕانەوەی چیرۆکەکانی بەهەڕە دەگرێت، واتە بە ئاوەی هەڵەکی مەنتقی-واتە مەنتقی دەرەکی- لە پشت کۆتایی و دەستپێکی چیرۆکی نوە بێت هەر لە نەوان چیرۆکەکدا دەپەرێتە ناو چیرۆکەکی ترەوە، بەم تەکنیکە، هەم ئاڵۆزی و خیاڵی بوونی جیهانی جنۆکەکان و ئەفسانەکان بە نیسبەتی جیهانی واقیعی نیشان دەدات، هەم پێکهاتەیەکی مەتافیکشێنی بە چیرۆکەکەی دەخوەقێنێت،

لە کۆتاییدا، (ژنە جنۆکەکانی شەحموو)، هەروەکوو ئاوەی کە لەتیف هەمەت باسی دەکا حەولێکە بە دەرباز بوون لە فەزایی نووسینی کلاسیک لە ناو ئەدەبی داستانی کوردی دا. ڕەنگە ئەم چیرۆکەی هەمەت، ئاوەندە لە بووارێ تەکنیکی و پێکهاتەی چیرۆکاوە بە هەز

نەبەت بەنام لانیکەم شەهامت و جەسارەتی ئەوەمان پێدەدات، شەو و چەشنی نوێ بە ئەدەبیاتی داستانی کوردی تاقی بکەینەوە و لانیکەم بە جارێکیش بێت خەمان سەرقاڵی ئەوە بکەین کە ئایا ئەم زمان و زەینە کوردییە توانستی ئەوەی هەیە پێکهاتەی نوێ بەرهەم بهێنێت یان نا؟.

(داکۆکی لە مانووس یان (چی ئەقەومە کە کەس ئیتر چیرۆک نەگێڕێتەوە؟

داکۆکی لە مانووس

یان

(چی ئەقەومە کە کەس ئیتر چیرۆک نەگێڕێتەوە؟)*

نووسەر:کاوان محەمەدپوور

«مووزلمان» (Musselman یا Muselmann) دەستەواژەیەک بوو لە زیندانەکانی نازی بۆ کەسێک دەکوترا کە لە ترسان و برسان و بە هۆی ئێشکەنجەی زۆرەوە، هەر چەشنە ئاگاهی و هەستیارییەک کە نیشانەی شوناسی مرۆڤ بێت لە دەروونیدا نەمابوو و هیچ هەست و ئامانج و هەڵوێستێکیان لەمە ژیانەوە بۆ خۆش و ناخۆشیەوە نەبوو. ئەوانە کەسانێک بوون کە رووبەڕووی دژوارترین ئێشکەنجەکانی سەربازانی نازی دەبوونەوە و تەنانەت لە بەرامبەر ئێشکەنجەشدا هەوڵ و خواستێکیان بۆ دەربازبوون-چ بە هات و هاوار یان بە ڕاکردن-نەبوو.مەڵێکی داماودراو لە هەر چەشنە شوناسێکی مرۆیی. واتە مووزلمان پێش مەرگی بایەلۆژیکی توشی مەرگێکی نمادین ببوونەوە.

پریمولوی لە بیرۆریکانی خۆی لە ئەردوگای ئاشوویتس لە بارەی گەنجکەوە بە ناوی (018) دەنووسێت: "من وەها بیردەکەمەوە کە تەنانەت ناوی خۆشی لە بیر چێتەوە، بەگومان ئەو هەر وەها ئەنوێنێت".[1] موزلمان بەهۆی بەسەرهاتە تاڵ و قیزەونەکانی ناو ئەردوگای ئاشوویتس هەستی مرۆڤ بوون و توانستەکانی مرۆڤیان لە سەابەوە. لای ئاگامبەن، موزلمان وێنای تەواوکەری مرۆڤی دیلکراو لە لۆژیکی ئەردوگایە، نە دەتوانن بمرن-مەرگی بایۆلۆژیکی- نە دەتوانن قسە بکەن، نە دەتوانن مان بگرن، نە دەتوانن ئەمدوار بن، تەنیا لە ژێر فەرمانی حاکم ئەتوانن ژیان بکەن، ژیانێکی داماوەو لە هەر چەشن یاسا و ڕەسایەک بێ پشتگیری لە پێگەی ئاسایی مرۆڤ.[2] ئەوەی کە موزلمان چ ئەزموونێکیان لە ئەردوگا هەبووە تەنیا لە بەشێک لە بیرۆریکانی پریمولوی و جەرج سەمیریەن دەردەکەوێت کە بە گوێرەی ئەوان، ئەم بیرۆرییە تەنیا بەشێکی زەر کەم و بچکۆلە لە چەرمەسەرییەکانی ئەو مرۆڤانەیە. هەی ئاگادار نەبووبی تەواوکەر – یان زیاتری- ئەمە لەو چەشنە مرۆڤە!!، و پەرنەگرافی مەرگ لە ئەردوگاکانی ئاشوویتس، دەگەڕێتەوە سەر دوو لایەن. یەکم، بەشێکی زەر لە موزلمانەکان لە ئاگردانەکانی ئاشوویتس سووتان و ئیتر هەر بوونیان نەبوو تا بەسەرهاتەکانیان "بگێڕنەوە"- جا بەهەر چەشنێک لە گۆڕانەوە بێت!- ، دووهەم، ئەو بەشەی کە زیندوو مانەوە ئیتر نەیان دەتوانی "بگێڕنەوە"!، لە واقیع دا تووشی وێستانی زەمەن لە کاتی ئاشوویتس هات بوون و توانستی دەربازی لەم زەمەنیان نەبوو، بە شێوەی سایکۆلۆژیکی لە دەخێکی ناوازە لە زەمەن-ترسی کارەسات-کەوت بوونەوە. لەم دەخەدا توانستی زمان لەسەر ئاخافتنی ئاسایی لەمێ بیرۆری سەقەت دەبێت، کە واتە تووشی چەشنێک لە "لاڵی" و "بێزمان" هاتبوون.[3] ئەم دەخە- وێستانی مێشک لە کاتی کارەسات دا- توانستی گێڕانەوەی کارەساتی لەو چەشنە مرۆڤی هەستاندبوو!.

"نەگێڕانەوە"ی موزلمان فەرامۆشی یان هیچ نەبێت کەمترین بیرۆری بە نەوەی داهاتووی خۆی پێیە. ئەگەر ئەم بیرۆرییانە گرینگ بن، وەها پاساوێک لەسەر گێڕانەوە ئەتوانین بنینەوە کە لە تاوتوێ کردنی دەستواژەی "گێڕانەوە" (Narration)، بەم دەرئەنجامە دەگەین کە ریشە و بنەماکەی دەگاتەوە سەر وشەی (Narrara) لە لاتین و (Gnarus)ی یۆنانی کە بە مانای "زانست" و "ناسین" دێت کە ڕیشەی هێند و ئەروپایی (gnos)ی هەیە. بەم پێیە گێڕانەوە، دەبێتە "دەزینەوەی زانست"، ئەرستووش لە بووتیقادا هەر بەم مانایەی گرتووە. بەم پێیە گێڕانەوە، "زانست لەسەر رووداو و بەسەرهاتکی

تایبەتە"،[٤] زانست لەسەر رووداو، لە رووی مانەوە و ئەزموونی داهاتووی رووداوە کە بە مرۆڤ گرینگ ئەنوێنێت. بە چەشنێک گێڕانەوە، هەوەدان بە هەرمان بوونەوەیە، چون لە گێڕانەوەدایە کە شەوازێک لە رووداو و بەسەرهاتەکان خۆ ئەنوێنن و لە کەسکەوە بە کەسکیتر هەنارد دەکرێن. مەتافەری "شەهرزاد" لە کتێبتی حەقایەتەکانی "هەزارو یەک شەو"، باس لە هەوڵی شەهرزاد بۆ زیندووماندنەکووژرانی ئەو لایەن پاشاوە دەکات، ئەم هەوڵەی شەهرزاد لە "گێڕانەوەی چیرۆک" بۆ پاشا خۆ دەنوێنێت. شەهرزاد هەر شەو بە زیندوماندنەوەی چیرۆکێک بۆ پاشا ئاگادارتەوە، بەم شێوە پاشای تامەزرۆی بیستن دەکات بۆ شەوکی تر. کە واتە تەنیا بە گێڕانەوەیە کە دەتوانێت زیندوو بمێنێت، بە شێوەی مەتافەر، "نەگێڕانەوە" فەرامۆشییە و فەرامۆشیش چەشنێک لە مەرگە.

بەگومان بەسەرهاتی مووزلمان، چیرۆکێکی چڕ بەخش نییە و هیچکات بەتەواوی ناگەدرێتەوە- زمانی گێڕانەوە لەمێ کارەسات تووشی قەیران دەبێت-، بەڵام ئەم بیرەوەریەی پریمولوی و دەیان بیرەوەریتر لە بەسەرهاتەکان، گرینگی "گێڕانەوە" لە سووچگەلی جیاوازەوە دەردەخات.

ئاگەر هەنووکە و بە مرۆڤی ئاسایی!- هەبێت ئاگەر دەستواژەی مرۆڤی ئاسایی درووست بێت- دەخی "بە تابشتی لەمێ گێڕانەوە"[٥]، ووبدات یان ئاگەر زەر بە ئاسانی جارێکیتر پرسیارەکەی مارتین مەکئیلان بهێژنین و خەمان بەرەووی ئەمە بکەینەوە (کە چی ئەقەومێت کە ئیتر چیرۆک نەوترێتەوە یا نەنووسرێتەوە؟!"[٦]، بەڵاستی جیهانی مرۆڤ چی بەسەر دێت؟، ئایا ئایدیا و هەستەکانی تووشی قەیران دەبێتەوە؟ ئایا مرۆڤ هەوە بە دەزینەوەی چیرۆکی نوێ دەدات؟ یان واز لە چیرۆک دەنێت و کۆتایی بە بیرەوەری و ئایدیاکانی خۆی دەنێت؟. بەڵای ئەمان بارت تەنانەت بیرکردنەوە لەم پرسیارە و یان خود وازهێنان لە چیرۆکیش -ئایدیای چیرۆک- خۆی چەشنێک لە (گێڕانەوەیە):"گێڕانەوە لەسەرانسەری ژیانی مرۆڤ دایە، گێڕانەوە خۆی ژیانە"[٧]. یەکەمین فەرزی گێڕانەوەناسەکان لەسەر گشتی و بەردەوام بوونی گێڕانەوەیە، واتە ئەوەی کە گێڕانەوە بەرساختەکی زمانییە و مرۆڤ بەردەوام لە زمان دایە. پرسیارەکەی مەکئیلان دووهەمین فەرزی گێڕانەوەناسەکانیش- کە" جیهانی ئەمە پڕە لە چیرۆک"- بە چەشنێک تووشی مەترسی دەکاتەوە. بەڵای گێڕانەوەناسەکان مرۆڤ بەردەوام چیرۆک دەگێڕتەوە یان بە زمانێکی گێڕانەوەناسانە

خودی ئایدیای چیرۆک (story)، هەمیشە لە زەینی مرۆڤ دایە. بەگومان بە وەامدانەوەی مۆکەئیلان دەبەت سەرەتا وەک هەموو پرسیارێکیتر پاساوەک بە گرینگی پرسیار (کە لێرەدا لە ناوچوونی هەمیشەیی چیرۆکە) بهێنینەوە و دووا تر واتای گۆڕانەوە و چیرۆک تاوتوێ بکەین تا گرینگی ئەم باسەمان بۆ دەرکەوێت یان دەرفەتێک بۆ وەامەکەی بدۆزینەوە.

پاساوی من بۆ بەدواداچوونی ئەم پرسیارە، گرینگی گۆڕانەوەی چیرۆکە. بۆ شیکردنەوەی مەبەستەکم ئاوە لە چۆن ڕوانگەی تایبەت بە چیرۆک ئەدەمەوە کە تا ڕادەیەک بابەتەکە بەبەاوتر دەکاتەوە. کێندرا لە کتێبی (هونەری ڕۆمان)دا دەڵێت: «باوکی ئێندێشەی مەدێرن تەنیا دیکارت نییە بەڵکوو سەروانتێسیش»[۸]. بە ڕای کێندرا سەروانتێس وەک یەکەمین ڕۆمان نووس، شێوازێکی نوێی لە (گۆڕانەوەی ئەم جیهانە)ی بە ئەمە خولقاند، ئەم شێوازە نوێیە "ڕوانگەیەکی نوێ" و "شێوەڕوانینی نوێ" و لە ئەنجامدا "جیهانێکی نوێ" یان باشترە بڵێین بەشێکی نوێی لە جیهان بە مرۆڤ دەرئەخات. گۆڕانەوەی نوێ، بەرهەمهێنەری زانستی نوێش، سیمەر چەتمەن لە کتێبی (چیرۆک و گوتار)دا، ئاماژە بە وتاری ژان پیاژە لەسەر پێکهاتە دەکات و بەم ئەنجامە دەگات کە بۆچوونەکانی پیاژە «گۆڕانەوەی نوێ و شێوە ڕوانینی نوێ بە جیهان، زانستی نوێ بەرهەم دەنێت، گشت پێکهاتەکانی زانستمرۆیێکان -مرۆڤ ناسیی، فەلسەفە، دەروونناسیی، زمانناسیی و… هتد- لەسەر سێ چەمکی کوواللیێت، ئاڵوگۆڕی شێواز و بە نیزام کردن، پێک هاتوون.»[۹]. هەر بە پێی ئەم ڕوانگەیە دەتوانین ڕۆمان – گۆڕانەوەی چیرۆک- وەک زانستێکی نوێ پێناسە بکەین. شێوە ڕوانینی نوێ بە چێشنێک ئاشکرا کردنی داپشراوەکانی جیهانی مرۆڤ، هەر سووچێک لە ڕوانین بە گومان نەڕوانین لە دیان سووچی تر، بەڵام لەژیکی چیرۆک، حەول بە ڕوانین لە زەرینەی شێوە ڕوانینەکانە. میخایل باختین ئەم تایبەتمەندییەی چیرۆک- هەبەت لەڕادا مەبەستی باختین ڕۆمانە نە شێوەکانیتری گۆڕانەوە وەکوو کورتە چیرۆک. حەقایەت، چیرۆکی مینیماڵ و…- وەک دەرکی چەمکی دەمەکراسی پێناسە دەکات و کەمەگایەک کە هەگری ژانری ڕۆمانە بە کەمەگایەک دەزانە کە مەشکی مرۆڤکانی توانستی دەرکی دەمەکراسییان هەیە[۱۰]، کاراکتەرگەلی ڕۆمان، جیهانە جیاوازەکانی مرۆڤ نیشان دەدەن، مرۆڤگەلێک کە هەر کام مەجالی جیاواز ژیان و ڕوانگەی جیاوازیان هەیە و هاوتەریب لەگەڵ ئەم جیاوازییە، دژوازی و لەمپەڕ و کەشی ژیان ئاشکرا دەکەن.

ریچارد روورتی لە وتاری (هایدیگەر و کوندرا و دیکەنز)دا پرسیارێک دەنێتە ئاراوە کە وەڵامەکەی هەوە بە بەستەکردنەوەی پێگەی گەانەوەی ئەمان لەمە جیهان و مرۆووی فەلسەفەیە. لەو وتارەدا روورتی داوا لە ئەمە دەکات بیر لە جیهانێک بکەینەوە کە هەرچی ئاسەوار و دەستکەوتی مرۆڤ کە لە جیهانی رۆژئاوا دایە، لە کارەساتێکدا لە ناو ئەچێت و هیچ نامێنێتەوە، جیا لە بەرهەمەکانی چارڵز دیکەنز وەک ئەمان نووس و هایدیگەر وەک فەیلەسووف. دووەم روورتی پرسیارەکەی بەرووروی وەها جیهانێکی خاپوورکراو دەکاتەوە، ئەو دەپرسێت: بەرهەمی کام یەک لەوە دووانە بە داهاتوو دەڵێت- رۆژئاوا- چ دەستکەوتگەلێکی هەبووە؟ چ مرۆوییکیان ئابواردوە؟ و مرۆڤکانی چلۆنیان بیرکردۆتەوە؟. روورتی لە وەامی ئەو پرسیارەدا بەرهەمەکانی دیکەنز هەدەبژێرێت و ئاماژە ئەکات: (جیهانی دیکەنز بە داهاتووان دەڵێت ئەمە چ دەستکەوتێکمان هەبووە، چلۆن بووین و چیمان کردووە، دیکەنز بە خولقاندنی کاراکتەرگەلی جیاواز، جیهانێکی سەیروسەمەرەی لە مرۆڤی جیاواز و تاک بە ئەمە پێک هێناوە، بە گومان جیهانی فەلسەفە- وەک مرۆوویی فەلسەفە- توانای خولقاندنی ئەم جیهانگەلەی نییە)[11].

ئەگەر دیسانەوە "موزلمان" لە ئەردوگاکانی ئاشوویتس بنینەوە یادمان، یان دەیان بەسەرهات و ڕووداو کە ئەمە لەیان بخەبەرین، ئەو مەترسیەمان لەمە نەگەورانەوە بە دەردەخات. هەبێت چیرۆک دەتوانێ گەورانەوەی ڕووداوەکی ئاستەقینە بێت بە زمانی چیرۆک، کەواتە پەروەردەکردنی ئەندێشەی گەورانەوەی خەمان، لە ئاستێدا هەوەکە بە سازدانی جیهانکی نوێ و هەرمان و تەنانەت دەنگ دەربینکی نوێیە. یان وەک کەندرا دەڵێت: «تەنیا لە ڕۆمان دایە کە کۆشە تاکە کەسیەکانی مرۆڤ خۆ دەنوێنێت» و«ڕۆمان نووس تەنیا پێناسەی، ئاگایی لەسەر ڕووداو و هەڵسووکەوتەکانی چیرۆکە». هەرمان بوونی مرۆڤ، لە بەردەوامی گەورانەوە و سازدانی چیرۆکی نوێیە. نەبوونی ئەم هەست و هەوە لە پانتای نەتەوەدا بەربڵاوتر و هەبێت مەترسیدارتر دەبێتەوە، ئەو کات بەڕووی ئەم پرسیارە دەبینەوە: ئەگەر نەتەوەیەک توانستی "گەورانەوەی خۆی" نەبێت ئایا بوونی هەیە؟!".

سەرچاوە و پەراوێزکان:

*کورت کراوەی ئەم وتارە، یەکەم جا بە فارسی لە ڕۆژنامەی شرقی تاران-روزنامه شرق-، ژمارەی ۲۹۷۵ (۱۰ مهر۱۳۹۶)، بەناوی (اگر داستانی روایت نشود، چه پیش می‌آید؟) بەاوکراوەتەوە.
۱. لوی ، پریمو. آیا این یک انسان است؟.. ترجمه: رویا طلوعی. کتابخانه علاالدین (www.aladdinlibrary.org)
۲. کیانپور، امیر. فلسفه در زندان وجدان: درباره یادداشت «جدال زندانی با زمان و وجدان». سایت (www.meidaan.com)
۳.کاتک موریس بلانشۆ باس لە قەیرانی شارەمەندی جوولەکەکانی

سەردەمی نازی دەکات، ئەم دەستواژەی بەکار دەنێت. جوولەکەکان بە ئاوەی لە شەقام و کەنارەکاندا نەناسرێنەوە، قسەیان نەدەکرد، وەک ئاوەی (هاە) بووبن.
٤.ریمون-کنان، شلومیت ، روایت داستانی، بوطیقای معاصر، ترجمه البوفضل حری، تهران، نیلوفر. (١٣٨٧)
٥.مەبەست نەتوانین لەمە گەیشتنەوەیە، بەهەی کەشەی سایکۆلۆژیک یان ترسی سیاسی-کۆمەڵایەتی، هەز و هەوەی گەیشتنەوە بزر دەبێت.
٦.مکوئیلان،مارتین ، گزیده مقالات روایت شناسی (مقاله معماهای نوشتار:روایت و ذهنیت)، ترجمه: فتاح محمدی، تهران، چاپ دوم، مینو خرد،(١٣٩٥)
٧.بارت، رولان، درآمدی بر تحلیل ساختار روایت ها، ترجمه: محمد راغب، تهران، چاپ اول، فرهنگ صبا.(١٣٨٧)
٨.کوندرا،میلان ، هنر رمان، ترجمه: پرویز همایون پور، تهران، نشر قطره (١٣٨٢)
٩.چتمن، سیمور. داستان و گفتمان، ترجمه: راضیه سادات میرخندان، تهران، مرکز پژوهشهای صدا و سیما، چاپ اول (١٣٩٠)
١٠.باختین، میخایل. تخیل مکالمه‌ای (جستارهای درباره‌ی رمان).ترجمه: رویا پورآذر، تهران، نشر نی، (١٣٨٧)
١١.رورتی، ریچارد. مقاله : هایدگر و کوندرا و دیکنز، ترجمه: هاله لاجوردی، مجله ارغنون، شماره 1، (١٣٧٣)
١٢.دیوید هرمن و دیگران. دانشنامه‌ی نظریه‌های روایت، گردآوری و ترجمه: محمد راغب. تهران. نیلوفر. (١٣٩٦)
١٣.حری، ابوالفضل. مقاله: درآمدی بر رویکرد روایت‌شناختی به داستان روایی با نگاهی به رمان آیینه‌های دردار هوشنگ گلشیری. پژوهشهای زبان های خارجی (نشریه دانشکده ادبیات و علوم انسانی دانشگاه تبریز) پاییز و زمستان ١٣٨٧
١٤. ریمون-کنان، شلومیت (سەرچاوەی پێشوو)
١٥. مکوئیلان،مارتین ،(سەرچاوەی پێشوو)
١٦.برمون، کلود. پیش درآمدی بر بوطیقای روایت‌شناسی ساختارگرا، ترجمه: محبوبه خراسانی، نشریه: ادبیات داستانی، شماره ٧٩، اردیبهشت ١٣٨٣

سەرچاوە: حەوتەنامەی سیروان. ژمارە 972

بەیت بێژ، گۆرانی ئەزموونی بیرەوەری … کاوان محەمەد پوور

هەنگاو پژارەی لە ناو چوونی حەقایەت بێژی-بەیت بێژی- کوردستان، جیاوازتر لە نیگەرانی واتەر بنیامین لە وتاری (حەقایەت بێژ: هاماناک لەسەر بەرهەمهێنانی نیکۆلای لێسکۆف) نەبەت. « حەقایەت بێژی بەرەو لە ناو چوون دەچێت. هەر رۆژ کە تێپەر دەبێت لە رۆژی ئەو کەسانەی توانستی گێڕانەوەی حەقایەتەکیان بە هەکی هەیە کەم دەبێتەوە". وەدی هێنانی ئەم چەشنە بەزر بوونە لە وانگەی بنیامینی بە تابشتی لەگەڵ گۆڕینەوەی ئەزموونە. واتە لە ناوچوون و هەخانی ئەزموونە کە شێوەی زارەکی حەقایەت بێژیش بزر دەکات. لە ناو نەتەوەی کورد، هەر لەسەردەمانی زووە ، حەقایەت بێژ- بەیت بێژ- پلە و پێگەیەکی بەرچاو و بەنرخی هەبووە. کەسایەتییەک کە دیوەخان و کەبوونەوەکانی بە سیحری گێڕانەوە دەرازاندوە و باسی لە چیرۆکەک دەکرد کە وەدەچوو-مێژووی نانووسراوەی- ئەوانە. مێژوویەک کە تەنیا لە (ئەزموون)دا توانستی ئاهەنگێڕی و گۆڕینەوەی هەیە و تەنیا بە بەنەی بەیت بێژ-شێوەی زارەکی- کە مانادار دەبێتەوە. بنیامین هەر لەو وتارەدا حەقایەت بێژ بەو کەسایەتییە پێناسە دەکات کە بەم هەیەی توانای گێڕانەوەی-ئەزموونی تاکی خۆی و ئەزموونی ئەویتری- هەیە، توانستی گۆڕینی –گێڕانەوە- بە –ئەزموون- و هەناردە کردنیشی بە مەشکی ئەویتر هەیە.
واتە لە شێوەی گێڕانەوەی زارەکی ئەو دایە کە چەشنەکی تایبەت لە ئەزموون بە بەردەنگ هەناردە دەکرێت. بە وانگەی بنیامین تەنیا حەقایەت بێژ ئەو توانستەی هەیە و هەمان نووس-نووسراوە- بە هەی بە بەهرەیی لە ماوێژ و ئابێژ و گەشەنشینی کردن، توانای هەناردەکردنی ئەم چەشنە لە ئەزموونی نییە.« بەشکەی هەمان هەر ئەو کەسایەتییە گەشە گیرێیە کە ئیتر توانایی نییە مەبەستەکانی خۆی بە هەنانەوەی نموونەگەلێگ لە گرینگترین دەخەشیەکانی باس دکات. ئەو خۆی بە بەهرە لە ماوێژ و کەسکانیش بە بەهرە لە ماوێژی ئەو».

بەیت بێژ لەو ئەزموونە زارەکییە دەدوێت کە زیندوو کەرەوەی ئیماژی کلاسیک و فەرهەنگی لە مێژینەی ئەو- هەبەت نە بەشێوەی تاک بەکوو بە شێوەی کەمە-. کە واتە بەیت بێژ هەگری –بیرەوەری و ئیماژەکی کلتووریە- کە شێوەی ئاخافتبی بەرسەر چەشنی نووسین دا هەسنترێ. بەیت بێژ هەگری ئەزموونێک لە مێژوویە کە ئابردووی بەردەوام لە

ئەستادا مانا دەکاتەوە. بە هەوانگەیەک ئەو لە مژوویەک ئەدەبت کە شیاو و ژنهاتوی نووسینەوەی نییە.

هەنگاو بە کەمەک چاو پێشین بتوانین ئەوە بڵێن کە نووسینەوە لەم چەشنە گێڕانەوەدا- مەرگی ئەزموونە-، ئەوەش بەم هەیبەتە کاتێک بەیت بژێ، بەیتێک دەگەڕێتەوە، لە –پێش گێڕانەوەیەک- بە دەربڕین کۆک وەرئەگرێت کە لە نووسینەوەدا توانستی ئەم شێوەی لە گێڕانەوەی نییە. سەر و ژوور کردنی دەنگی گۆرانەوە (راوی)، مەودای نەوان وشەکان و هێستەکان، و خەمێک کە لە کاتی گێڕانەوە دا هەیە، هەمایەک لەسەر ئەزموونی زارەکی نەوان بەیت بژێ و بەردەنگ. واتە مژوویەک کە لە ئەزموون دا مانا دەکرێت، تەنیا کاتێک بە نواند دەگات کە بە چەشنی زارەکی و هاستەوخۆ و بە دەنگەکی دیاری کراو بگەڕدرێتەوە. بە هەوانگەی بەنیامین، «ئەگەر خەو ئەوپەڕی ماندووی جەستەیە، دەتەنگی و خەمەکی ئەوپەڕی ماندوویی مەشکە». ئەمە هەر ئەو چەمکەیە کە کوێت کردنەوە و بەردەوام بوون بە حەقایەت گێڕانەوە دەستەبەر دەکات و بەم هەیەش ئاسەدانەتر لە بیر دەمێنێتەوە.

بەیت بژێکان، کە ئەمرکە لەگەڵ ڕژێمێکی کەمیان بەروروویین، کورتە و کەیەکی دەست نیشانکراو لە مژوو پێناسە دەکەن کە وێنای نەنووسراوەی هابردوویە. لەم هەوانگەیە دا بەیت بژێکان تەنیا هەڵ و ئیمانێکی پەوەندی نەوان هابردوو و ئێستاکەن، کە واتە لە ناو چوونی ئەم تاقمە و- شەوە گێڕانەوە-، لە ناوچوونی مژووشە!. ڕژ لێنان و پاراستنی بەیت بژێ، ڕژ گرتن لە مژووی وەاتە. کەسێک کە بگەڕەوەی (راوی) ئەزموونی بیرەوەرییە. بەیتێک کە بەیت بژ دەیگێڕێتەوە تەنیا گێڕانەوەی ئاسایی چیرۆکی دەداری و تراژیا نییە، بەڵکوو لە شەوەی گێڕانەوەی ئەم مژوویە- یان بەیت- چەشنێکی تایبەت لە گێڕانەوەی خە ئەونەنت کە ناوەرۆکێکی و شەوە گێڕانەوەی تایبەتی خۆی هەیە، واتە شەوەیەکی سەقامگیر لەسەر مژووی بشەوەی زەینی و بیرەوەی بە کەمە کە تەنیا بە چەشنی زارەکی هەناردە دەکرێت. هەنگاو هەر بەم هەیەبەت کە پرۆفیسەر (ئووریش مارزلاف) لە کتێبی (پەلەن بەندی حەقایەتکانی ئێرانی)، دەڵێت:« حەقایەتە کوردیەکان ماهییەتێکی تایبەتیان هەیە کە دەبەت جیاواز لە حەقایەتی نەتەوەکانی تر باس بکرێت».

گەڕەوەی حەقایەت کوردیەکان خۆی وەکوو قارەمانێکی تراژیدیک یان نەستەق بژێ پێناسە دەکات کە گەڕەوەی بەسەرهاتی خۆیەتی. باس لە قارەمانێک دەکات، کە لە شەڕێکی دەستوێخە دا لەگەڵ تەقدیر هەوڵی گۆینی – چارنووس- بە- بەسەرهات- دەدات. بەیت بژێ، ئەزموونی

زینی لە مەبەستی قارەمان هەیە و لە حەولی گەیانەوەی چیرۆکی قارەمان دەت. ئەو بە گەیانەوەی زارۆکی و ئاستەوخۆ بە چەشنێک چیرۆکەکە هەناردە دەکات کە بەتەواوەتی ئەزموونی سەیاست و ڕۆک لە مژووی زینی بیرەوەری.

سەرچاوە:
حەوتەنامەی سیروان

ڕەخنەی ئەدەبی ئەمڕۆ و پەیوەستی بە "کۆنـــــدرا" … کـــــاوان محەمەد پوور

میلان کۆندرا لە بەشی (کافکالەژی) کتێبی (وەسیەتە چەواشەکراوەکان)دا، هەرچی ڕەخنە و هەڵسەنگاندنی سەر بەرهەمەکانی کافکایە بە دوور لە ڕوانگەی شیاو بە ناسینی کارامەی و پسپۆری چیرۆکنووسی کافکا دەزانێ. کۆندرا پێی وایە ڕوانگەگەلی فەلسەفی و مارکسیستی و دەروونشیکارانە توانستی هەڵسەنگاندنی ئەدەبیات لە مەڕ چەمکی جوانیناسیی ئەدەبیات و خوێندنەوەی لایەنە نادیارەکانی داهێنانی هونەرییان نییە، کە واتە "ئەدەبیات" دەبەت بە "ئەدەبیات" هەڵسەنگێندرێت نە زانستەکیتر.
تەدەرەف لە کتێبی (بووتیقای پەکهاتەخوازی) دا ئەم قسەی کۆندرا بە چەشنەکیتر پاتەدەکاتەوە " ڕەخنەی دەروونشیکاری و کەمەناسیی و … لە ئەدەبیات تەنیا دەبەتە هەی پشکۆتنی ئەم زانستانە، نەوەکوو پشکۆتنی ئەدەبیات"!!. لە تاوتوێی ئەم باسەدا دەبێت ئاماژەکەم، زانستگەلی فەلسەفی و مارکسیستی و دەروونشیکارانە و.. هتد،
بەیە لە لایەن نووسەرانی ئەدەبی و ڕەخنەگرانی ئەدەبی دەتە بەر ڕەخنە کە ئەم زانستانە بەهیچ ڕوو لە داهێنانی ئەدەبی و لایەنە جوانیناسانەی ئەدەبیات نادوێن، هەڵبەت ئەوە بەو مانایە نییەکە ئەمە بەمان نییە کە ئەدەبیات بەم چەشنە بخوێنینەوە، بەڵام دەبێت ئەوەشمان لە یاد نەچێت ئەم زانستگەلە، لایەنە بە هەزەکانی دەقی

ئەدەبی پەناسە ناکەن و تەنانەت ئاگاڕ دەقێک هیچ لایەنی ئەدەبی شایانی نەبەت ئەوە دیسان دەتوانین بە هەر کام لەو زانستانە تاوتوێی کەین و مانایەی دەروونناسانە یان فەلسەفی تێدا بدۆزینەوە. بەڵام ئەوەی کە دیاری دەکات چ دەقێک داهێنانی ئەدەبی و هونەری تێدایە و بە نموونە بە باشترین شێوە "تراژیدی" یان "کۆمیدی" وەک چەمکێکی ئەدەبی پێشان دەدات، پرسیارێکە کە لە گریمانەی ئەدەبی دەتە دەرە نە لە زانستی فەلسەفی یان کۆمەڵناسانە، ڕەخنەی ئەدەبی بەشێک لەم گریمانەی ئەدەبیە. کاتێک دەڵێن "هاملێتی" شێکسپیر بەرهەمێکی تراژیدیک و بەهێزە بەو مانایەی کە تراژیدی ئەدەبی و لایەنە هونەرییەکانی یەک دەقی شانۆیی بە باشترین شێوە نیشان داوە،
کە واتە بە مانایی دەقێکی فەلسەفی یان کۆمەڵناسانە نیە- پرسیاری کۆمەڵناسانە لە ئەدەبیات پرسیار لە تراژیدی یان کۆمیدی نیە-. واتە ئەمە ناتوانین ئەم دەقە لە ڕیزەی دەقی ئەفلاتوون یان کانت و دێکارت دانێین. ڕوانگە و شێوەی بەرووڕوو بوونەوەی فەلسەفە و کۆمەڵناسیی لە گەڵ ڕوانگەی ئەدەبیات بە جیهان جیاوازی بنەڕەتی هەیە. شێوەیەک کە سەروانتەس بە دۆنکیشۆت جیهان ئەبینێت جیاواز لە شێوەی دێکارت. هەر دووک مرۆڤ وەک پێشەنگی ناسینی جیهان دەزانن، بەڵام – بەڵای کارل لەس فۆئنتەس- دۆنکیشۆت بەرهەڵستی جیهانێک دەبێتەوە کە خەریکە بە واقعییەت نزیک دەبێتەوە!!- وەلی دیکارت هەوڵی تەواوکە بە نزیک بوونەوە لە واقعییەت ئەدا. دۆنکیشۆت بە خەیاڵ و ئیمان ئەچێتە پێش و دیکارت بە عەقڵانییەت. کە واتە دەقی ئەدەبی زانست و ڕوانگەکی جیاوازی بە جیهان هەیە. هەبەت بە نووسینی ئەدەبیات ئەندێشە و بیر کردنەوە پێویستە بەڵام ئەندێشە بێشی بەربڵاوتر لە فەلسەفەیە- لەڕدا مەبەستی من لە فەلسەفە ئەوەی کە لە مۆژوویی فەلسەفەدا باس دەکرێتە نە ئەندێشە و ڕامان- ، بە گومان ڕەمان نووس بە ئەوەی چیرۆکێکی شیاو و کاراکتەرگەلێکی تایبەت بخەڵقێنێت، ئەوە دەبەت ئەندێشە و بیرکی تایبەتی هەبێت بەڵام بە مانای ئەوە نیە کە دەبەت وەک فەیلەسووفەکان لەسەر چەمکگەلی فەلسەفی و بە مێتەدی فەلسەفەی بیرکاتەوە. کاتێک لە فلەبەر ئۆپرسن (مادام بووری کەیە؟) ئەوە دەڵێت خەمم!!، ئیتر ئیستدلالی عەقڵانی بە ئەم پرسیارە ناهێنێتەوە. نووسەری ئەدەبی لە هەوڵی نیشاندانی جیهانێکانی مرۆڤ. ئەم کارەش بە خەڵقی کاراکتەر و ڕوانگەگەلی جیاوازیە کە هیچکامیان بە زمانێکی فەلسەفی نادوێن. بەڵکوو بە زمانی ئاسایی جیهانی خەیان بەرەو پرسیار ئەکەنەوە. بە ڕوونکردنەوەی ئەم مەبەستە وا باش ئاماژە بە بیرۆڕیکی کەندرا کەم، کەندرا لە ڕەمانی (میوانی خوداحافزی)دا فەزایکی پێ لە

گوشار و ناکۆکی دەخوێنێت،
ئەو ئەم فەزایەدا باسی پزشکێک دەکات کە بە "تەزریقی ئیسپڕمی" پیاوانەی خەی، بەو خەزانانەی کە منالیان نابێت توانایی منال بوونیان پێ ئەدات و لە سەرئەنجام عەشق و خۆشەویستی بە خەزانەکان ئەبەخشێت. هیچکام لەو خەزانانە ئاگاداری کاری ئەم پزشکە نابنەوە و تەنیا بەوەی کە بەچوون بۆ لای ئەو پزشکە منالیان دەبێت خۆشیەکەی تایبەت لە ناو ژیانیان دەکەوێت. کەندرا لە کتیبی (وەسیەتە چەواشەکراوەکان)دا دەگەڕێتەوە، "کاتێک ئەم ڕەمانەم بەاوکردەوە هەستا زانستی پزشکی بەم دەسکەوتە نەگەیشت بوو کە بە "تەزریقی ئەسپڕم" ئەو خەزانانی منالیان نابێت منالداریان کات، هەر بۆیە ڕۆژێک پزشکێک لە فەڕانسە پەیوەندی پێوەگرتم کە من ڕەمانەکەی تەم خوێندەتەوە و پێم خۆش بێبینم. منیش لە ڕاستی دا بەم دیدارە خۆشحاڵ بووم. کاتێک چوومە لای بە سەر سامیەوە وتی: ئەمە تازە بەم ئەنجامە گەیشتووین کە زانستی پزشکی دەتوانێت تەزریقی ئیسپڕم بە منداڵ بوون بکار بێنێت، تە چەن چەند ساڵ لەوەپێش ئەمەت باس کردوە. منیش لە وەڵام دا گوتم: من ڕەمان نووسم!!" کەندرا دەڵێت هەر چی ئەم پزشکە پرسیار دەکات من دەمگووت: من تەنیا ڕەمان نووسم!!. ئەم بیرۆکەیەی کەندرا -و دەیان بیرۆکەیتری چیرۆک نووسەکان- ئەوەمان بە دەردەخات کە نووسەری ئەدەبیات تەنیا بە شوێن گەڕانەوەی جیهان دایە نە شیکردنەوەی فەلسەفی و باسکردنی دەروونشیکارانە لە کاراکتەرەکانی. هەر بۆیەش نووسەری ئەدەبی وەها باشە خەی لە قەڕەی ئەم باسانە نەدات و مەجال بدات بەردەنگ و ڕەخنەگر ئەم لایەنانە شاراوانە بدۆزنەوە. هاوتەریت لەگەڵ خوێقاندنی کەسایەتی و بەرهەمهێنانی "ئەدەبییەت" لە دەقی ئەدەبیدا، نووسەر خەریکی پێکهێنانی فەزایەکی هونەری و جوانیناسانەیە، واتە شێوەیەک لە دەق بەرهەم دێنێت کە یان لەمە پێش بوونی نەبووە یان تا هەستا بەم شێوە نواندنی نەبووە!، لەڕەدایە کە ڕەخنەی ئەدەبی لە هەوڵی دۆزینەوەی ئەو لایەنە نادیارانی ئەدەبیات بە پێش بردنی ئەدەبیاتە.

ئەم پێشکیەی کورتەم بۆیە باس کرد کە دەرفەتێک بە وروژاندن و تاوتوێی فەزای ڕەخنە لە ئەدەبیاتی کوردی بدەزمەوە. بەگومان هەرکام لە ئەمە بە دیان جار لەگەڵ دەقێک لە ژێر ناوی (ڕەخنەی ئەدبی) بە زمانی کوردی بەرووبوونەوە کە ئەوان باسی فەلسەفی و هێنانەوەی هەستی فەلسەفی تێدا بووە کە دەڵێی لەگەڵ دەقێکی فەلسەفی بەرووبووی تا دەقێکی ئەدەبی. ڕەخنەگرانی ئەدەبی ئەم شێوە ڕوانین بە ئەدەبیات وەک خەسار ئێناسن و هیچ شوێنوارێکی

ئەدەبی بە نادەزنەوە. ئەم شێوە هەڵوێستەیە جێگە و پێگەی بەرهەمی ئەدەبی لە مێژووی ئەدەبیاتدا دیاری ناکات و زیاتر ناوەندێکی دەقەکە دەنێتەبەر باس. بگومان هەڵسەنگاندنی ناوەندێک بە زانستگەلی جیاواز پێویستە بەڵام بەو مانایە نییە کە بەخنەی ئەدەبی- کە خێی بنەما و پێوەر و دەستواژەی تایبەتی هەیە- لەبیر کەین. مێژووی ئەدەبیات ئەوکات دەقە بە شاکار دەزانێ کە لە ئاستی بەرهەم هێنانی ئەدەبی، داهێنانی هەبێت، نە ئەوەی کە تەنیا کاراکتەرێکەی هەمای کۆمەڵایەتی شەرشگێڕ یان کۆمەڵایەتییەکەی لە قۆناغێکی دەروونی مرۆڤ دەدوێت و زمانی فەڵان شاعیر زمانێکە شارستانی یان لادێیە!!. تا هەستا هەزاران چیرۆک لەسەر کۆشەی مرۆڤی مەدەن نووسراوە بەڵام تەنیا کۆمەڵانێک وەک کافکا و کامۆ و هاروکی مۆراکامی ناسراوان، لەبەردا بەخنەی ئەدەبی دەڵێت تەنیا باس کردن لەو کێشە بە مانای بەهێزبوونی بەرهەمی ئەدەبی نییە بەڵکوو تەکنیکی ئەم گەڵانەوەیە کە کافکا و کامۆ و... ئەکاتە نووسەرێکی بەتوانا.

بە نموونە کاراکتەر و رووداوەکانی ئەدەبی زارۆکەی و فۆلکلۆری هەر نەتەوەیەک شایەد کەمترین پێوەندی بە جیهانی واقع هەبە واتە کاتێک "ئیلیاد و ئۆدیسە" یان "مەم و زین" یان بەیتێک وەک "قەڵای دم دم" ئەخوێنینەوە بە باشی دەزانین پێژیار و نووسەر بەشێکی زۆری لە رووداوەکان و هەڵسووکەوتی قارەمانەکانی پێوە زیاد کردوە. کاتێک هەمەر باس لە چیرۆکی ئۆدیسیووس، "تاڵکین" باس لە جیهانە فانتەزیەکان و بەیتی کوردی باسی خێشەویستی ئەکات، ئەوە یەکێک- لەلایەنە گرینگەکانی دەگەڕێتەوە سەر "ئەدەبییەتی" نووسراوەکان، واتە چێشن و شێوەگەلانەوە و چنینەتی پێکهێنانی رووادو و نەقشاندنی فەزایەکی جوانیناسانە- کە بە دیاری کردنی ئەم بەشە بگومان پێویسمان بە "بەخنەی ئەدەبییە"! نێک تەنیا "بەخنە لەسەر ئەدەبیات"!. کە واتە، ئەوە بەخنەی ئەدەبییە کە توانستی دیاری کردنی و دەستنیشان کردنی شاکارەکانی ئەدەبی و هەڵسەنگاندنی ئاستی نووسەرێک لەمە ئەدەبیاتەوە هەیە. مێتەدەکانی بەخنەی ئەدەبییە کە یگە و پێگەی شیاو بە تاوتوێی ئەدەبی دیاری ئەکەن. چیرۆکێک کە لە چوارچێوەی ئەدەبی ریالیستیدا نووسرابێت بگومان نیشاندەری هەڵسووکەوت و رووداوەکانی واقعییە بەڵام ئایا هەر کارەکی ریالیستی شاکاری ئەدەبییە؟!. یان چۆن کە لە ریالیسمی سیحراوی دا بەمانەکانی گارسیا مارکێز لە چیرۆکەکانی "ماریە بەندەتی" ناسرواتر و شاکارترن؟. ئەمە لە حاڵێک دایە هەر دوو لەو نووسەرانە هەر لە یەک شێوە بە نووسین کۆکیان دەگرت و هەر دووکیش گۆڕەبووی یەک فەزای کۆمەڵایەتی –سیاسی بوون. بگومان بەخنەی ئەدەبییە کە

بە ئەم دۆخە ماركز لە ئەدەبیاتدا بەهێزتر لە ماریۆ بەندێتیە.

بەداخەوە ئەم شێوانینە بە ڕوخنەی ئەدەبی لە ناو کورددا زۆر دەگمەنن، و بە ناوی وتار و کۆڕی ڕوخنەی ئەدەبی، خەریکی ڕوخنەی دەروونشیکاری و کۆمەڵناسیی و هتد...ین. بەگومان ڕوخنەی ئەدەبی پسپۆری تایبەتی دەوێت و وەک زانستەکانی تری زانستەمرۆیەکانی هەڵگرای ڕوانگەی تاکی و هەنانەوەی ڕاستە لەملاولاوە نییە.
هۆبەت ڕوخنەی کۆمەڵناسیی لە ئەدەبیات یان- دەروونناسیی- شۆڕیکی بەتوانا لە ڕوخنەیە و ناتوانین لەپڕاوڕزی خۆیان بەرام بەو مەرجە کە بەجێ و لەشوێنی خۆی بەکار بێت. بە نموونە ڕوخنەی کۆمەڵناسیی لە دەقێکی ئەدەبی پێویستی بە خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی گشت کارکردەکانی ئەدەبیات و هەڵسووکەوتی مەدەنی و مێشکی کۆمەڵایەتی و شێوازی ژیانی ئاسایی و دۆیان چەمکی تری دیکەی کۆمەڵایەتی هەیە تا بتوانین دەقێک کە بەرهەم هاتووی کۆمەڵگایەکی تایبەتە، بە ڕوانگەکی کۆمەڵناسانە بخوێنینەوە!! نە ئەوەی کە تەنیا دەقەکەمان بە دەستەو بێت و ئیتر بە هیچ کارێکی توژینەوەی لەسەر هەڵسووکەوت و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان ئەم دەقە تەنیا و تەنیا بە دوو سێ کتێبی گریمانەیی کۆمەڵناسیی و چەند ڕستە لە لوکاچ و گۆڵدمان بڕێن ئەوە خەریکم هەڵسەنگاندنکی کۆمەڵناسانە لەسەر ئەدەبیات دەکەم. دیسانەکە وا چاکە ئاماژە بدەم کە ئەم ڕوخنە کۆمەڵناسیی (یان زانستەکانی تر) ئاستی هونەری ئەدەبیات دیاری ناکات واتە نابێتەوە ئەم هەیە کە بە ناوی شاکارێکی ئەدەبی بیناسین ،
مێتەدی زانستەکانیتر نە پرسیار، نە شێوەی توژینەوەیان لەسەر چەمکەکانی ئەدەبی نییە بەڵکە لە هەوڵی تاوتوێی ناوەڕۆک دەقی ئەدەبی لەمەڕ جیهانن ئاوێش بە ڕوانگەکی تایبەت، واتە دەرفەتێک بە ڕوخنەگر نادەن کە لە لایەنە هونەری و نوگرێیەکانی دەق بدوێن. بە نموونە سارتر کەسێک وەک "فلوبێر" بە نووسەرێکی بەتوانا نازانێت چوون کاراکتەرەکانی شەرشگێر نیین بەڵام "ژاک رانسیێر" وەک باشترین نموونەی نووسەری بەتوانا دەنێتە ئاژمار چوون کاراکتەرەکانی هەمایی ئالۆگۆی مرۆڤ و "دابەشکردنی ئێستێتیکە"!، بەڵام هیچ یەک لەم دووانە لایەنە ئەدەبییەکانی فلۆبێر باس ناکەن، واتە لە شێوەی جیاوازی گۆڕانەوەی چیرۆک و نەقشاندنی ڕووداوەکان و پێکهێنانی کاراکتەر و لایەنە جوانیناسانەی چیرۆکی فلۆبێر نادوێن، ئەمش بەم هەیە کە خەریکی ڕوخنەی ئەدەبی لەسەر فلۆبێر نیین و ڕوانگە و مێتەدی ڕامان لە ئەدەبیات بە ئاوان شتێکیترە.

لە بارەمەکانی کەسانێک وەک _کێندرا، کالڵس فونتەس ، تەدەرەف ، ژرارژێنت ، بارت ، روورتی ، ئەمبەرتۆ ئێکۆ و... هتد، ئەم باسە بەدەیان جار پاتکراوەتەوە و بە چەشنێکی زانستی مەتەدی ڕەخنەی ئەدەبییان دیاریکردوە. بەداخەوە فەزای ڕەشنیری ئەمە هیچ کات (ڕەوتی زانستی) ڕەخنەی ئەزموون نەکردوە و هەر کات کە ڕووی لە ڕەخنە هەنا، "بنەما فەلسەفییەکانی" ڕەخنەی ئەدەبی هەر وەک مەتەد وشەوەی تاوتوێی ڕەخنە بەکار دەنێت!!. واتە فەزایی ڕەشنبیری ئەمە لە سەرەتا و ئێستاشی لەگەڵ بەت وەها بیردەکاتەوە کە بە هەگل و هایدیگەر و ئادەرنە ڕەخنەی ئەدەبی دەکرێت و ئەتوانین ئاستی ئەدەبی دەقێک هەڵسەنگێنین و بە خەبەر لەمەیە کە ئەم فەیلەسووفانە و دەیان فەیلەسووفیتر تەنیا وەک "بنەماکانی ڕەخنە" ئەناسرێن! نە ڕەخنەگەری ئەدەبی!، ئەوەش بەو مانایەیە کە فەلسەفە وەک بنەما چەشنێک لە ڕەوانین و تاوتوێ، لە ناو پارادایمێکی تایبەت پێک دەنێت کە ڕەخنەگەر وەکوو چەمکی زانستی بە دیاری کردنی مانا و دەرک و فامی لە گشت چەمکەگەلی جیهان و مرۆڤ بەکاری دەێت، نەوەک مەتەدێک بە تاوتوێ بارەهەمی ئەدەبی. بەگومان هەر زانستێک بنەمایەکی فەلسەفی بۆخۆی دیاری دەکا، تا شەوەڕەوانینی لە ڕەوانێکانیتر جیاکاتەوە و لایێنکانیتری ژیان و مرۆڤ بناسێ. بەڵام دیاری کردنی بنەمای فەلسەفی بەمانای بەکار هێنانی مەتود و دەستواژەی فەلسەفی بە تاوتوێی چەمکێکی تایبەت نییە.

فەلسەفی مەتود دەزینەوەی بنەما فەلسەفییەکانی مەتودە، واتە فەلسەفەی مەتود پێمان دەڵێت کە کام مەتەد و زانستە، توانستی هەڵسەنگاندن فەڕمان چەمک و کەشەیی هەیە و توژەر مەجالی کام پرسیارەی هەیە. فەزای ئەدەبی کوردی-بەتابەتی لە کوردستانی ئێران-بە بە ئەزموون و ناسینی ئەم بنەڕەتانە، بنەما فەلسەفییەکان وەک مەتەدی ڕەخنەی ئەدەبی بەکار دەنێت، شایەد ئەم خەسارە وەک دیان خەساری زانستی ئەمە بگەڕێتەوە سەر پاژبەپاژ و سیستەمی ئەزموون نەکردنی زانستی مەدێرن. لە ڕاستیدا ئەمە لە کوردستان هیچکات ڕەخنەی کلاسیک -بە نموونە ئەرستووی-مان ئەزموون نەکرد و لە پڕا بە ناسینی بنەما و بنەڕەتەکان خەمان لە قەڕەی ڕەخنەی مەدێرن دا. هەر بەیەش نووسەری ئەدەبی ئەمە زیاتر خەریکی نەقشاندنی فەزایەکی فەلسەفی -ئەویش زەر ناکەک و ساویلکە-یە، تا نووسینی دەقێکی ئەدەبی. دیارە لەم فەزایشدا زیاترین ڕستەی فەلسەفی لە ڕەخنەی ئەدەبی دا و زیاترین ئیدعایی نوخوازی لە ئەدەبیات دا دەقەومە و هەر کات یەکێک لەم دەقانەت بەڕووڕووی ڕەخنە کردەوە ئەوە نووسەرەکەی دەڵێت: "کاکی خەم ئەوە بارەهەمکەی پێست

مەدەنی"!!، یان شاعیر لە هەوای شیکردنەوە و ناساندنی داهێنانەکانی خۆی بە زمانێکی فەلسەفی لە کێ و کێبوونەوەکان دەت، ئەوەش لە حاڵێکدا کە تەنیا ڕاخنەگرێکی ئەدەبی بە مەتەدی دیاری کراو بۆی هەیە بڕەت ئەم نووسەرە تا چ ڕادەیەک دەقێکی ئەدەبی جیاوازی بەرهەم هێناوە. بڕەاستی لەم فەزایەدا کەسێکی وەک میلان کۆندرامان پێویستە کە پەمان بڕەت ئەدەبیات بە ئەدەبیات ئاخوێندرێتەوە.

سەرچاوە:

- حەوتەنامەی سیروان، ژمارەی 936

نوێخوازی لە دەلاقەی مانیفێستێ ئەدەبییەکانی کورد شەڤێی هەنگ،کفری،داکار

کاوان محەمەدپوور

پێشکی:

مەژووی ئەدەبی هەر نەتەوەک پڕ لە بەرەوروو بوونەوە و خوقاندن و بەگژ داچوونی، فەرم و بیرکەی جیاوازی نووسەران بە دەرباز بوون لە گوتار، یا خود شێوازکی مەژینە کە لە پرسەی مەژوویدا بەسەر نووسەر سەپاوە. ئەو بەرەنگاریێ و «دژە کلاسیک» بوونی نووسەرانی ئەدەبییە کە بە ناوی «نوێخوازی»و «نوێگەری» لە وێژدا دێتئاراوە. دیارە کە دەخی تایبەتی مەژوو پێکهێنەری گوتاری زاڵی ئەدەبی دەبێتەوە و نووسەری ئەدەبی ناراستەوخۆ_لە بڕ جاریش ڕاستەوخۆ_ دەچێتە ژێر هەژمۆنی ئەو گوتارە و دەبەتە ئەمرازک بۆ نواندنی شێوازکی تایبەت لە ئەدەبیاتدا. ئەو دەخە «نوکتەکی زەریف» و حاستەمی مەژوویە کە بەنیسبەت کەم نووسەر بەسەری دا ئاگاداریان هەیە، واتە

وەستان لە قۆناغێکی تایبەتی مێژوویی کە ئەتوانین بە (حزوور لە بەزرەخی مێژوو ئەدەبی) نوودر بکرێ. داهێنەر خای لێم بەرزخ رزگار دەکات و شێوازیکی نوێ لە وێژە دەخاقنەت. ئێم رزگارکردنە دەخکی متافیزیکییە بە داهێنەر، هەر بیە لە ئاستی ئایدیا و ئەندێشە دەقوومە و لە دووایێدا بە کەنشی داهێنەر جێستەماند دەبەتەوە. «مانیفێست» هەر ئەم دەخە تایبەتەیە کە نووسەر تێیدا دەوەستێت. ئەم دەخە بەرزەخییە،نووسەر لێیک کاتی ناوازدا وەک هەموو مێژوو پێناسە دەکات و لە هەمان کاتیشدا وەک هیچ شتکی ناسەنێت، ئێم دەخە «لە نەواندا بوون» و «وەک کەس نەچوون», مانیفێستە(1) .

بە هێنانە ئارای مانیفێست لە لایەن نووسەرەوە مێژووی ئەدەبی لە حاەتی بەرزەخی دێتە دەر و دەست پێکی نوێ بە ئەدەبیات دەرەخسێنێت. ئەم دەست پێکە، دەست پێکێک نییە کە بەتەیناو لە پانتایەکی تاکی و بە زمینەیی هاتبێتە ئاراوە. بە گومان هەوتی مێژووی ئەدەبی و گوتارە سیاسی، کەمەایەتی و ئابووریی، کەبەندێک لە «دەخی خوقاندن» پێک دێنن و ئیمکانێک بنووسەر وەدەست ئێدەن کە «داهێنان» لە دەقی ئەو دا خ بنوێنێت._ شەی یەکەمی جیهانی کەبەندێک لە قەیران بە مرۆق دروست دەکات کە لە ناو هونەردا بە «دادائیسم» خ ئەنوێنێت، دەروون شیکاری فرێیدی و لە پێش ئەو پێش کەوتنی زانستی مرۆق و دەستکەوتکانی دادائیسم، ئەو کەبەندەی بە «سوررئالیسم» پێکدێنی_.

مانیفێست هەوڵی ئەوە دەدات کە بفامێنێت، مێژووی ئێمە لەو دەخ ناوازدا هەگری چ چەمک و پێناسەیەک، کە لە مێژووی ابردوو جوداوازمان دەکات. ئەم ئاگامەندییە ئەو هەلە (بە داهێنەر) دەرەخسێنێت کە خای مێژووی خای بنووستەوە، مێژوویەک کە رووی لە داهاتوویە. واتا کێیەک لە دوو چەمکی (ابردوو) و (داهاتوو) لە نووسراوک بەناوی مانیفێست خ نیشان ئەدات. مانیفێست نواندن و روون کردنەوەی ئێم شتێیە کە لە ابردوو هبووە بەام نەبینراوە، وە پیناسەکردن و نیشاندانی ئێم شتێیە کە لە داهاتووداە- _داهاتووی نزیک _دێت. هەر بیە لە دەقە پیرزکانیشدا مانیفێست بە مانای « بەم زوانە بێت ووون ئەبێتەوە» بەکار هاتووە. مانیفێست ووونکەرەوی مێژوویەکی ابردوو و مێژوویەکی داهاتوویە کە خای بە نقیسار جەستەمەند دەکات، و ئەنجام و دەرئەنجامی مێژوو پێکەوە گرێ دەدات.

لەو ڕوانگەدا مانیفێست ڕوونکەرەوی ئەو حەقیقەتانەیە کە لە پشت حیجابگەلی جیاوز خۆیان حەشار داوە و بە نووسینی مانیفێست ئاشکرا ئەبن.

بە چاوکردنی گشتی لە دەقی مانیفێستەکان بۆمان دەرئەکەوێت کە هەر مانیفێستەی بە شێوەی گشتی دەبێت ئەم چەند خاڵەی تێدا بەدی بکرێن: دەقێک کە لە ڕووی ئەدەبی دیار، ڕوون و هێچ دژوار نووسی و گۆیی تێدا بەکار نەبردرابێت، دەرئەنجامی ئەندیشەی تاک یان جەماعەتێک نووسەرە کە شێواز و ڕێسا و بنچینی ئایدیای نوێ باس ئەکات کە لە کەمەڵگا دا باو بێتەوە. مەبەست لە نووسینی مانیفێست دەڵێبرینی ئایدیا و ئەندیشێکی نوێیە بۆ جیاکردنەوەی مژووی ڕابردوو لە مژووی داهاتوو(2). هەر بۆیە دەقی شێعر یا چیرۆک یا هەر دەقێکی ئەدەبی ناتوانێت وەکوو مانیفێست ناوی لێنێن، بەڵکوو ئەم دەقانە (شێعر،چیرۆک و…) دەرئەنجامی بیرکەی مانیفێستین، نە خودی مانیفێست. ئەم دەقگەلە توانستی ڕسابنەدی و ڕوون کردنەوە بۆ مانای مانیفێستیان نیە. هەر وەک باسمان کرد مانیفێست «ڕوونکەرەوەیە»، ڕوونکەرەوەی دۆخێک کە لە پێشدا هەبووە بەڵام نەبینەراوە، وە بە نووسینی مانیفێست لە مژوودا دەردەکەوێت.

یەکەمین هەوڵ بۆ ڕوونکردنەوی مژووی ئەدەبی جیهانی بە نووسینی مانیفێست، لە ساڵی 1886 زاینی لەلایەن (ژان مورئاس) بە باوکردنەوەی (مانیفێستی سەمبۆلیسم) لە ڕۆژنامەی فیگارۆ ڕووی دا. بەدوای ئەو مانیفێستگەلی ئەدەبی وەکوو فۆتۆریسم، دادائیسم،سوررئالیسم و… نووسران. بۆ گومان هێل و مۆرجێک کە ڕۆژاوا تێیدا بەسەری دەبرت لە بەدی هاتنی ئەو مانیفێستانە کاریگەری هەبووە، ئەو دۆخە مژوویی ڕۆژاوا بە ئاشکرایی لە دەقی هەر یەک لەو مانیفێستیانە بەدی دەکرێت-_ بڕوانە مانیفێستی دادائیسم یان سوررئالیستەکان_.

لە مژووی ئەدەبیاتی کوردی هەر بەم شێوە کە دەقێکی ئەدەبیمان نیە کە ناوبانگی جیهانی (جیهانی مۆدێرن) هەبێت تا هێستاش مانیفێستێک نەنووسراوە کە بتوانێ وەکوو مانیفێستە جیهانییەکان ڕەنگدانەوەی لەسەر ئەدەبی جیهانی هەبێت. هەبێت ئەمە کارێکی زۆر دژوارە و لە توانستی وێژەی زۆرینەی نێتوەکاندا نیە چ بگاتە ئەدەبی لاوازی کورد!. هێی ئەو کەم و کۆریانە زۆر هێو لایەن دەگرێتەوە کە لەم وتارەدا جێگای باسی

نییە. بەڵام ئەگەر سرنج بدەینە مێژووی ئەدەبی کوردی، چاومان بە چەند دەگەوت کە بەناوی مانیفێستی ئەدەبی بەناو بوونەوە و ساناکیش لەلایەن نووسەرانیان دەقی بە نووسراوە و ساحیبی بەرهەمی ئەدەبی بوون. ئەو مانیفێستانە تەنیا لە ناو ئەدەبی کوردیدا هەنگ دانەوەیان هەبووە و تەنانەت ئەدەبی دراوسێیەکانی کوردیشیان ژێر کاریگەری خۆیان نەداوە. بە گومان یەکێک لەم هۆیانە دەگەڕێتەوە ئەوەی کە دەقی مانیفێستەکان تەنیا باسی باردۆخی کوردستانی کردووە و بنەمایەکی فیکری لە فەلسەفە و زانستی جیهانییان پێوە دیار نەبووە،وە لە لایەکی تریشەوە دەقێکی ئەدەبی لەلایەن نووسەری کورد بەرهەم نەهاتووە کە بتوانێ لە ئاستێکی جیهانی و جیاواز لە مێژووی ئەدەبی جیهانی خۆی نیشان دات. بە گومان هەروەک باسمان کرد، ئەم کەم و کوڕیە هەگەلی جیاوازی هەیە کە بەشێکی زۆریان شیاوی باوەڕ و پاساوی دروستی هەیە.

لەم وتارە بە کورتی باسی سێ مانیفێستی ئەدەبی دەکەین کە تاهێستا هەر بەو شێوازەی کە ئەدەبی جیهانی مانیفێستی نووسیوە نووسراو و بەناو کراونەوە و جەماعەتێک نووسەری لە خۆ گرتووە. ئەم وتارە تەنیا هەوانگێکی مێژووری و شرۆڤەکی کوورتی هەیە بەسەر ئەم سێ مانیفێستە، وە لە هەوڵی خوێندنەوەی ڕەخنەیی بنەما فیکرییەکان یان کەم و کوڕی شێوازی نووسینی مانیفێستەکان نییە. جێگای ئاماژەیە جگە لەم سێ مانیفێستە دەقیتر بە ناوی مانیفێست لە وێژەی کوردیدا نووسراون_ وەکوو مانیفێستی دووهەمی وەران لە فەرهاد پیرباڵ و چەن مانیفێست لە سەباح رەنجدەر _ کە بانگەوازی جیاوازی و نوێخوازی دەکەن. ئەوەی کە ئەم دەقانە دەنێ ژێرخانێی مانیفێست یان نا؟، وە هەروەها ئایا لەسەردەمانی داوخان و تێکشکانی گشت کاریزما و «دەقە دەستوورییەکان!!» دیسانەکە مانیفێستە لەم چەشنە، وەکوو ساڵانی هەوڵی سەدەی بیستەم کاریگەری هەیە؟، دەچێتە باسێکی ترەوە کە لە مەبەستی ئەم وتارە کورتەدا نییە. لەم وتارە لەپێشدا بە کورتی فەزا و هەل و مەرجەکانی هەرەمی کوردستان_وەکوو نووسەرانی یەکەمین مانیفێستی وێژەی کوردی_ باس ئەکەین و لە دووایی دەچینە سەر باسی گرووپی هوانگ و کفری. لە بەشی کۆتایی باس لە مانیفێستی داکار _وەکوو یەکەم مانیفێستی کوردستانی ئێران_ دەکەین.

نوێخوازی پاش گەران:

قۆناغی یەکەمی نوێخوازی (شێخ نوری ، گەران و…) هەر وەکوو

شەعری کلاسیک زیارت خێی لە ڕۆمانسیزمتی شەعری ئەدا و لە بواری ناوەڕۆکدا بە هەستی ناسکی شەعر غەنایی دەتە ئاژمارەوە. ڕۆمانسیزمتێک کە لە بازنەی سروشت، نیشتمان پەروەری، ژن و ئەندیشەدا بوو(3). پاش شەڕی جیهانییەکە ئەم هەوتە شەعرییە نزیک دەبێتەوە لە ریالیزم. شێوەی ڕۆمانتیستی و زیاتر ریالیستی تا ساڵەکانی حەفتای زاینی شێوازی زاڵی ئەدەبی هەڕەمی کوردستان بوو و درێژەی تا ئەو ساڵانە(١٩٦٠-٧٠) لەلایەن نووسەرانی ئەدەبی کە زیاتر شاعیر بوون هەیە. بەڵام لە دەیەی حەفتای زایینی گەشەی سیاسی هەڕەم، بەدەرکردنی بەیاننامەی یازدەی ئازار کە تێیدا دان بە مافە هەواکانی گەلی کورد ئەدات هەڵەکی نوێ بە دەرەتان لە فەزای چەق بەستووی سیاسی- کۆمەڵایەتی سازدەکات. ئەم فەزایە دەبێتە هۆی بەدی هاتنی چاپەمەنی و گۆڤار و ڕۆژنامەی نوێ کە تا ئەو سەردەمانە هەڵی خێ دەرخستنیان نەبوو(4) لە هەمان کات دا یەکیەتی نووسەرانی کورد دادەمەزرێت و چەندین دامو دەزگایی ڕۆشنبیری و ئەدەبی پێک دێت. هاوکات لەگەڵ ئەم گۆڕانکاریانە بزاڤێکی سیاسی نوێ لە ئارا دابوو کە سەرگەرمی پێکهێنانی ڕێکخستنی نوێ بێ ئایتەرناتیڤکی سەرکردایەتی لە بزووتنەوی نەتەوە خوازی ئێو دیوی کوردستان بوون. ئەم هەڵ و مەرجە سیاسییە و گۆڕانکاری ئەدەبی جیهانی لە سەدەی بیستەم بە دەرکردنی چەندین مانیفێستی ئەدەبی، دەخێک بێ ئەدەبی کوردی بەدی دێنێت کە لە بازنەی (ئەدەبی نوخوازی گۆران) بێتەدەڕ. فەزای سیاسی کراوەتر لە لایەن ژمی بەعس و بەدی هاتنی کەبەندێک لە گۆڤار و ڕۆژنامەی کە باس لە ئەدەبی نوخوازی جیهانی دەکەن، هەستی بەرتەنگی ئەدەبی ئەو سەردەمەی کورده دێنێتە بزوان و بانگەوازی نوخوازی لە قەڵەمی گەڵێک نووسەر دێتە ئاراوە.

تازەگەری ئەدەبی ئرووپا ئەم جارە نە لە لای ئەدەبی تورک (وەک سەردەمی شێخ ساڵح و گۆران بێ نیهزەتی فەجری ئاتی و سەرکردایەتی تەفیق فیکرەت) (5) بەڵکوو لەلایەن ئەدەبیاتی عەرەب بە ئەدەبی کورد گەیشت. مانیفێستی 1969ی بەغدا(شاعیرانی عەرەب) و مانیفێستی 1968ی شاعیرانی مەسری و دەرچوونی کۆمەڵە گۆڤاری(الکلمه،الاداب،شعر 69 و مجله الشعر) لە ئەدەبی عەرەب و هەخنه و شەعری شاعیرانی نوخوازی وەکوو (یوسق الخال، بدرشاکر السیاب، ئەدۆنیس، ابراهیم جیرا) و ئاشنایی ئەدەبی کوردی لەگەڵ گۆرانکاری ئەدەبی جیهانی لەم ڕگە،

هەڵکی گونجاو بۆ نوێخوازی پاش گۆران لە ئەدەبیات هەخساند. ئەدەبی عەرەب لە شەستەکان بە پێچەوانەی ئەدەبی کوردی بە کاریگەری شیعری لوبنان بەرەوروی گەشکی شیاو ببوە(6). ئەم هەوتە لە ئەدەبی عەرەب و ئاشنایی شاعیرانی کورد لەگەڵ گۆرانکاری ئەدەبی سەدەی بیستەم و کرانەوەی فەزای سیاسی کوردستان بوو بە هۆی هاتنە ئارایی دوو دەستە و گرووپی شیعری نوێخواز بە ناوی «ڤانگە» و «کفری». هەڵبەت لەکەنار ئەم گرووپانە شاعیرانی وەکوو رەفیق سابیر، پەشۆ، ئەنور قادر محەمەد یان لە ساڵەکانی دوایی گرووپی تەلیعەی هەولێر(مەهاباد قەرەداغی، جەلال بەرزنجی، محەمەد عمر عوسمان و..) هەبوون کە کاردانەوەی زۆریان لە شیعری کوردی هەبوو. بەم یەکەمین مانیفێستەکانی ئەدەبی کوردی لەلایەن ئەم دوو گرووپە ئاراستەی مۆژووی وڕژی کوردی کران. چەشنێک نوێخوازی و گەش لە ئەدەبیات دەیەی حەفتا هاتئارا کە ئەدەبیاتی کوردیش هەڕ بەشوازی ئەدەبی جیهانی ویستی نوێگەری و دەربڕینی خۆی بە مانیفێست ئەنواند. هەڕ چەند شوازی تازەگەری دوو گرووپی-ڤانگە و کفری- هەڕ لە دژ و قناغێکی تایبەت رووی دا و لە بەشێکی زۆری ئەدەبی دا وێنای یەک ئەکەن بەڵام هیچ کات یەکتریان نەگرت. لە ڕاستیدا ئەم وێک چوونە لە زۆر جێ لە بواری ناوەرۆک- هۆیەکەی دەگەڕێتەوە قناغەتایبەتیەکانی مۆژوویی کوردستان.

مانیفێستە ئەدەبییەکانی کوردی:
ڤانگە:

مانیفێستی ڤانگە لە ژێر ناوی بانگەوازی ڤانگە بە ناوی «بانگەوازێک لە ڤانگەی ئەدەبی نوێمان»، بۆ یەکەم جار لە ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارەی 15، ساڵی یەکەم (25/4/1970) لە (سلێمانی) بڵاو بۆوە. بانگەوازی ڤانگە لە ژێر دروشمی (وتەی نوێ، بیری نوێ، کرداری نوێ) بە واژۆی شەرکێ بەکەس،حسێن عارف، جەماڵ شارباژێری، جەلال میرزا کەریم و مەم بۆتان، لێشاوێک لە نووسین و لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی ئەدەبی هێنایە ئارا. شەرکێ بەکەس ئەگەڕێتەوە:"لە دووا بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی ڤانگە لە ڕۆژنامەی هاوکاری خەڵک بۆ خوێندنەوەی ئەم ڕۆژنامە سەفیان ئەکەشا"!!(7) هاوکات لەگەڵ لایەنگرانی زۆرینەی ئەم ڕەوتە، جەماعەتێک لە نووسەران کە لایەنگری چەپی کلاسیک بوون،

بەرهەمستی بۆچوونەکانی گرووپی ڤانگە لە ئەدەبیات بە تایبەتی و بەگشتی چەمکەگەلی سیاسی_کۆمەڵایەتی ئەو نووسەرانە بوونەوە. بە واتایەک ئەم هەوتە ئەگر لەلایەن بەشکەوە پەسندکرابوو، لەلایەکیشەوە جەماعەتی چەپی سیاسی بەرەنگاری دەبوونەوە.

ڤانگە کە دروشمی «ئەدەبیات بۆ هەڵوەتە(نوخبە)ی» لە قاو ئەدا کەوتە ژێر هەژموونی چەپی کلاسیکی ئەو سەردەمە کە ئەدەبیاتی بە شێوازی ئەدەبی ئیستالینی لە بازنەی ریالیزمی سۆسیالیستی و شۆرشگێرانە ئەخوێندەوە و نووسەرانی ڤانگەیان بە(وردە بۆرژوا) ناو ئەبردو و بیری (ڕوانگەچییەڵ)کانییان بە بیری کەڵم سنووری نەتەوی ئەژمارد. هەڵبەت ئەڵم نوخبەگەرایی لە شێعری ڤانگەدا سیفەتێک بوو کە هەژموونگرانیان بە شێعری ڤانگەیان ئەدا، بەکار هێنانی زمانی ئاسایی خەڵک یەکێک لە شێوازەکانی شێعری ڤانگە بوو، ئەمە بە باشی لە شێعری (شەڤامی کچان)ی شێرکۆ بێکەس دەرئەکەوێت(8). بەگشتی ئەتوانین بڵێین کە گرووپی ڤانگە لەم چەند بیرکەیەدا کۆبەندە کەیەن: (ئەدەبی بێسنووری-جیهانی، بانگەشە بۆ ئەدەبی کوردی هاوچەرخ و مۆدێرن کردنی ئەو، بەرجەستەکردنی بیری نەتەوەیی، باوەڕ بە ئەدەبی هەمەڕەنگ، ئەدەبی دژەوی مۆزوو و سەقام گیر لەسەر بنچینی خۆی، هێنانە ئارای بابەتی ڕەمزی و سیمبۆلی لە زمانەدا، دەرچوون لە ئاستی تەقلیدی زمانی پێشووی شێعر، هێنانە ئارای وێنای تازە بۆ ناو شێعر). ئەم چەمک و بیرکانە لە ئاستی زماندا خۆیان ئێنواند. بە وتەی شێرکۆ بێکەس:"ڤانگە زەنگێکی ناو زمان بوو یان ڕاچەنینێک بوو لەو جەستەیەدا، هاوارێک بوو بۆ نوێکردنەوە" (7). گرووپی ڤانگە بۆیان وابوو،«دواجار نابێ شاعیر بە دەزەرەوەی چەند کیشوەرێکی دوژمن و دەست دابنرێت، بەڵکوو شاعیر خۆقەڵەنەری چەند دنیایەکی نوێیە کە لێگەڵ ئەو دنیایەدا سازداری هەیە و لە پێناوێدا دەمرێ، تەنیا لەوێدا شاعیر دەتوانی بە هەمنی و ئاشتی پاکەوێ، دوور لە جیهانی پیلانگێران و کوشتن».

شێعری (کۆچ)(1975) لە شێرکۆ بێکەس وەکوو نموونەی بەرچاوی ئەم هەوتە لە شێعری کوردی دێتەئەژمار. کاریگەری شاعیرانی نوێخوازی عەرەب، وەکوو مەحموود دەرویش، ئەدۆنیس و فازێ عەزاوی لەسەر شێعری بێکەس هەنگدانەوەی لە دیوانی کازیوە و

سروودی کۆی بەرچاوتر دەبەتەوە.

هەرچەن زمانی شیعری ڤانگە- _بە وتەی ڕەخنەگران و لە بڕگا بە وتەی خۆیان-_ بە خەیکی ئاسایی نەبوو، بەڵام لە رووی ڕزمان و پاکردنەوەی فەرهەنگی کوردی لە وشەی بیانی و دەستبردن بۆ خەیاڵ و وێنەی شیعری و وێنا هونەرییەکان، داهێنانی بەرچاویان کرد. هاتنە ئارای گرووپی ڤانگە لە دەیەکانی حەفتا بوو بە هۆی شڤاندن و گیان پیدانی نوێ بە ئەدەبی سۆ و پەک کەوتووی ئێو سەردەمە، واتە گیانێکی نوێی بە وێژەی کوردی بەخشی. هەر ئەم مانیفێستە دەرگایەکی نوێ بۆ هەخنەی ئەدەبی کە تا ئەو کات بوونی نەبوو ئاوااڵە کرد و دەستەواژە و بیرکەی نوێی ڕەخنەی ئەو سەردەمانی ئەدەبی جیهانی هێنایە ناو بازنەی وێژەی کوردی. شیعری ڤانگە توانستی ئەوەی هەبوو ترس لە کۆن باوەکان بشکێنێت و لەسەر پرسی ژن هەڵبەدات و بانگەوازێکی بوێرانە وەک « ئەی قەڵەمە نەترسەکان یەکگرن» دەرکات.

کفری:

لە شەستەکانی سەدەی بیستەم گروپێکی لاوی بەهرەمەند لە شاری کفریدا پەیدابوون کە زیاتر سەرقاڵی خوێندنەوەی ئەدەبی و نووسین لەم بوارەدا بوون تا بیرکەیەکی سیاسی، دواتر ئەم کەمەڵە بە گرووپی کفری ناسرا و ڕۆڵی بەرچاویان لە نوێگەری خوڵقاند، و کاریگەری زۆریان لەسەر گەنجان و لایەنگرانی ئەدەبی دانا. هەرچەندە ئەوان مەژووی دروستبوونیان بۆ زۆر دوورتر دەگەڕێنەوە، بەڵام مانیفێستی ئەم گرووپە لە 14/7/1971 لە کۆنگرەی دووهەمی نووسەرانی کورد لە هەولێر بە واژۆی (لەتیف هەڵمەت و فەرهاد شاکەلی) بڵاو بۆوە. لەتیف هەڵمەت دەڵێت:"لەئامادەیی کفری زۆری هەشتی شوباتی 1965 گرووپی کفری دامەزرا". ئەگەرچی بەیاننامەی دامەزراندنیان واژۆی دوو کەسی لەسەر بوو، بەڵام ئەوان نکۆی لەوە ناکەن کە لەبنەڕەتدا بریتی بوونە لە پێنج کەس(لەتیف هەڵمەت، فەرهاد شاکەلی، لەتیف حامد، سەلام داماو، ئەحمەد شاکەلی).(٩) هەڵمەت لەم بارەدا دەڵێت:"من و شاکەلی بەیاننامەیەکی دەستخەتمان بەسەد نوسخە دابەشکرد بەسەر ئەندامانی بەشداربووە دووەم کۆنفرانسی یەکێتی نووسەرانی کورد کە لەهەولێرساز کرا. بەڵام هیچ گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوە و کەناڵێکی ڕاگەیاندنی ئەو سەردەمە ئامادە نەبوو ئەو بەیاننامەیەمان بۆ بڵاوبکاتەوەی

چونکه هەردووکمان و بەیاننامەکەشمانیان بە ئاژاوەچی و ئاژاوەگێ دەزانی)(١٠). ئەم مانیفستە بەناوی (شتەکان/سەرنج/هەوەست/پێژە) لە ساڵانی دووای لە چەن گفار بڵاو بوەوە.

گرووپی کفری تخ گرووپکی ئەدەبی بوون و بەشوەی وانگە سەرقاڵی کشەگەلی سیاسی نەدەبوونەوە هەر بیەش لەو سەردەمانەدا بە نیسبەتی گرووپی وانگە لە پەراوز کەوتن. ئەم لە پەراوز کەوتنە زیاتر بخاتری نەبوونی دەم و دەزگای اگەیاند و گفار و رژنامەی بردستی جماعەتی کفری بوو، لەلایەکیترەوە هەروەک باسمان کرد گرووپی کفری گرووپکی تخ ئەدەبی بوون و بەنیسبەتی وانگە هەوستی سیاسیحیزبییان نەبوو،هەر بیەش دەزگا حیزبییەکان زر خیان تنەدەگەیاندن. لەتیف هەمەت دان بەوە دەنت و د: "هکارەکە راگەیاندن نەبوو بەکو ئەوە ئەمە بووین دوور بووین لەئایدیلژیا ئەوەش وایکرد فەرامش بکرین و ئاوەمان لێ نەدرتەوە"(10). ئەو گرووپە لەمیدیای کوردیدا بەتایبەت لەدوای بەیاننامەی یانزەی ئازاری 1970 نەیانتوانی سوود لەمیدیای ئەو سەردەمە وەر بگرن.

لە پەاوز کەوتن و مەیلی بەگرانکاری لە وژەی کوردی دا تا ادەیەک ناککی نوان دوو گرووپی وانگە و کفری ساز کرد. ئەویش دەگەیشتەوە سەر ئەو کشەیەی کە کام گرووپ زووتر دەستی بەنوخوازی لە ئەدەبیات کردو؟!. بەام کاتێ قسە لەکنترین مژووی تازەگەری ئەو قناغە دەکرت لەتیف هەمەت بەگەیەك دنتەوە کە گرووپی کفری بەر لەوانگە دەرکەوتوون بێ ئەوەش دەت: " دیوانی (خوا و شارە بچکلەکەمان) پش وانگە بڵاوبتەوە") (٩). قسەکردنی هەمەت لەبارەی مژووی ئەم گرووپە پەیوەستە بە بەرهەمەکانی خیەوە، کە دیوانی (خوا و شارە بچکلەکەمان)ی بەر لەاگەیاندنی وانگە بڵاوکردتەوە. ئەم کتبەی هەمەت بێ ئاشکرایی تازگەری تدایێ کە حتا جماعەتی وانگە دانی پدادنن.

شاعیرانی ئەو گرووپە بوای تەوایان بەوە هەبوو کە پویستە رحکی نوێ لە جەستەی ئەدەبیاتی کوردی بکرت. ئەم مەبەستەێ لە مانیفستەکەیان ئاوا باس دەکرت: «هەبەستی کوردی هشتا دیلی ئەو قاوغەیە کە هەر بە منداڵی کراوەتە پیلانەی، کاتی ئەوە هاتووە کە ششك بەرپابکەین بەسەر هەموو ئەو دەستوور و یاسا و ژمانەدا کە تاکوو ئستا هەبەستی کوردی شەتەکداوە، گانیش بێ

شکش نابێت». بیرکە و بۆچوونەی کفری بەرەوروی هەخنە و سەرنجکی زۆر لەلایەن شاعیران و هەخنەگران بوە. هەخنەگرانی کفری بەتایبەتی ئاماژەی بەو خاڵە سەرەکییە لە مانیفستی کفری دا دەرکرت کە تێیدا هەتکردنەوەی بەرهەمەکانی پێش خۆیان لە قاو ئەدا،« دەسا با بە ترس، دان بەوەدا بنێین کە هەرچیمان هەیە تەنها تاقیکردنەوەیەکی سەرنەکەوتووە، بۆیە ئێمەش کەلەپووری هونراوەییمان بەشوەیەکی گشتی بەدواوە ئەدەین و لێی یاخی ئەبین و سزای پشتگوخستن و بەرەاکردنی بەسەردائەدەین ». هەمەت لەمبارەوە ئاماژە دەکات:"ئێمە بۆوامان وابوو کە کورد هیچی نییو دەبێت ئەدەبی کوردی لەئێمەوە دەست پێبکات" (١٠).

داکار:

شەعری کوردستانی ئێران لە دووا کچی سوارە ئیلخانی زادە، کەسکی وەها لێهاتوو و بە توانستی،لێ فەزای شەعری ئەزموون نەکرد. هەر بۆیە کەوتە ژێر کاریگەری شەعری ئەو دیوی کوردستان بەتایبەت گرووپی وانگە_ هەبەت کاریگەر شاعیرانی وەکوو رەفیق سابیر و پەشۆیش لەو سەردەمە زۆر بوو_. کاریگەری شەعری باشوور تا ئەو ڕادەیە بوو کە زۆربەی شاعیرانی کوردستانی ئێران قەیران و کارەساتەکانی کوردستانی عێراقیان بە شەعر ئەنووسییەوە(بۆ نموونە دەیان شەعر لەسەر کیمیابارانی هەڵەبجە دەهۆنراوە،بەڵام باسی کیمیا بارانی سەردەشت و نەدشێ نەدەکرا!!). ئەم کاریگەریە تەنیا لەبەرهەمبەر بابەتی شەعریدا نەبوو، بەڵکوو لە فۆرم و تەنانەت بەکار هێنانی وێنای شەعری و وشەی شاعیرانیشدا خۆی ئەنواند. سوژەی شەعری کوردستانی ئێران هەمان سوژەی ئەنفالکراوی شاعیرانی باشوور بوو. ئەم هەوتە تا ساڵانی دەیەی حەفتای هەتاوی(دەیەی نەوەدی زایینی) بەردەوام بوو. ئاشنایی کەمەڵک شاعیری گەنجی ئەو دەم لەگەڵ قوتابخانە و چەمکگەلی فیکری ڕۆژئاوا _ پاش پێکهاتەخوازی، هیرمنۆتیک، بنەماشکێنی و..._، بوو بە هۆی هەست کردن بەم کەموکوڕیە لە شەعری کوردستانی ئێران، وە لە هەوڵی دەرەتانێک لەو فەزا تەقلیدییە بەرهاتن. ئەم جەماعەتە کە لە مەڵبەندی هەڵکەوتن، لە ماوەی نزیک بە دوو ساڵ دەستیان بەداهێنانی نوێ کرد و بە نووسینی مانیفستێ لە هەوڵ و تەقەلای خۆنواندن و ئاوگۆڕی لەو فەزایە هاتن. مانیفستی ئەم جەماعەتە بە ناوی مانیفستی شەعری جیاواز

«داکار»، لە ساڵی 1998 لە حەوتەنامەی سیروان بە واژەی 9 کەس بڵاو بووە. ئیبراهیم ئەحمەدی نیا وەکوو یەکێک لە نووسەرانی ئەم مانیفێستە لە وتاری (خوێندنەوەیەک بۆ بەیاننامەی شیعری پێشڕەوی کوردی (داکار)) دەڵێت:"لە ١٧/١١/١٩٩٧ دا بەیاننامەی سەرتایی داکارمان نووسی وچوار کەسی واژەمانکرد(ئازاد رێستەمی، ئیبراهیم ئەحمەدی نیا، بەهزاد کوردستانی، پەرویز ئەحمەد- کە دوای چەند مانگێک گۆڕایەوە بۆ سەلەمانی)، شەش مانگ دوای ئەوە بەیاننامەی داکار نووسرا (11)"ئەحمەدی نیا لەم وتارەدا درێژەی ئەم باسە ناگرێت کە هەی چییە مانیفێستەکە واژەی 9 کەسی پێوەیە دیارە لە حاڵێک دا هەر ئەم چوار کەسە (ئازاد رێستەمی، ئیبراهیم ئەحمەدی نیا، بەهزاد کوردستانی، پەرویز ئەحمەد) نووسەران و پێشرەوانی ئەم داهێنانە بوون و لە دووا بڵاوبوونەوەی مانیفێستەکەش شاعیرێکی وەهامان نەدی کە بەم شێوازەی داکار شیعر بهۆنێتەوە.

داکار لەم مانیفێستەیەدا بنەما فیکریەکانی لە سێ بابەتی بنەڕەتی کەبەندی دەکات:«گۆڕانکاری لە پێکهاتەی فیکریی شاعیر و ماهیەت و چییەتی شیعر، کارکردی زمان بە شێوەیەکی جیا لە زمانی سواوی ئاخافتن و ئەدەبی سەردەم، گۆڕانکاری لە فۆرم و کێشی شیعردا». لە مانیفێستەکەی داکار هەوڵ بۆ خەڕباز کردن لە هێژمۆنی شیعری کوردستانی ئەو دیویی بۆ رووبی پێوە دیارە. داکار وەکوو یەکەمین مانیفێستی ئەدەبی کوردستانی ئێران تا ماوەیەکی کەم جەماعەتێک لە شاعیرانی سەرقاڵی خۆیەوە کرد کە لەوانە هەر واژە کەرانی بەیاننامەکە بەرچاو بوون. ئەم مانیفێستە کە وەکوو هەر مانیفێستێک بانگەوازی پێشرەوی و جیاوازی لە ئەدەبی پێش و سەردەمی خۆی لە قاو ئەدا، تێکۆشاوێک بوو لە قوتابخانە فیکریەکانی رۆژئاوا-_ لە پێکهاتەخوازی تا بگرە تا دەگاتە فەلسەفەی زمانی یاکوبسنی و دەروون شیکاری فرێیدی_-. هەر بۆیە بەشێکی زۆر لە مانیفێستەکە نایەتە خانەی یەک لایەنی قوتابخانێکی تایبەت و شرۆڤەی فەلسەفێکی تایبەتی پێوە دیار نییە. بەکار هێنانی ئەم گشت چەمک و بنەما فیکریانە کە هەریەک لە قوتابخانەیەکی فیکری تایبەت دەدۆن، بەپەلەیی و ناکامڵی زانستی نووسەرانی داکار لە هەڵسووکەوتی فیکری ئاڕووپا نیشان ئەدا. زانست بەسەر جیاوازیەکانی مۆدەرنێژی، ئۆپیستەمۆلۆژی، و ئانتاڵۆژی پارادایمگەلی رۆژئاوا ئەم کێشەی تا ئادێکی زۆر چارەسەر دەکرد. هەر بەم شێوە کە ئەحمەدی نیا دەڵێت:"نووسین و

بـاوکردنـەوەی داکـار کـارێکی بەپەلـە بـوو" (11). بـۆ گومـان یەکێک لە هۆیەکانی ئەم کەموکوڕیە خراپی و بەپەلە نووسینی مانیفێستی داکارە. لە باس و خواستی هۆی سەرنەکەوتنی داکار- بەم شێوازە کە ڕوانگە و کفری سەرکەوتن- ئاکرێت بە لایەنی جیاواز ئاماژەکەین کە لەوانـە ئـاتـوانین فەزایـی مـێژووی ئەدەبی کوردستانی ئێران و کوردستانی ئێراق بێت.

یەکێک لە کێشەکانی داکار بـاوبوونەوەی مانیفێست پێش بـاو کردنەوەی دەقێکی شیاوی شێعری کە هەڵگری گشت ئەو بەڵگانە بێت کە داکار باسی لێوە ئەکات، لە واقیع دا خوێنەر پاش خوێندنەوەی مانیفێستەکە هیچ دەقێکی ئەوتۆی بیرنەدەکەوتەوە کە بەم شێوە دارژترابێت. لەڵایەکیترەوە ئیدعا و ئارەزووی نووسەر بەمانای توانسی ئەو نییە!. واتە نووسەر ئاتوانێت بـیار دەرکات بەڕام چەند توانایی بۆچ گەیاندنی ئەو بـیارانەی هەیە خۆی باسـکی گـرینگە!. هـەر دوو گرووپـی ڕوانگـە و کفـری-_ بەتایبەتی کفری_- پێش بـاوکردنەوەی مانیفێست، کتێب و دەق گەڵکی ئەدەبیان بـاوکردبوو کە هەنگ و بـۆی نوخوازی پاش گـرانی لێوە دەهات، بەڕام داکار جیا لە چۆن شێعر، کتێب یان دەقێکی شیاویان ئارستەی فەزای ئەدەبی نەکردبوو . ئەم شێوازە واتـە بـاوکردنەوەی دەق_وەکـوو کـۆنشـک_ پـێش دەرکردنـی مانیفێست، هەوتێکی هەمیشەیی مانیفێست نووسی بووە،- بـۆ نموونە دادائیستەکان لە ساڵی 1916 تا 1921 حەوت مانیفێست و یەک پاشکۆی مانیفێستیان بـاو کردوە کە بەردەوام لەو ساڵانەدا خەرێکی بەرهەم هێنان نوێ بوون و بە مانیفێست ئەم هەوتەی خۆیان پیناسە دەکرد-.

هەرچەند داکار نەیتوانی وەک کفری و ڕوانگە ڕەوتێکی سەقام گیر لە ئەدەبیات بـنـتـێ ئاراوە، بەڕام یەکەمین هەنگاوەکانی نوخوازی پاش سواریان هەڵنایەوە. جەماعەتی داکار یەکم کەسانێک بوون کە دەستیان دا بـۆ حەول و تەقلایەک بـۆ دەزینەوەی دەرتانێک و دەربازێک لە هەژمەنییای شێعری باشوور. ئەم هەنگاوەی داکار تا ڕادەیەک مێشکی خوێنەرانی بە وێنا و زمانی نوێ لە شێعر ئاشناکرد_بەتایبەت لـە پێکهـێنـانی چەکانەکانی شێعـریدا_-. پێشرەوی داکار لە ساڵانی دووای بوو بە هاندەری شاعیرانی ڕۆژهەڵاتی کە هەستا، و لەو سەردەمە جیاوازی خۆیان لە قاو ئـەدەن و وەی ئـەم پـێشرەویـیـان وەبـەر دێ کەوتـوو. هەڵبەت تا چ ڕادەیەک هەنووکە، شێعری شاعیرانی کوردستانی

ئەران ئەم جیاوازیەی تێدا بەدی دەکرێت؟ و ئایا شێعر وەکوو شێعریەتی خۆی تا چەندە لە دەقی ئەم شاعیرانە هەبوونی هەیە؟ و تا چ ڕادەیەک دەقی ڕەخنەی سەر نووسراوەکانی ئەوان هەڵگری چەمکێکی فیکری و بنەمایەکی فەلسەفی لە ڕەخنەی ئەدەبییە، خۆی باس و خواستێکی دیکەیە.

سەرچاوە و پەراوێزەکان:

١).شرط مانیفیست. مرتضی پور حاجی. فصلنامە قال و مقال/ شمار یک
٢)مانیفیست و تلقی از آن گفتمان شعر مدرن و پسامدرن فارسی (علیرضا رعیت حسن آبادی). فصلنامه تخصصی نقد ادبی.سال ٨. شمارە١٣٩٤،٣١،.صص ٦٥-٩٠
٣.وێنەی شیعری لە ڕۆمانسی کوردی دا، عبدولقادر محەمەد ئەمین،. سلێمانی ٢٠٠٢،چاپ و پەخشی سەردەم
٤)ئاوێدانەوەیەك لەمڕووی ئەدەبی کوردی ، حسێن بەفرین، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ.. 16/3/2011
٥) تەفیق فیکرەت و شاعیرێ نەخوازکانی کورد،.ئەحمەد تاقانە، هەولێر٢٠٠١، چاپ و پەخشی ئاراس
٦)" روانگە " و مڕوویەک لە ململانێی ئەدەبی و سیاسیی نەوەیەک ئەدیب و نووسەری کورد
٧)ڕوانگە…هەنگاوێك لەسەر ڕێگەی نوێخوازی ،شەرکێ بکەس، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، 9/12/2012
٨)دەروازەیەک بۆ ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی، دکتۆر هیمداد حوسێن..هەولێر.٢٠٠٧. چاپ و پەخشی موکریان
٩(گرووپی کفری وەك یەکەم مانیفێستی تازەگەری ئەدەبی ، نیهاد جامی ئەدەب و هونەر، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ 18/7/2012
١٠) بەیاننامە: کات وشوێن و شەقام ، لەتیف هەلمەت
(11خوێندنەوەیەک بۆ بەیاننامەی شیعری پەشۆوی کوردی (داکار)، ئیبراهیم ئەحمەدی‌نیا، مۆبیلپەری ئاماژە.(amazhe.com)